# سورەوەردی لەزادگایەکی کوردەوارییەوە بۆ جیهانییەتی فەلسەفە

## سورەوەردی
## لە زادگایەکی کوردەوارییەوە بۆ
## جیهانییەتی فەلسەفە

سربەست کەرکوکی

ناوی کتێب: سورەوەردی لە زادگایەکی کوردەوارییەوە بۆ جیهانییەتی فەلسەفە
بابەت: لێکۆڵینەوەی ئەدەبی
نووسەر: سربەست کەرکوکی
دەرهێنانی هونەریی: ئەنجام سەعید بابان
زنجیرە (١٧٣) لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی ڕوناکبیری و کۆمەڵایەتی کەرکوک
سەرپەرشتیی چاپ: نەوزاد عەلی شێخانی
چاپخانە: کارۆ
تیراژ: (٥٠٠)دانە
چاپ: چاپی یەکەم
ساڵی چاپ: ٢٠١٣ – کەرکووک

# پێڕست:


– سەرەتا ........................................لاپەڕە ٤
– سورەووەردی کێیە؟ ................................لاپەڕە ٩
– ئەو دەورو زەمانەی سورەووەردی تێیدا ژیاوە ...لاپەڕە ١٣
– بۆچی سورەووەردی بۆ حەڵەب کۆچیکردووە؟ ....لاپەڕە ١٩
– سورەووەردی بۆچی کوژرا؟................. لاپەرە ٢٤
– سورەووەردی و ڕەخنەگرتن لە فەلسەفەی(مەشائی).... لاپەرە٣٤
– فەلسەفەی ئیشراق (ورشەیی) چییە؟....... لاپەرە ٤٠
– سەرچاوەکانی فەلسەفەی ئیشراق ............. لاپەرە ٤٧
– ڕووناکی ڕووناکییەکان لە فەلسەفەی سورەووەردیدا.... ٥٥
– ئایا سورەووەردی بەردەوامیی (ئیبن سینا)بووە؟ ..لاپەڕە ٥٨
– کێن ئەوانەی لەپاش سورەووەردی ئیشراقیەتیان کردووە؟ ٦٢
– بەرهەمەکانی شێخی شەهید (سورەووەردی) ...... لاپەرە ٦٥
– سورەووەردی چی پێشکەشکردووە بە عالەمی ئیسلامی .. ٧٤
– سەرچاوەکان ......................................لاپەرە ٧٩




# سەرەتاییەک:

باو نییە ئینسان تێبکۆشێت بۆ مەبەستێ، هەوڵ بدات بۆ کارێ، یاخۆ هیلاک بکات بۆ شتێ، ئەگەر هۆگری ئەو شتە و سەودای ئەو مەبەستە و ویستی ئەو کارەی نەبێت. چونکە بێگومانە ویست و سەوداو هۆگری لە بادی هەواوە دروست نابن و بەڵکو بەرئەنجامی زانین و ئاکامی ناسینن. لەمەوە، مرۆڤ زێدی خۆی و کۆمەڵگای خۆی خۆش ناوێت، ئەگەر لە مێژووی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی و کولتوریی ئەو زێدو وڵاتەی نەزانێت. ئەگەر ئەوانەی نەزانی، بڕوا ناکرێت، هەست بە خۆش گوزەرانی بکات و بڕوای هەبێت بەو دەوربەرو کۆمەڵگەیەی کە تێیدا دەژێت.کە ئەو هەست و بڕواییەشی بەو ڕەنگە بوو، ژیانی تال و دونیای لێ بێ مەعنا دەبێت. واتە بێ شک خۆی بە کەم دەزانیت و هەر ئەوەندەشی پێ دەکرێت، کە ئاژەڵ ئاسا بخوات و بنوێت و ڕۆژان بە ڕۆتینی، بێ گۆڕان و بێ نەشونما و بێ کێبەرکێ و بە بێ بیرکردنەوە، بەسەر بەرێت.

بەرەواژەی ئەوانەش، واتە زانین و مەعریفەت و ناسینی کۆمەڵگا، بە تایبەتی ناسینی قۆناخ و خاڵی پرشنگداری مێژووی هەر کۆمەڵگایەک، دەبنە هۆی هەڵسان و هەڵکشان و شانازیکردن و خۆ بە مەزنزانی. لەمەوە، لەم بابەتەی کە دەمەوێت لێرەدا باسی بکەم و بیکەمە ماکی ئەم نوسینە؛ مەبەست مێژووی فەلسەفەو بەشداری ڕۆڵەکانی گەلی کورد لەو بوارەدا. عەجەبا بەرامبەر بە/ یا لەناو چوارچێوەی فەلسەفەی جیهانی، یا هەرهیچ نەبێت لە ناو فەلسەفەی ئیسلامیدا، تۆ بڵێیت، ئێمەی کورد هیچ ڕۆڵ و تەوەر و چوغزێکمان هەبووبێت؟ ئایا ڕۆڵەکانی ئەمڕۆکەمان هەقیان نییە بپرسن، بزانن کە ئایا کوردیش وەکو تاک، هیچ هاوبەشییەکی فیکرییان لە بۆ بنیاتنانی فەلسەفەی شارستانیەتی ئیسلامی هەبووە، یا خەیر؟ لە





وەڵامدا، پێش چوونە ناو باسەکە، دەڵێم، ئەرێ کۆمەڵگاکانی کوردەواری لە سەرجەمی قۆناخەکانی شارستانیەتی ئیسلامیدا، هەر بە تەنیا جەنگاوەرانی وەکو؛سەلاحەدینی ئەیووبییان پێشکەشیان نەکردووە و بەس، بەڵکو ڕۆڵەکانی، هاوبەشییەکی فیکری زۆریان هەبووە لە پرۆسەی بنیاتنان و قۆناخەکانی هەڵکشانی فەلسەفەی ئیسلامی. وە دەبێ ئەوە لەلای خۆمان و دۆستان ناحەزانیشەوە بزانرێت کە مەیدانی فەلسەفەی ئیسلامی بێ شک، قەرزاری ئەرک و هیلاکی و بەرهەمەکانی چەندین فەیلەسوفی دانسقە و دەگمەنی کوردە. کەسایەتی ئەم نوسینەش، نەک هەر یەکێکە لەو فەیلەسوفە زیندەیادانە، بەڵکو داهێنەری دووەم ڕێچکە/ڕێڕەو/ مەکتەبی مەزنی دونیای فەلسەفەی ئیسلامییە؛داهێنەری فەلسەفەی ورشەیی (ئیشراق)ە.

دەی ئەگەر وایە، ئایا ڕێگەگر لە ئاشکرابوونی ئەم ڕاستیانەو تاوێر لە ناسینی ئەم کەسایەتیانە، لەلای ئێمەدا، لە مێژووی ئێمەدا، چین و چیبوون؟ ئەو کۆمەڵە هۆکارانە کامانەن کە لەهەموو سەردەمێکدا، تاکەکانی نەتەوەی ئێمەی بەلەنگاز بێبەش بکەن لەو ڕاستی و شانازیانە؟ من لێرەدا لەگەڵ هەژاری زانستی مەعریفیم، هەوڵ دەدەم هەندێ لەو هۆکارانە، لەم خاڵانەی خوارەوەدا ریزبەندی بکەم:

١– زاڵبوونی دەسەڵاتی غەیرەو، پەردەپۆشی سەرتاپای مێژووی ناوچەکەمان بە ئایدیۆلۆژیای نامۆ؛ بۆ ماوەی زیاتر لە ١٤ سەدە، تەنینەوەی سەرجەمی نەرێت و هەڵسوکەوت و پاشانیش بیروبۆچوونە جیهانبینیە دێرینەکانمان، بە بیری عەرەبایەتی ناوزەدکراو بە بیری ئیسلامیی.لە پاش ئەو چەند سەدە (هیزە بە دەرخۆنە کردنە)ی هزر و بیری کوردانەمان (یا با بڵێین ئیرانیانەمان) شدا، لەگەڵ سەرهەڵدانی چەرخی دروستبوونی بیری نەتەوەیی زانستیانەو، لە دوا سەدەی چەرمەسەرییە نەتەوایەتێکانیشماندا، بە داخەوە هەر هەموو ڕۆشنبیریمان، بە تۆڕو تەونی بیرو بۆچوونی

1/10/2016 سورەوەردی لەزادگایەکی کوردەوارییەوە بۆ جیهانییەتی فەلسەفە Download as Pdf



فەلسەفی ماتریالیستی، نامۆ بە مێژووی کلتور ونەریتی نەتەوەو ناوچەکەمان، رووماڵکراو گۆڕیچەدرا. لەم هەموو گەمەی ئێمە هەڵخەڵەتاندنانەدا، گەوهەری وون، راستی مێژووی ئێمە بوو، دۆڕاویش لە هەموو قۆناخەکاندا، کەسایەتی نەتەوەیی ئێمەی کورد بوو.

٢ – دواکەوتەیی گشتی خودی کۆمەڵگا کوردییەکان و مانەوەیان وەکو کۆمەڵانی دووره شارستانیەت، خۆ بەخۆ هۆیەک بوون بۆ؛

– دواکەوتنی شێوازی(فیکریی و بابەتی دەربڕین) بۆ ناسینی خود و خوا و خەڵک، – شکاندنەوەی توانا هۆشمەندییەکانمان، بەسەر/ بەرەو (زانستی گواستنەوە و وتنەوە) و دووبارەکردنەوەی قسەو وتارو داستانەکان، ئیتر چ بابەتی ئاینی و چ بابەتی ئەدەبیدا بووبن.

٣– لە مێژووی دێرینەماندا، نەبوونی قەوارەیەکی دەسەڵاتی کوردی (نەک عەشایەری)، بۆ هاندان و پلاندانان و برەودان و گرنگیدان بە بیرکردنەوە لە گرنگی شارستانیانەی ئەم جۆرە بابەتانە؛ بابەتی فیکرو فەلسەفە. ئەمەش هۆکارێک بووە بۆ بەجێمان و دواکەوتنی کاروانی توانا و شاردنەوەی راستییەکانی رۆڵی کورد/یا تاکی کورد لەم بوارەدا.

بەداخەوە، ئەوەی لەناوچەیەکی بەرتەسکی نیشتیمانەکەماندا ئێستا هەمانە، واتە هەرێمی نیمچە سەربەخۆی باشوری کوردستان، لەبەر نا پسپۆرایەتی گشتی کارەکان و دورنەبینی بەڕێوەبردنی شارستانیەت و سەرخستنی کاروباری ژیاریی، بۆ کامڵبوونی ئەو ساوایەتییەی کە دەڵێن هەیەتی، لە ماوەی ئاسایی زیاتر دەخایەنێت و درێژە دەکێشێت. بۆیە هێشتا هەرێمەکە، لەو ئاستەدا نابیت و ناتوانێت لەبۆ ئەم ئەرکانە کامڵ بێت/ یا ناپرژێتە سەر گرنگیدان بەم جۆرە بابەتە فەلسەفی وفیکرییانەی کوردایەتی و کوردەواری و جیهانبینی و دنیادیدەیی نەتەوەیی.





سەبارەت بە راستی ژیان و داهێنانەکانی ئەم کەسایەتییەی لەمەڕ باسمان؛ شێخ شیهابەدین سورەوەردی، کە بە رەچە کوردەو لەدایکبووی گوندی (سورەوەرد)ی نێوان (زنجان) و (بێجار)ی رۆژهەڵاتی کوردستانە. بۆ ئێمەی کوردی ئەم چاخە، مایەی کۆڵێ خاڵی شانازی و ئیفتخارە، کە هەندێ لەو خاڵانە ئەمانەن:

١– سورەوەردی، فەیلەسوفێکی داهێنەر بووە، لە مێژووی شارستانیەتی ئیسلامیدا، چەشنی هیچ یەکێ لە فەیلەسوفەکانی تر نەبووە.بە هیچ شێوازێک، وەکو فەیلەسوفانی رێڕەوەی (مەشائی) ئەو چەند سەدەیەی پێش خۆی، لاساییکارو دووبارەکەری فەلسەفەی (یۆنانی) نەبووە.

٢– خاوەندی فەلسەفەی ورشەیی (ئیشراق) بووە. کە فەلسەفەیەکی داهێنەرانەی نوێ بووە؛ لە تێکەڵاوکردنی فەلسەفەی نەوئەفلاتوونی و هرمسی و عیرفان و سۆفیسزمی ئیسلامی، لەگەڵ پایگایەکانی فەلسەفەی دژایەتی رووناکی و تاریکیی سەر بە فەلسەفەی ئیرانی باستان – هەڵبەتە بمانەوێت و نەمانەوێت، میراتی فیکری کۆمەڵگای کۆنی ئەو بەشە جیوگرافیەی کە ئەمڕۆکە بە رۆژهەڵاتی کوردستان ناسراوە، نەک هەر بەشێک، بەڵکو پایتەختی سیاسی و فیکری شارستانیەتە یەک لە دوای یەکەکانی مێژووی ئیران بووە. سورەوەردی، کەسایەتیەکی گۆشەگیرنەبووە، بڕوای بەو فەلسەفەیە هەبووە، کە رووناکی و ئومێدو گەشبینی ئاڕاستەی خەڵک کردووە.

٤– یەکەم فەیلەسوف بووە، کە هەرلە سەرەتاوە بە گومان بووە لە ژێربێژی وشکەبڕوا، لە لۆجیکی رەهاو کۆتا، لە مەنتیقی تاک وێنەیی و لە بڕوای یەک دیدگایی، کە زیاتر لە مێژووی فەلسەفەدا ناسراوە بە لۆجیکی ئەرستویی. بە پێچەوانەوە بۆ دۆزینەوەی راستی مەزن، هەمیشە بڕوای بە جیاوازی بۆچوون و گفتوگۆ و لێکۆڵینەوەو بەراوردکردنە فەلسەفییەکان هەبووە.

٥– بڕوای بتەوی هەبووە؛

ئا– بە نەمریی و ئەزەلیەتی هەبووی تاک،





– بێ– بە رەسەنایەتی پرنسیپی (دنیای رووناکیی).

جێ– بە بە گەشبین بوون بەرامبەر بە مسۆگەریی بردنەوەو دوایین سەرکەوتنی دنیای رووناکی (عالەم الانوار) و ژێرکەوتنی دنیای تاریکی (غواسق البرزخیە).

٦– دلێرانە خاوەندی هەڵوێستی زانستیانە بووەو لە سۆنگەی ئەو هەڵوێستە نەترسانەشیەوە، نەفس نزمانی زەمانی خۆی تومەتی لە دین لادانیان بۆ داتاشیووەو بە کوشتنیان داوە.

٧ – یەکەم فەیلەسوفی ئیسلامی بووە کە سیستماتیکیانە کاری زانستیانەی کردووە، بۆ یەکانگیرکردنەوەی دین و فەلسەفە.





# سورەوەردی کێیە؟

هەڵبەتە هەر لە سەرەتاوە خوێنەر دەبێت بزانێت کە ئێمە لەم بابەتەدا مەبەستمان باسکردنی خاوەندانی رێڕەوەی سۆفییزمی ناسراو بە (رێڕەوی سوهرەوەردی) نییە؛ واتە نامانەوێت خۆمان بدەین لە باسی داهێنەری ریڕەوە سۆفیەتێکەی (ضیاءالدین ابو نجیب السهروردی/ ١٠٩٧ – ١١٦٨ ز) و کوڕەزاکەی (ابو حەفص عمر السهروردی/ ١١٤٥ – ١٢٣٤ز) خاوەندی کتێبی (عوارف المعارف) و قوتبی یەکەمی طریقەتی (سورهرەوەردی)، بەڵکو سەبارەت بە سوهرەوەردی (السهروردي)فەیلەسوف قسەدەکەین. ناوی ئەم فەیلەسوفە داهێنەرە، بە پێی روانگەی نەتەوایەتی لێکۆڵەرەوەکانی فەلسەفەی ئیسلامی، هەندێ جیاوازی هەیە. (سەید حسێن نصر) لە کتێبی (سێ حکیم مسلمان)دا دەڵیت کە ناوی (شەهابەلدین یحی کوڕی حەبەشی ئەمیرەک ئەبولفتوحی سوهرەوردی)یە.وە لە سەرچاوە رۆژئاواییەکاندا، ناوەکەی بە (سوهرەوەردی؛ شیهابەلدین یەحی حەبەشی کوڕی ئەمیرەک) هاتووە. هەرچی سەرچاوە عەرەبییەکانە؛ بە تایبەتی ئەوانەی نوسینەکانیان دژ بە زاراوەی بە ناو (شعوبیەت) و ئێرانی و بیرمەندایەتی ئێرانییە، هەوڵیان داوە هەتا لە ناویشدا، غەدر بکەن و سورەوەردی لە ناوە کوردییە (ئێرانییە)کەی خۆی دابماڵن، بۆیە بەبێ هیچ سەلماندنێکی زانستی، بە دەستی ئەنقەست شوێنی لەدایکبوون و زادگای گەورەبوونی فرامۆش دەکەن و بە (شهاب الدین السهروردی الحلبی) ناوی دەهێنن!.

ئیحسان طەبەری، لە کتێبەکەیدا، هەر وەکو لێکۆڵەرەوە رۆژئاواییەکان، بێ جیاوازی لەوەی ئەوان گشتی ناوەکەی دەسەلمێنێت و بۆ نازناوەکانیشی، بە پشت بەستن بە سەرچاوە ئێرانیەکان (شێخ الاشراق)و(شێخ المقتول) و(خلیفە اللە)



http://calameo-pdf-download.abuouday.com/printpage.php?url=p2.calameo.com%2F140106084046-4bce10ffecbe01074eb29348bd6d265a%2F&count=44... 3/23

1/10/2016 سورەوەردی لەزادگایەکی کوردەوارییەوە بۆ جیهانییەتی فەلسەفە Download as Pdf



بەکاردەهێنێت. طەبەری تاکید لەوە دەکاتەوە کە (شیهاب) لە ئاوایی ((سورەوەردی) هاتۆتە دنیاوە. سورەوردیش نزیک بە زەنجان و لە نێوان زنجان و بێجار بووە. لە سەرچاوەی (گۆڤاری یونسکۆ، کە لە ساڵی ١٩٨٣ سەبارەت بە (الاسلام و الفلسفة و العلوم) هاتووە، لەمەڕ نەهێشتنی گومان لەسەر کوردبوونی سورورەردی دەڵێت:(ئینی خەلەکان، خۆی باشترین کەسە بۆ ناسین و نەهێشتنی گومان دەربارەی ناوە کوردییەکان. خۆی کوردە و زێدەکەشی نزیکی زێدی سورەوەردییە ). شایانی باسە، ئەو ناوچانە تا سەدەی دەی کۆچیش، بە گشتی شوێنی جێنشینی کورد بووەو مۆڵگەی ناوداری بزوتنەوەی دەروێشان و متەسەوفان بووەو پاشان بەر یورشی سەلجوقییان کەوتووەو گۆڕانکاری ئەثنیکی تێدا کراوەو سەپێنراوە.

سەبارەت بە ساڵی لەدایکبوونیشی، یەک بۆچوون نییە.بۆ نموونە؛ فەیلەسوف و مێژوونووس(شارەزووری)کە بە باشترین و نزیکترین سەرچاوەی ژیان و گوزەرانی سورەوەردی دەژمێردرێت؛ دەڵێت لە ٥٤٩ کۆچی لەدایک بووەو شەهیدبوونیشی لە ٥ ی ڕەجەبی ٥٨٧ک بووە(کە دەکاتە ٢٩ ژوئیە ١١٩١ز). ئیحسان طەبەری، ئاماژەی بە دوو ساڵی جیاوازکردووە؛ ٥٤٥ کۆچی = ١١٥٠ ز) یا ٥٥٠ کۆچی = ١١٥٥ ز). هەرچی (سەید حسێن نصر)ە، کە شارەزاترین پسپۆری ئێرانییە لە مێژووی فەلسەفەی ئێرانی- ئیسلامی، ساڵی ٥٤٩ کۆچی = ١١٥٤ز) بە ڕاست دەزانێت. هەروەها (هینری کۆربن)یش کە لە جیهانی فەلسەفەدا ناسراوە بەوەی کە زۆرترین نووسینی لە سەر سورەوەردی هەیە، ئەو ساڵانەی کە (شارەزووری) باسی کردووە، بە ڕاست دەزانێت و لە لاپەڕە ٣٠٤ ی کتێبی (تاریخ الفلسفة الاسلامیة)دا هەمان ساڵی دەست نیشانکردووە و بەڵام گوتوویەتی کە بەرامبەرەکەی دەکاتە ١١٥٥ ی زایینی.

سورەوەردی، بۆ خوێندن لە هەرزەکاریدا، چووەتە شارۆچکەی (مەراغە) و لەلای مامۆستای ناسراوی زەمان(موجدالدین جیلی)دا (علوم و حیکمەت و ئەصوڵ و فقهی)خوێندووە؛ شایانی باسە





(موجدین)پێشتر مامۆستای (فەخری رازی) فەیلەسوفیش بووە. پاشان لە مەراغە لەلای (ظهیرالدین پارسی) بۆ فێربوونی زانستی نوێتر؛ کتێبی (البصائر النصیریة) ی (عومەری کوڕی سەهلانی ساوی) خوێندووە. سورەوەردی نەوجەوان، بۆ بەردەوامیی خوێندن و خوێندنی باڵا، چووە بۆ شاری (ئەسفەهان) بۆ خزمەتی مامۆستا (ظاهرالدین قاری).ئەسفەهان لەو زەمانەدا، بە یەکێ لە مەڵبەندە سەرەکییەکانی فەلسەفەو زانستی ئێرانی و ئیسلامی دەژمێردرا.

سورەوەردی لە پێش ئەوەی بەیەکجارەکی لە شاری (حەڵەب) بگرسێتەوە، هەروەکو (شێخ شمس الدین؛محمد شارەزووری) شاگردی سورەوەردی لە کتێبی(تاریخ الحکما) دا ئاماژەی پێداوە: کە بە مەبەستی نزیکبوونەوە لە زانستەکان و گۆڕین بیروبۆچوون، لەگەڵ گەورە زانایان و بیرمەندانی ئێران و مەزنە کەسایەتێکانی سۆفیزمی ئیسلامی، لە شیرازو لە ناوچەکانی ناوەڕاست و باکووری میسۆپۆتامیادا، سیاحەتی زانستی کردووە. لە لاپەڕە ٥٤ی (تاریخ مشاهیر کرد؛عرفا، علما، ادباء، شعرا) دا بابا مردوخی روحانی(شیوا) دەڵێت، کە سورەوەردی ماوەیەک هاتۆتە ماردین و لەلای زانیارو ماتماتیکزانی ناسراو (فخرالدین ماردینی) شاگرد بووە؛ شایانی باسە (ماردینی) مامۆستا، سەبارەت بە بلیمەتی شاگردەکەی گوتوویەتی:( من لە ڕۆژگاری خۆمدا، کەسی بلیمەتی وەکو ئەوم نە بینیووە)!

هەڵبەتە شارراوە نییە کە لەو عەسرو زەمانەدا، وەکو ئێستا نەبووە کە دانیشگا/ کۆ زانستگەی دەوڵەتیی لە شارەکانی عالەمی ئیسلامیدا هەبووبێت، بۆیە شاگردان/خوێندکاران، مەجبوربوون خۆیان تێشووهەڵگرن و بۆ ماوەی زۆر ئەمشارەو شار، سیاحەتی زانستی بکەن و بە دوای مامۆستای باش و ناودار بگەڕێن. هەڵبەتە سورەوەردی نەوجەوانیش، وەکو داواکارو شەیدای زانست و زانیاری، لە جێبەجێکردنی ئەم ئەرک و پەیڕەوکردنی ئەم نەرێت و عادەتە، بەدەر نەبووە.





# ئەو دەورو زەمانەی سورەوەردی تێیدا ژیاوە

بە بەراورد لەگەڵ گۆڕانکارییەکان و ماوەی گۆڕانکارییەکانی ئەم زەمانەمان و زەمانی ژیان و گوزەرانی سورەورەدی – واتە سەدەی شەشەمیی کۆچی، گۆڕانکارییەکان و ماوەی هەر گۆڕانکارییەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕۆشنبیریی لەو دێر زەمانانەدا زۆر هێواش و بەکاوەخۆ بووە، بۆیە هەڵە ناکەین کە بۆ مەسەلەی ناسینی خەسڵەتی گشتی ئەو عەسرو دەورەی، زەمانی سورەوەردی بە نزیکەی دوو سەدە حسێب بکەین و بڵێین، کە هەرچەندە دێرینە نوسەرێکی وەکو (بیروونی) لە کتێبی جیوگرافی (تحدید نهایه العالم)دا بە جۆرێکی پڕ شانازی باسی یەکبوونیی مەملەکەتی ئیسلامی دەکات، کە دەڵێت: (ئێستا ئیسلام لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای عالەمدا نمودی هەیە. لە نێوان ئەندەلس لە ڕۆژئاواو چەندین بەش لە چین و هیندستانی ناوەندی لە ڕۆژهەڵات، لە حەبەشەو نوبە لە باشوور و تا سەرزەمینی تورک و سەقالبەکان لە باکوور، پەلی هاویشتووە. وە هەموو میللەتەکانی لە یەک چوارچێوەی خۆشەویستی بێ نموونە، یەکگرتوو بووە.....) هەڵبەتە بیرونی بەلایەنی جیوگرافیەوە زیادەڕۆیی نەکردووە و لە تەوەری ڕاستییە جیۆگرافییەکانەوە قسەی کردووە، بەڵام بە شیوەیەکی گشتی لەو سێ/چوار سەدەیەی پاش بچووکبوونەوەو (دیفاکتۆ)ی نەمانی مەزنایەتی سێیەم خیلافەتی ئیسلامی؛ مەبەست خیلافەتی عەباسییە، نەک هەر لە بەغدای پایتەختی خیلافەتەکە و بەس، بەڵکو لە سەرجەمی وڵاتەکەدا، بە تایبەتی لە باڵەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا، بارودۆخێکی سستبوونی دەسەڵاتی سیاسی و حکومیی، نا ئارامیی و نا ئەمنیەتی و داکەسانی ئابووری، ببوونە دیاردەی ڕۆژانەی هەرە زاڵ، لە وڵایەتەکان و





T o o l s

کۆمەڵگاکاندا. ئەمانەش ببوونە هۆی ئ
هێرش و لەشکرکێشی هەمەجۆرەی دەرەکی ببنە دیاردەی وەرزانەو ساڵانە، بۆ سەر خەڵکوخواهە بێ دەسەڵاتەکە. لەبەر ئەمانە، باری کۆمەڵایەتی، ئاسایش و ڕۆشنبیری کۆمەڵگاکان، بە تایبەتی هی ولایەتە دوورە دەستەکان، ڕوو بە ڕووی ئەم خالانە بوونەوە:

١- نا ئەمنیەتی و نەمانی دەسەڵاتی دەوڵەتی قانون لە شوێنە دوورەکاندا و هەروەها نەمانی هاوئاهەنگی و هاوکاریی ناوزەدکراو بە هەماهەنگیی ئوممەت، لە نێوان پایتەختی خیلافەت و ئیمارەتە ئیسلامیەکانی وەک ئەندەلس و خوراسان و خوارزەم و مەراکش و تونس... هتد.

٢- دەرکەوتن /یا دەست پێکردنی هەندێ لە سەرەتاکانی هێرەشەکانی سەلجوق و تەتەرو مەغۆلان، بۆ سەر ناوچە و باڵەکانی ڕۆژهەڵاتی مەملەکەتەکە. تا گەیشتە ئەوەی کە لە ساڵی ٦٥٦ کۆچی =١٢٥٨ ز (واتە بە ماوەیەک پاش کوشتنی سورەوەردی) مەغۆلەکان، کوشتاری لەبیرنەچووی پایتەختی عالەمی ئیسلامی؛بەغدا بەرپابکەن. ئەو کوشتارەی کە مێژوونووسی ناودار(ئیبنولئەثیر) بەم شێوەیە باسی بکات: (اذا قال قائل، ان العالم مذ خلق اللة سبحانه و تعالی لادم، و الی الان، لم یبتلوا بمثلها لکان صادقا. فان التواریخ لم تتضمن ما یقاربها و لا ما یدانیها ........ و لعل الخلق لا یرون مثل هذه الحادثة الی ان ینقرض العالم و تفنی الدنیا ........).

٣- هەرچەندە دەرکەوتنی شێوازی تەکنیکی بیری فەلسەفی لە سەدەی سییەمەوە لە وڵاتانی ئیسلامیدا بواری درابووێ. هەرچەندە لە ساڵی ٢١٧ ی کۆچییەوە، بە بڕیاری (مآمون)ی خەلیفەی عەبباسی (بیت الحکمة) وەکو کتێبخانەو مەڵبەندی حەکیمان و ئەنستیتۆی زانستی، دامەزرێنرابوو.بەڵام لە سەدەی پێنجەمەوە، بە هۆی نالەباری دۆخە سیاسییەکەوە، بارێکی دواکەوتەیی ڕۆشنبیریی گشتیی باڵی بەسەر مەملەکەتەکە کێشابوو. دەسەڵاتی وشکەبڕوایی و ڕووکەشیی



http://calameo-pdf-download.abuouday.com/printpage.php?url=p2.calameo.com%2F140106084046-4bce10ffecbe01074eb29348bd6d265a%2F&count=44... 4/23

ئایین ببووە شمشێری بڕیاردەر، بە شێوەیەک کە کەسێ خەریکی بابەتی عیلم و حیکمەت و زانست بووبێت، ئەگەر نەکوژرابێت و کەتنی پێ نەکرابێت، ئەوا مەجبوری گۆشەگیرییو خۆوونکردن کراوە. وەک؛

– ئەوەی بە فەرمانی سوڵتان (محمودی غەزنەوی) ماڵ و کتێبخانەی(بۆ عەلی سینا) سووتێنرا،

– ساڵی ٥٢٥ کۆچی = ١١٣١ز لە بەغدادا زانایەکی هەرە ناوداری عالەمی ئیسلامی (عین القضاة میانچی) بە تومەتی بێ بناغەی دەرچوون لە دین، لە سێدارەدا، –

ساڵی ٥١٥ک = ١١٢١ ز، شاعیر و کیمیاگەری ناسراو (مویەددەدین حسێن الطغرائی) بە بڕیاری دەسەڵات هەڵواسرا، – ساڵی ٥٥٤ک بە بڕیاری خەلیفە (المستنجد باللة) بڕیاری سوتاندنی ٥١ نامیلکە بە ناوبانگەکەی (اخوان الصفا) جێبەجێکراوەو هەروەها چەندین کتێب و نامیلکەی فەلسەفی و پزیشکیی (بو عەلی سینا) سووتێنراوە یا فڕێدراوەتە ئاوی دیجلەوە!

– فەیلەسوفی ناوداری رۆژئاوای جیهانی ئیسلامی (ابن الرشد/٥٢٠ –٥٩٥ک =١١٢٦ –١١٩٨ز)کە خاوەندی کۆمەڵێ کتێبی فەلسەفی وەک؛ کتێبی (الحیوان)، (شرح الاوسط لکتاب الطبیعیات)، (فی مابعدالطبیعة) ...هتد، بە بڕیاری ئەمیری دەوڵەتی(ئەمیر الموحدین)ساڵی١١٩٥ تا وەفاتی لە ١١٩٨ ز، لە ماڵی خۆیدا (ئەوق)کراوە.

بەڵێ بیرمەندان و فەیلەسوفە بە هەڵوێستەکان، یا لە کەنارگیرییدا خۆیان بینیووەتەوە، یا هەراکردن و ئاوارەیی و جێهێشتنی زێدو وڵاتیان هەڵبژاردووە. بۆیە خۆشاردنەوەو ئاوارەیی یا گۆشەگرتن و دوورەپەرێزی، وەک دوو ئەڵتەرنەتیفی تاڵ سەپێنراوەتە سەریان. بۆ سەلماندنی ئەم راستییە نموونەی هەرە نزیک بەو عەسرە، کەسێکی وەکو (ئیمام ئەبو حامدی غەزالی/ ٤٥٠ – ٥٠١ک = ١٠٥٩ –١١١١ ز) فەیلەسوف، کاتێ سوڵتان (سنجور)ی سەلجوقی داوای لێکردووە کە بێت لە (نیشاپور) دەرس بڵێتەوە، غەزالی، بەم شێوەیە وەڵامی





خونکاری داوەتەوە – کە پێم وایە لە هەموو ئانوزەمانێکی داکەوتنی مەعنەویاتدا وەڵامێکی دەقاودەق راستە: (دوانزدە ساڵە دوورەپەرێزم و کەنارگیریم هەڵبژاردووە. خوای لێخۆشبێت (فخرالمولک) لێی داواکردم و زۆری لێکردم کە بچم بۆ خزمەتی لە شاری نیشاپور، من لە وەڵامدا پێم راگەیاندبوو، کە ئەم رۆژگارە قسەی ئێمەمانان قبوڵ ناکات. هەر کەسێ لەم عەسرەدا باس لە فەلسەفەو حیکمەت بکات، دەرودیوار لە دژایەتی دەبن. کەچی ئەو پێی راگەیاندم، مەلیک عادلەو پشتیوانیت لێدەکات. ئەمڕۆکە کار بە ئاستێ گەیشتووە، کە قسەی وا دەبیسمەوە ئەگەر لە خەونیشدابن، دەڵێن وڕێنەی خەوە! بۆیە تکایە من لە وانەگوتنەوەی (نیشاپور)مەعاف بفەرموو، تا بتوانم لە کەناری سەلامەتیدا بمێنمەوە، بەخودا رۆژگار تاقەتی قبوڵکردنی قسەکانی منی نییە)!

لەو دەموعەسرەدا، هەلپەرستی، گزیری، سیخوڕی و مامەحەمەیی ببووە عادەتی قورس و لە جێیدا هەڵوێستوەرگرتن و شەرم و حەیا و سەخاوەت و رەشیدیی، بوون بە پووش و پەڵاش و گەمژەیی ئینسان. بۆیە هەر غەزالی سەبارەت بەم حاڵەتە لەگەڵ دڵی خۆیدا بەم شێوەیە دەپەیڤیی:

گفتم دلا تو چندین بر خویشتن چ پیچی
با یک طبیب محرم این راز در میان نه
گفتا، کە هم طبیبی فرموداست با من
گر مهر یاز داری، صد مهر بر زبان نه!

بەداخەوە ساڵانی ژیانی سورەوەردی ٥٤٩– ٥٨٧ ک= ١١٥٤–١١٩١ز)، سەرەتای یەکەمی داشکانەکانی بارودۆخی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی زۆربەی مەملەکەتە ئیسلامییەکان بوو. بەڵام، بە پێچەوانەوە، ئەو ناوچانەی ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی ئەیوبی

– ئیتر چ لە میسر و چ لە شام، هیچ نەبێت بەلایەنی هەڵوێستی حوکمڕانانیان و باری ئەمنیەت و ئاسایشەوە جیاوازییەکی زۆریان لەگەڵ شوێنەکانی تردا هەبووە؛ بە تایبەتیش لە حەڵەب و شاری





دیمەشق (شام). کە دوو بنکەی سەرەکی دەسەڵاتی ئەیوبیان بوون و ببوونە چەق و مەڵبەندی هاتن و کۆکردنەوەی حەکیمان و فەیلەسوفانی ئیسلام. وە هەر لەو ساڵانەو لە سەدەی پاشیش، بە مەبەستی:

– نزیکبوونەوە لە بەخشەندەیی و سایەی پڕ ئەمنیەتی حوکمڕانانی ئەیووبی،

– پەیداکردنی بژێوی کاری زانستانەو خوێندن لە (مدرسە) عیلمییەکانی دوو شاری حەڵەب و شام، شایانی باسە لەو دوو شارەدا، میرزادە و سوڵتانزادە و شابانۆکانی خانەوادەی ئەیووبی، هەر کەسەو لەلای خۆیەوە بە مەبەستی خێرخوازی، هەڵستان بە کردنەوەی مدرەسە و قوتابخانەو بیمارستان بە ناوی خۆیانەوە. وەکو مدرەسەی (ئەتابەگی) و (دڵلامی)و (عومەری) و (صاحبە خاتوون) و (ئەلعەلەمییە) ی عەلەمەدینی سەنجاری و بیمارستانی (قەیمەری) ی میر سەیفەدین قەیمەری کوردی. بۆیە ئەو دوو شارە بوونە مەکۆی هاتن و مانەوەی کەڵە پیاوانی ئاینیی و فەلسەفی سەرتاسەری عالەمی ئیسلامی، بۆ نموونە کەسانی وەک؛

– مێژوونووس و لێکۆڵەرەوەی قورئانی پیرۆز؛ شێخ (ابن الجوزی) ٥٨١ – ٦٥٤ ک =١١٥٨ –١٢٥٦ز) خاوەندی موجەلەداتی (مراة الزمان) کە لە چل جلد پێکهاتووە.

– شاعیرو مێژوونووس، شەمسەدینی (ئیبنی خەلەکان) ٦٠٨ – ٦٨١ ک =١٢١١–١٢٨٢ز)خاوەندی کتێبی (وەفیات الاعیان...).

– زانای ئوسوڵ و مەنتیق، سەیفەدین عەلی ئەلئامەدی؛ کۆچکردووی ٦٣١ ک =١٢٣٤ز)، لە کتێبە بە ناوەکانی (غایة المرام فی علم الکلام) و(دقائق الحقائق فی الحکمة).

– زانای ناودار، بهائولدین، ئەبولعز کوڕی شاداد؛ کۆچکردووی ٦٣٢ ک =١٢٣٥ز) لە کتێبە ناودارەکانی (ملجا الحکام عند التباس الاحکام).

–فەیلەسوف ومێژوونووس، شەمسەدین، محمدی شارەزووری؛ شاگردی سورەوەردی و خاوەندی چەندین کتێبی وەک (تاریخ الحکما).





– زانیارو فقهەناس (ئەبو ضیاالدین عیسی الهکاری) مامۆستای مەشهوری (مدرسة الزجاجیة) ی حەڵەب، کۆچکردووی ٥٨٥ ک =١١٨٩ز .

– سەرۆکی قازییانی شام(کەمالەدین محمد عبدالله شارەزوری)لە شارەزوور لە ٤٩٢ ک لە دایکبووەو لە ٥٧٢ ک لە دیمەشق وەفاتی کردووە.

# بۆچی سورەوەردی بۆ حەڵەب کۆچیکردووە؟

لە پاش روونکردنەوەو زانینی راستییەکانی بارودۆخی سیاسی و ئەمنی و کۆمەڵایەتی وڵاتانی ئیسلامی،کە لە بەشەکانی پێشتر ئاماژەمان پێدان،پرسیارێکی سەیرە کە لە هۆیەکانی کۆچکردنی لاوێکی سەوداسەری زانین و زانستی وەکو سورەوەردی بگەڕێین. بەڵام دەبێت ئەوەمان لە بیرنەچێت کە لە هەر بابەت و مەسەلەیەکدا،دەشێ جگە لە خاڵ و هۆگەلیی گشتی،خاڵی تایبەتیش هەبن بۆ هەر بابەتێکی جیاواز. جا لەوانەیە بشێت،لێرەو لەوێ،ئێمە بتوانین خاسیەت و هۆگەلێکی تایبەت بۆ ئەم کۆچەی سورەوەردی بدۆزینەوە.

لە مەسەلەی،کۆچکردن و بەجێهێڵانی زێدی باوباپیران،چ لە کۆن و چ لە ئێستاشدا،دوو کۆمەلە هۆکار هەن؛ کە هۆگەلی پاڵپێوەنەرو هۆگەلی راکێشەریان پێ دەگوترێت،دەبنە دینامۆی بڕیاردان و جوڵانەوە بەرەو کۆچکردوو. هەڵبەتە بۆ کۆچی سورەوەردیش،ئەم پێوانەیە گشتییە هەر راستە. بەڵام کوا/ یا کوان هۆکارە تایبەتییەکانی پاڵپێوەنەری سورەوەردی،کوا ئەو حاڵەتەی کە ژیان و ئازادی تایبەتی سورەوەردی تاڵ کردبێت و تاقەتی تاقکردبێت و هانیدابێت بۆ کۆچکردن؟ بۆ وەلامدانەوەی ئەم پرسیارە کواییانە،هەرچەندە لە هیچ سەرچاوەیەکدا ئاماژەیەکی ئەوتۆ نییە،کە باسی هۆیە تایبەتییەکانی کۆچی ئەم کوردە گەنجە سەوداسەرەی عیلم و زانستە بکات. هەڵبەتە بمانەوێت و نەمانەوێت هەندێ لەو خاڵانەی گشتییانەی بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و حوکمڕانی،بۆ هەستیارو بەهرەوەرێکی وەکو ئەم،دەبێت بووبێتە هۆکاری تایبەت و کاریگەریی جێهێشتبێت لە ناخی بێ ئۆقرەی ئەمیشدا. بەڵام سورەوەردی بۆ حەڵەبی هەڵبژاردووە بۆ کۆچکردنەکەی؟ ئایا هۆکارە راکێشەرەکان چیبووبن کە کەسێکی وەکو





ئەمیان هۆگری حەڵەب کردبێت،نەک بۆ شوێنێکی تری دنیای ئیسلامیی؟ لەمەشدا هیچ سەرچاوەیەک بەڵگەی وا ناداتە دەستەوە کە تێمان بگەیێنێت لە هۆیە ئاشکراکانی چوونی سورەوەردی بۆ حەڵەب. بۆیە من خۆم دەدەم لەهەندێ بۆچوون، کە پێم وایە ئەو بۆچوونانە دەشێن ببنە هۆیە راکێشەرەکان بۆ سورەوەردی – وەکو حەکیم و زانایەکی دانسقەی دنیای ئیسلامی،بە تایبەتی ئەوانەی رۆژهەڵاتی جیهانی ئیسلامی؛ مەبەست ئەوانەی خوراسان و ئێران و ناوچەکانی هەردوو زێ (میسۆپۆتامیا):

١– سورەوەردی،کە بۆ وەدەستخستنی بابەتی زانستی و زانیاری و فەلسەفی و سۆفی نوێ،هەر هەموو مەڵبەندە رۆشنبیریی و زانیارییەکانی ئێران و بەغدا و ئەنادۆڵی کۆن گەڕابوو،تێیاندا نیشتەجی ببوو و زانستی وەرگرتبوو، گەیشتبووە ئەو ئاستە فەلسەفییەی کە ئیتر دەبێت داهێنانی خۆی،توانای خۆی و بۆچوونی نوێی خۆی پیشانی عالەمی ئیسلامی بدات و لەگەڵ زانیان و حەکیمانی هەموو دەڤەرەکانی تردا،کێبەرکێیان پێ بکات. کە لەو قۆناخەی ژیانیدا، بە داخەوە سەرە هاتبووە سەر سەکۆی حەڵەب و زانایانی ئەو دەڤەرە.

٢– خۆشبەختانە(حەڵەب)یش لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە، کێڵگەی شیاو،مەیدانی لەبارو سەکۆی باش بوو بۆ بەهرەدارێکی وەکو ئەم. چونکە:

١–٢: حاکمی شاری حەڵەب یا میرنشینی ناوچەی حەڵەب؛کە بەشێک بووە لە کەوشەنی گەورەی دەوڵەتی ئەیووبی،(الملک الظاهر)ی کوڕی سوڵتان سەلاحەدینی ئەیووبی بووە. مەلیک الظاهریش بۆ پێکانی مەبەست و هێنانەدی ویستی سورەوەردی،هەڵگری دوو خەسڵەت بووە:

١–١–٢: پیر نەبووە و هۆگریی هەبووە بۆ کاری زانستی و کردەوەو بیروبۆچوونی نوێ. دەرباری خۆی کردبووە پەناگەی هەموو حەکیم و زانایەکی دنیای ئیسلامی،یارمەتی دەدان و لەو جەنجاڵییەی





باڵەکانی جیهانی ئیسلامیدا،سێبەری ئەمن و ئەمانی بۆ فراهەم کردبوون،

٢–١–٢: دەسەڵاتەکانی چ (الملک الظاهر) و (صلاح الدین) و چ ئەرکانەکانی تری دەوڵەتەکەیان،بەری جیهادو قوربانیدانی جەنگاوەرانی عەشایری ئەو زەمانەی نەتەوەی کورد بوون. مەملەکەتەکەیان،هەرچەندە بە واتای ئەمڕۆیی دەوڵەتی کوردی نەبووە،بەڵام دەوروبەرو هەموو خەڵکانی تری سەر بە نەتەوەکانی تری عالەمی ئیسلامیی، لەو راستییە خافڵگیر نەبوون کە سەڵتەنەت و خیلافەتی ئەیووبی،سەڵتەنەتی خەڵکانی بە نەتەوە کوردن و عەرەب نین. ئەمەش دوورو نزیک،بۆ (سورەوەردی)یەکی رۆڵەی ناوچەیەکی کوردەواری بێگومان تێگەیشتن و واتای خۆی هەبووە.

٢–٢: چ لە حەڵەب و چ لە شامدا،کۆمەڵێ دەزگای زانیاری و زانستی و مزگەوت،وەک مەکۆی تەدریس و عیلم و زانیاری بوون،کە لە دێڕەکانی تردا ئاماژەمان کردووە بە هەندێ نموونەیان. ئەمانە هەموو بواربوون بۆ بوون بو مامۆستاو دۆزینەوەی بژێو و گواستنەوەی عیلم و زانست.

٣–٢: سورەوەردی،ئەوەی زانیووە کە لە ناو گشت وێرانەو خرابەکانی عالەمی ئیسلامیدا،تەنیا مەڵبەندێک بە زیندوویی مابێتەوە،مەڵبەندی حەڵەبە. لەوێشدا برەو دراوە بە دوو بابەتی چەقبەستووی وا،ئەم پێی وابووە کە تینووێتی زانستیانەی ئوممەتی ئیسلامی ناشکێنێت. بۆیە وەکو گەنجێکی پڕ هێزی رەچەشکێن،تێشووی کۆچی هەڵگرتووەو ئەو مەیدانەی بە شیاو زانیووە بۆ ئایندەی کێبەرکێکانی لەگەڵ؛

– بابەتی زانستە دینیەکانی وەک،فقهی وشک،نەقڵی حەدیث، وەعزی دووبارەکراوی بێ لێکدانەوەی عەقڵیی.





– حیکمەتی (مەشائی)؛ سورەوەردی زانیوویەتی کە ئەو حیکمەتەی کە ئەم دەبێت کێبەرکێی لەگەڵدا بکات حیکمەتی مەشائی و پەیڕەوانیەتی. وە کۆمەڵێ لە پەیڕەوانیی ئەو فەلسەفەیە،حەڵەب و شامیان کردبووە مەکۆو گردگەی خۆیان. سورەوەردی وەکو رەنگدانەوەی بۆچوون و ویست و جموجۆڵ لەوە دەچیت (ئەبو علاء المعری) ئاسا بڕوای بەم شیعرە هەبووبێ:

و انی و ان کنت اخیر زمانه　　　لآت بما لم تستطعه الاوائل

سورەوردی کاتێ هاتووەتە حەڵەب،لەسەریدا،لە هەگبەی فیکری خۆیدا،هێڵە گشتییەکانی داهێنانە نوێەکەی خەملاندبوو،خۆی ئامادەکردبوو بۆ پێشکەشکردنی شتێک کە لە پێش ئەودا کەس پەی پێ نەبردووە. وە دەیزانی کە رووبەرووی ئەو فەلسەفەیە دەبێتەوە،کە دوور لە زەوق و سروشی خودایی،سەرتۆپی هۆشی هەموو ئەو مەزنانەی گرتبۆوە کە بە حیکمەت و فەلسەفەی مەشائیەوە سەرقاڵ ببوون.

بۆیە بە ئاگادارییەکی هوشیاریانەوە،وەکو لەم چوارینەیەدا دەڵێت: رێگەی مەیدانی حەڵەبی بە باشترین و بەرزترین و شیاوترین سەکۆ زانیووە بۆ بانگەشەکردن بۆ هەوڵ و پلانە تازەکەی. وە جەسوورانە لەگەڵ چوونە ناو ئەو مەیدانە، پرۆگرامی کاروانە فیکرییەکەی داناوەو خۆشی هایدارکردۆتەوە لە مەترسییەکانی ئەم هەڵوێستەی:

هان تا سر رشته خرد گم نکنی
خودرا برای نیک و بد گم نکنی
رهرو توئی و راه توئی،منزل تو
هشدار که راه خود به خود گم نکنی

سورەوەردی لاو،بەرامبەر بە هەر هەموو فەیلەسوفەکانی جیهانی ئیسلامی،بە تایبەتی بەرامبەر بە (بوعەلی سینا) خۆی بە بەرزترو باڵاتر دەزانی،بڕوانە خۆی چی دەڵێت:(لە زانینی زانستە یۆنانییەکان،ئەگەر لەوان بەرزتر نەبم،هیچ نەبێ لە ئاستی

1/10/2016 سورەوەردی لەزادگایەکی کوردەوارییەوە بۆ جیهانییەتی فەلسەفە Download as Pdf



ئەواندام. بەڵام بێگومان لە (زەوقیات)دا، فەلسەفەی من سەرووترە....).

٣- لە هەموو ئەم خاڵانەش زیاتر، فەیلەسوفی ناودار؛شێخ شەمسەدینی شارەزووری، کە شاگردی سورەوەردی بووەو ئاگەداری ژیانی بووە، دەڵێت کە (الملک الظاهر) زۆر سورەوەردی خۆش ویستووە و هۆگری بۆچوونەکانی بووە. بۆیە دەشێت، لەوە دەچێت هەر خۆشی ناردبێتی بە شوێنی تا بێت لە حەلەب نیشتەجێ بێت. هەروەها وەکو (یعقوب عبداللة قمەوی) مێژوونوس، ساڵی ٥٧٩ ک = ١١٨٣ ز، بە راست دازانێت بۆ ساڵی گەیشتنی سورەوەردی بە شاری حەڵەب.





# سورەوەردی بۆچی کوژرا؟

وەک لە پێشدا، ئاماژەمان پێداوە و باسی ئەوەمان کردووە، لەو چاغەدا کە سورەوەردی تێیدا ژیاوە، لەسەرتاسەری وڵایەتەکانی جیهانی ئیسلامیدا، تەنیا مێرگێک مابووبێتەوە بۆ هەڵکێشانی هەوایەکی (حور ئەندێشان)، ئەو شوێنانە بوون کە لە ژێر سایە و سێبەری دەسەڵاتی بنەماڵەی ئەیووبیاندا بوون. بەڵام لەو شوێنانەشدا، هەرچەندە دەسەڵاتی حوکمڕانیی تا رادەیەکی زۆر بواری ئازادی بیرئەندێشی داوە، کەچی دەسەڵاتی هاوتەریب؛ واتە دەسەلاتی ئاینیی، کە بە دەستی خەڵکانی دوورە مەنتیق و مجاهدە بوون، ملۆزم بووەو بووەتە تاوێری سنووردارکردنی بوارەکانی فیکرو زانست و فەلسەفە، بە تایبەتی بۆ ئەو فەلسەفەو بیرە غەیرە عەرەبییانەی، کە دەسەڵاتە مەزهەبییە عەرەبزەدەکە بە ئاسانی توانیوویەتی و بۆی کراوە کە مۆرکی (شعوبیەت)یان پێوە بلکێنێت.

هەر لەو سەردەمانەشدا بووە کە لەلای عەرەبزەدە ئایین بە دەستەکان، هەڵوێستێکی جیاواز هەبووە، لە نیوان قبوڵکردنی تەرجەمەکانی فەلسەفەی یۆنانی، وە تێڕوانینیان بۆ پایگا درەوشاوەکانی فەلسەفەی (خوسرەوانی)؛ کە فەیلەسوفە ئێرانییەکانی وەک سورەوەردی، بە خۆیان هەوڵیان داوە کە بیخەنە خزمەتی فراوانکردنی بیرو فەلسەفەی ئیسلامی. دەسەڵاتی عەرەبزەدەی ئایینی، بێ خۆهیلاککردن بۆ دۆزینەوەی راستییەکان، بە ئاسانی ئەو جۆرە بیرانەیان بە (مجوسیەت)و هەڵگرانی بیرەکەشیان بە (مەجوسی) تومەتبار دەکرد. لە راستیشدا؛

– لە بەرژەوەندی دەسەڵاتی وشکەبڕوایان نەبووە، کە لە سیاقی راستیی مێژوویی(مجوسیة)ی ئێرانی کۆن، تێبگەن و....





– بە دەستی ئەنقەست و (سابق اصرار)یشەوە، هەوڵی ئەوەیان نەداوە کە لە قورئانی پیرۆز، بە تەواوی تێبگەن و بزانن هەڵویستی قورئان سەبارەت بە (مجوسیة) چییەو چۆنی باسکردوە: کەچی لە قورئاندا، زۆر بە روونی هاتووە کە (مجوس)ەکان، وەکو (صابئة) و (نەصارا) بە ئیماندار و یەکتاپەرست ریزبەندی کراون و لە (مشرک) و بێدینان جوداکراونەتەوە.

بڕوانن، لە ئایەتی ژمارە ١٧ ی سورەتی (الحج)دا، خودای مەزن دەفەرمێ:(ان اللذين امنوا و الذين هادوا و الصابئين و النصارى و المجوس، والذين اشركوا، ان الله يفصل بينهم يوم القيامة، ان الله على كل شى شهيد).

ئەو دەسەڵاتە ئاینییە رووخسارییەی حەڵەب و شام، کە بەشێ بووە لە زنجیرەیەکی گەورەتری دەسەڵاتی خاوەندی ئەسڵیی ئایینەکە، لەبەر چەندین هۆی وەکو ئەم خاڵانەی خوارەوە، بە ئاسانی توانیوویانە کە تومەتی (مەجوسیەت) و(شعوبیەت) و (لە دین لادان) بخەنە پاڵ دەیان بیرمەندو زاناو فەیلەسوف و متەسەوفی وەکو سورەوەردی:

– دەست پێکردنی سەرەتاکانی هێرشی (خاچپەرستان) لە ساڵی ٤٨٣ کۆچی = ١٠٨٩ ز، وە کاریگەری گەورەی ئەو دۆخە لە مانەوەی/یا سستکردنی ئیسلام لەو ناوچانەدا، بوونەتە هۆی سەرلەنوێ بەرزبوونەوەی دەسەڵاتی ئایینی و بە هەند وەرگرتنی هەڵوێست و بۆچوونەکانیان.

– ئەوەی کە سەرجەمی دەسەڵاتی ئیداری و سوپایی دەوڵەت لەو ناوچانەدا، بە دەستی خانەوادەی ئەیووبی و خەڵکە ئیسلامەکانی غەیرە عەرەب بووە. بۆیە ئەوانیش؛ خودی ئەو دەسەڵاتدارە دنیاییانە، نەیانتوانیووە/ یا نەیانویستووە رێز لە بۆچوون و هەڵوێستەکانی دەسەڵاتی ئایینی نەگرن.چونکە لەو قۆناخە مێژووییەدا خودی دەسەڵات و فەرمانڕەواییەتێکانیان، لەسەر هەبوونی جەنگی ئاینی نێوان ئیسلام و خاچپەرستان بنیات نرابوو.





بۆیە، ئەوەتا بهاء الدين کوڕی شاداد، مێژوونووس لە کتێبی (النوادر السلطانية و المحاسن اليوسيفية) دەڵێت کە خودی (صلاح الدينى ئەیوبی) بە راشکاوی بە سەربازەکانی گوتووە:( وا بیرنەکەنەوە کە من دەسەڵاتی ئەم مەملەکەتەم، بە شمشێرەکانی ئێوە، بەڵکو بە قەڵەمی (القاضى الفاضل) بە دەستکەوتووە).

– دەسەڵاتی، دەسەڵاتدارانی ئەیووبی، کە زۆربەی هەرە زۆریان لە میر و بەگ و سەرۆک عەشیرەتی کورد و هەندێ تورکمەن، پێکهاتبوون، لەو راستییە دوردۆنگ نەبوون کە زۆربەی ئەو ناوچانەی ئەمان دەسەڵاتیان بەسەریاندا هەیە، شوێن و زێدی ئەو عەرەبزەدە ئایین بە دەستانەیە. بۆیە رێزگرتن لە هەڵوێستیان؛ بە تایبەتی هەڵوێست و بۆچوونی ئایینیان – کە هەمان ئاینی ئەمانیشە، بە ئەرکی سەرەکی خۆیان زانیووە. بۆ نموونە مێژوونووسان دەگێڕنەوە، لە سەرەتاکانی هاتنی لەشکرەکەی (صلاح الدين) بۆ شاری دیمەشق (شام)، لەبەر هەر هۆیەک بووبێت، مەلاو ئەشرافەکانی شارەکە، هاتبوونە خزمەتی (صلاح الدين) داواو رجایان لێکردبوو کە لەشکرەکەی لە شارەکە دوور بخاتەوە، بە بەهانەی ئەوەی گوایە (يتحدثون بلغة لا نفهمها!). بۆیە (صلاح الدين) بۆ ئەوەی نارەزایی خەڵکی شام زیاترو ئاژاوە دروست نەبێت، لەشکرگاکەی گواستبۆوە بۆ گوندێکی بناری شاخی (قاسیون)، کە ئەمڕۆکە بووەتە گەرەکی گەورەی (ركن الدين)ی ناو شاری دیمەشق.

سورەوەردی، بە ئاشکرا، بێ سڵکردنەوە، داهێنەری فەلسەفەی نوێ بووە، فەلسەفەیەک کە پایگا سەرەکییەکانی لە بۆچوونە ئاینییەکانی (خوسرەوانی) و پرنسیپە گەشەکانی (زەردەشتی) یەوە وەرگرتبوو. ئەو فەلسەفە کۆنەی کە بەجۆرێک لە جۆرەکان، بڕوای بە کێشەی دوولاگەری هەبووە؛ دووئالی خێرو شەڕ، رووناکی و تاریکی ...وهتد. وە لەبەر ئەوەی لە پەرستگاکانی ئەو دیانەتە کۆنانەدا – بە تایبەتی لە (ئاتەشگە)کاندا، ئاگر وەکو (میحراب)ی ئەمڕۆی مزگەت بووە، بە



http://calameo-pdf-download.abuouday.com/printpage.php?url=p2.calameo.com%2F140106084046-4bce10ffecbe01074eb29348bd6d265a%2F&count=44... 7/23

1/10/2016 سورەوەردی لەزادگایەکی کوردەوارییەوە بۆ جیهانییەتی فەلسەفە Download as Pdf



داخەوە نەک هەر لەو چاغانەدا، بەڵکو ئێستاش دەستڕۆیشتووانی ئاینی حوکمڕان، هەر ئەو ئاینە کۆنانە و پەیڕەوانی ئاینەکان، بە ئاگرپەرستی (دووالیست) حیسابکردووە! هەڵبەتە بەبێ ئەوەی خۆ هیلاک بکەن، کە لێگەڕان و لێکدانەوەو هەڵێنجان و ئەنجامگیرییەک سەبارەت بە واتاکانی سەمبولێتی ئاگر و رووناکی چ لەو ئاینانەو چ لە قورئانی پیرۆزدا، بکەن و بزانن ئایا لەپای چییە کە لە قورئانیشا پیرۆزیەک دراوە بە ئاگر و رووناکی. بە تایبەتی لە ئایەتی ٣٥ ی سورەی (النور) کە خودا دەفەرمێ: (**اللة نور السماوات و الارض مثل نوره کمشکاة فیها مصباح، المصباح فی زجاجة، الزجاجة کآنها کوکب دري، یوقد من شجرة مبارکة زیتونة لا شرقیة و لا غربیة، یکاد زیتها یضی ولو لم تمسه نار، نور علی نور، یهدی اللة نوره لمن یشاء...**). مرۆڤ دەتوانێت بپرسێت، کە ئەگەر سەمبولی ئاگرو رووناکی پیرۆزییان لەلای خودای هەق نەبووبێت، ئەی بۆچی لە دەیان ئایاتی پیرۆزدا، خودا ئاماژەی پێ داوە؟

(یخرج الناس من الظلمات الی النور) ..بۆ نموونە بۆچی لە ئایەتی ٨ ی سورەتی (التغابن)دا لە پاش قودسیەتی خودا و پێغەمبەر، ئاماژە بە سەمبولی قودسیەتی رووناکی دەکات: ( فآمنوا باللە و رسولە و النور الذی انزلناە ......). پێغەمبەریش، وەکو ئەوەی لە کتێبی(فی احقاق الحق)ی (ثابت التستری) و کتێبی (کفایة الطالب)ی (قەرەشی الگنجی)دا تاکیدی لێکراوە، فەرموویەتی: ( انا و علي من نور واحد) یا ( خلقت انا و علي من نور واحد). لەوانەش زیاتر بۆچی لە ئیسلامدا بۆ پیاوی ئایندار، دەڵێن؛ پیاوی نورانی، دەموچاوی نورانییە، نوری محمدی لێ دەبارێ ....؟).

سورەوەردی کە لاوێکی دانسقەی گەنجانی هەموو جیهانی ئیسلامی بوو، لە ٣٦ ساڵیدا بووە قوربانیی ووشکەبڕوا و چەپەڵیی خاوەند عەساو مێزەرەکانی حەڵەبی ئەوێ رۆژێ، هەڵبەتە ئەگەر وەکو (ئیبن سینا) و (فارابی) ژینی درێژی هەبووایە، خودا دەزانێت کە فەلسەفە و حیکمەتی ئیسلامی دەگەیاندە چ هەڵکشان و کەشکەشانێک.لەوانەش





سەیرتر ، ئەوەیە ئەمڕۆکە لە زۆربەی کتێبە عەرەبیەکاندا کە ناوی (سوهروردی) هاتووە، نازناوی (الحلبی) پێوە لکێنراوە! لە حاڵێکدا ئەو تەنیا پێنج- شەش ساڵێکی ژیانی لەو شارەدا بەسەربردووەو هەر لەوێشدا قبوڵ نەکراوەو بە فیتی مەلا وشکەبڕواکانی ئەوێ بە غەریب زانراوە، تومەتبارکراوەو خزێندراوەتە زیندان و لەوێدا کوژراوە.

هەرچەندە بە پێی سەرچاوە مێژووییەکان، هۆی کوشتن (شەهیدکردن)ی سورەوەردی ئەوەبووە گوایە گومانی کردووە لە مەسەلەی (خەتمی نبوەت)ی پێغەمبەر، بەڵام لە راستیدا جگە لەو روونکردنانەی سەرەوە، هۆکارەکانی لەناوبردنی ئەو زانا داهێنەرە، زیاتر لەم خاڵانەی خوارەوە خۆیان دەبیننەوە:

١-بە حوکمی ئەوەی خۆی بە میراتگەری هەموو فەیلەسوفە ئیسلامیەکانی پێش خۆی زانیووە، لە بواری لێکدانەوەی هەر بابەتێکا بڕوای بە (موتلەقیەت – راهایی) نەبووە. لەبەر ئەوەی هەر لە سەرەتاوە، ویستوویەتی رەچەشکێن بێت و ببێتە خاوەندی داهێنانی فەلسەفیانەی باڵاتر، بۆیە ئامرازەکانی لە گەیشتن بە راستییەکان، هەمیشە فەلسەفەی شیکاریکردن و رەخنەگرتن بووە. جا نەک هەر سورەوەردی؛ هەر کەسێکی تریش ئەمە بێت، بێگومان ناتوانیت بە بێ لێکدانەوە و لێگەڕان، ببێتە ئامرازی گواستنەوەی گووتە. بۆیە کاتێ ویستوویانە بیخەنە ناو پیلانی چڵێسی و بێ ویژدانیی وشکە تێگەیشتنیان، پرسیاری ئەوەیان لێکردووە، کە ئایا بڕوای بەوە هەیە کە پێغەمبەر (د.خ) –خاتم الانبیاء–یە؟ ئەو وەک فەیلەسوفێ وەڵامی داونەتەوە، نەک بە(ئەرێ یا نەخێر)، گوتوویەتی کە خودا (لا حد لقدرتە)؛واتە توانای خودا بێ سنوورە، گەر بیەوێت پێغەمبەری تر رەوانە بکات، دەیکات. هەڵبەتە لەم جۆرە وەڵامە، پێغەمبەری ئیسلام خۆشی بە جۆرێک لە جۆرەکان، وەکو (حدیث) ئاڕاستەی صحابەکانی کردووە، کاتێ فەرموویەتی: (لو لم یبق من الدنیا الا یوم واحد، لطول اللة ذلک الیوم. حتی یبعث رجلا





من اهل بیتی، یوطی اسمە اسمی .... یملا الارض قسطا و عدلا کما ملئت ظلما و جورا). هەڵبەتە ئەم (حدیثە) هەرچەندە (ابي داود الترمذی) بە پشتیوانی قسەی (عبداللە بن مسعود) تاکیدی لێکردووە، بەڵام هەندێ لە زانایانی سوننی مەزهەب بە بانگەشەی شیعیەکانی دەزانن. مەبەست لە هێنانەوەی ئەم حەدیثە، ئەوەیە کە مرۆڤ بپرسێت کە ئایا بۆ دەبێ، هەمان بۆچوون بۆ کەسێکی وەک سورەوەردی لە لای وشکەبڕواکانەوە، بووەتە هۆی تومەتبارکردن؟ بۆ لەمەی ئەمدا لەلای بێ ویژدانانی دەسەڵاتی ئایین بە دەست، بووەتە کفری خودا و پێغەمبەرو قورئان؟ تۆ بڵێی راست بکەن کە گوایە:

– ویستوویەتی لە نرخ و پایەی پێغەمبەر (د.خ) کزکاتەوە،

– ئەو وەڵامەی ئاماژە بووبێت بۆ ئیدعای پێغەمبەرایەتی لەلایەن خودی سورەوەردییەوە، وەک چۆن (ئەفلاتوون)یش لە کاتی خۆیدا بانگەشەی پێغەمبەرایەتی کردووە.

٢-هەر لەو چەند ساڵانەدا، سورەوەردی، وەکو ئەوەی خۆی گوتوویەتی گەیشتۆتە چڵەپۆپەی داهێنانی ئەو فەلسەفە نوێیەی کە ناوی ناوە (حیکمەت الاشراق) ( فەلسەفەی ورشەیی) Illuminationist Philosophy ..................

سورەوەردی بەهیچ شێوەیەک، پایگا سەرەکێکانی داهێنانەکەی لەکەس نەشاردەوە، ئەو خۆی ئاشکرای کردووە کە:(( لە ئێراندا میللەتێک هەبووە کە لەلایەن خواوە هیدایەت و ئاڕاستەکراوە، فەیلەسوفە بەرزەکانیشی بە گشتی لەگەڵ ئاگرپەرستی ناکۆک بوون و منیش پایگا رەسەن و بەرزەکانی ئەو بیروباوەڕانە – کە رەچەڵەکی رووناکییە- بە تێکەڵاوکردن لەگەڵ تاقیکردنەوەکانی ئەفلاتوون لە قۆناخە دیارەکانیا، بەکارهانیووە بۆ نووسین و داهینانی ئەم کتێبەم کە بەناوی (حیکمەتی ئیشراق)ە. لەم کارەشدا، کەسێ لە پێش مندا کاری وای نەکردووە....)). بەڵام ئەمە بۆ تێگەیشتنی فەقیهە عەرەبزەدەکان، دەرچوونێک بووە لە پەیامی ئیسلام و خۆ بەستنەوە





بووە نەک هەر بە (مەجوسیەت)، بەڵکو لەوەش زیاتر خوگرێدانەوە بووە بە بیروباوەرە (مشرک)ە دێرینەکانی ئێران.

٣- لەو خالانەش زیاتر، پشت بەستنی سورەوەردی لە سەرجەمی نامیلکەکانیدا بە فەلسەفەی (نەوئەفلاتوون)ی و فەلسەفەی(هرمسی)کە هەندێ لە زانا رووکەشێکانی ئەوسای عالەمی ئیسلامی بە هەڵە بە فەلسەفەی ئیدریس پێغەمبەریان زانیووە.لەمەشدا وایان لێکداوەتەوە کە گوایە سورەوەردی ویستوویەتی یەکێ لە ئاینە کۆنەکان زیندوو بکاتەوە.

٤- لەو کەشوهەوایەی جەنگی خاچپەرستانەدا، بانگەوازە فەلسەفییەکانی سورەوەردی لەبۆ برەودان بە (وحدەت) و یەکانگیری ئایینەکان، وەک بدعەیەکی گۆمانلێکراو حیسابی بۆ دەکرا.(ابن ابی اصیبعة) لە لاپەڕە ٦٤١ ی کتێبی (عیون الانباء فی طبقات الحکماء) باسی تواناکانی سورەوەردی دەکات و کە کورتێکەی ئەمەیە:( یەکە کەس بوو لە حیکمەتدا، کۆبەندی هەموو هونەرە فەلسەفییەکان بوو، لە زانستی فەلەکیدا داهێنەر بوو، بێحەد ژێرودانابوو، لێکدانەوە هەڵێنجانی بیرۆکەی نویی لەلادا خورسکی بوو، بێ گرێ لە ئاخاوتندا، لە گفتوگۆدا لەگەڵ هەموو کەسێ داشی قسەی سواربوو، زانست و زانیارییەکانی لە ئەندازەی مێشک و عەقڵی گەلێ گەلێ زیاترە فراوانتربوو.کاتێ هاتە حەڵەب و لەگەڵ (فقهاء)ی ئەوێندەرێ کەوتە گفتوگۆ، بۆڕی دان، قینیان لێهەڵستاو هەوڵی لەناوبردنیان دا..)). بۆ سەلماندنی زیاتری ئەم کێشەیەی سورەوەردی لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ئایینی حەڵەب، لێکۆڵەرەوەی عیراقی (قاسم محمد عباس) لە کتێبی (نصوص اشراقیة) دا دەڵێت: کە الملک الظاهر، هەموو (فقهاء)ی حەلەبی بانگکرد بۆ دەرباری خۆی، بۆ دانوستاندن لەگەڵ شیهابەدین سورەوەردیی هاوەڵی، سورەوەردی هەموویانی دەمگوتکرد و ئاستی نزمی زانین و زانیاری هەر هەموویانی بۆ مەلیک ئاشکراکرد).



http://calameo-pdf-download.abuouday.com/printpage.php?url=p2.calameo.com%2F140106084046-4bce10ffecbe01074eb29348bd6d265a%2F&count=44... 8/23

٥– ئەو چونکە بێ شاردنەوە بانگەشەی بۆ فەلسەفەو تەصەوفێ دەکرد کە لەگەڵ بیروبۆچوونەکانی مامۆستایانی ئایینی دەرباری (الملک الظاهر) نە دەگونجا، بەڵام دوو هۆی تری کەسایەتی و هاوپەیوەندی سورەوەردی هەبوون کە زیاتر ببوونە هۆی دروستبوونی رق و کێنەی ناخیان:

– کە گەنجێکی سەرکێشی پڕ زانست و لە خۆرازی و دەریاوانی هەموو جۆرە بیرو فەلسەفەیەکی ئەو عەسرە بوو، – لەبەر ئەوەی هاوپەیوەندی توندی هەبوو لەگەڵ خودی (الملک الظاهر)؛ کە لە جۆری پەیوەندی نێوان پاشا و خەڵکانی تری دەربار دەرچووبوو. بۆیە مەلا و شێخەکان لەوە دەترسان کە ئەم پەیوەندییە ببێتە هۆی هەڕەشە دروستکردن لە سەر پایەو بەرژەوەندی و دەسەڵاتی دینییان.

٦ – بە گشتی دەشێ بڵێین سورەوەردی لەبەر ئەوەی خۆی بە زاناتر و باڵاتر لە فەیلەسوفەکانی پێش خۆی دەزانی. وە لە زانین و تێگەیشتنی فەلسەفەی یۆنانی خۆی بە کامڵتر دەزانی. هەمیشە لە ناوەڕاستی تەوەری گەڕان بە دوای راستی و هەقیقەت دەسووڕایەوە. بۆیە نەترس بوو، نیازی ناخی قسەی ئاشکرای سەرزاری بوو، بە هیچ شێوازێک نەیتوانیبوو وەکو زانایان و فەیلەسوفەکانی پێش خۆی بیر لە ژیانی سەرکزی و (ئاگرە سووره لە خۆم دووره) بکاتەوە. وە لەبەر ئەوەی خاوەندی بیرو هەڵوێستی وەکو ئەمەی خۆی گوتوویەتی، بووە، بۆیە هەمیشە ناحەزو شۆڤاری چڵێسی بۆ پەیدابووە:

**ابدا تحن اليكم الارواح و وصالكم ريحانها و الراح**
**و قلوب اهل ودادكم تشتاقكم و الى لذيذ لقائكم ترتاح**
**وا رحمتاه للعاشقين تكلفوا ستر المحبة و الهوى الفضاح**
**بالسر ان باحوا تباح دماوهم، وكذا دماء العاشقين تباح**





بۆیە ئەوان بە گەلەکۆمەکی گورگ ئاسای سەر رووحێکی تەنیا، داوایان لە (الملک الظاهر) کرد کە سورەوەردی هەڵبواسێت. ئەو داواکەیانی پێ قبوڵ نەکرد. بەڵام ئەو وێژدانە نەزانانەی هەقیقەتی دیانەت و پاقژی مەزهەب، نامەیەکی تۆمەت ئامێزی پڕ ئیمزا و مۆڕیان گەیاندە دەستی سوڵتان(صلاح الدين)ی باوکی (الملک الظاهر). ئەویش بۆ ئەوەی پشتیوانی دەسەڵاتدارانی ئایینی ئەو کەشوهەوایەی ململانێی نێوان ئیسلام و خاچپەرستان لەدەست نەدات، دەمودەست فەرمانی کوشتنی (شێخ شیهابەدین سورەوەردی) رەوانەی(الملک الظاهر)ی حەلەب کرد.ئەویش دەبوو فەرمانی سوڵتان جێبەجێ بکات، بەڵام لە باتی لە سێدارەدان و هەڵواسینی، بە گوێرەی ویستی سورەوەردی خۆی، لە زیندانی ئاخنی و لەوێدا هەرچۆنێ بێت لەبێ خۆراکی، بە نهێنی مرد و لەنێوبردرا. شێخ شەمسەدین شارەزووری؛کوردە شاگردی سورەوەردی، دەڵێت؛ کوشتنەکەی لە رۆژێکی هەینی مانگی (ذيحجە) ی ساڵی ٥٨٧ کۆچی = ١١٩١ز بووە.





# سورەوەردی و رەخنەگرتن لە فەلسەفەی (مەشائی)

The peripatetic Philosophy

فەلسەفەی مەشائی، یەکەم رێڕەوی فیکری فەلسەفی بوو کە لە سەدەی چواری پێش زایینی وەکو شێوازی فیکرکردنەوەو جۆری وانەوتنەوەی رۆیین بە شاگردانی فەلسەفە، ئەرستۆتالیس (ئەرەستۆ) ئیجادیکرد. ئەرەستۆ، بە عادەت لە راڕەوەکانی بینایەی (لیسیۆم)ی ئەسینا، بە رۆیشتن دەرسی بە خوێندکارانی خۆی دەگوتەوە. هەندێ لێکۆلەرەوەی مێژووی فەلسەفە، زیاتر ئەم ریڕەوە بە (ئەرستۆتالیزم)یش ناوزەد دەکەن. ئەرەستۆ، کە شاگردی (ئەفلاتوون –فلاتون) بوو، گەیشتبووە ئەو بۆچوونەی کە مرۆڤ دەتوانێت تەنیا بە رێگەی مەنتیقەوە بگاتە راستیی و هەقیقەت. لەوەش زیاتر لەو بڕوایەدا بوو کە دیاردەی دنیای نموونەییش– نەک هەر ئەوەی رۆژانە بە چاو دەبینرێت، بە بەکارهێنانی مەنتیق دەتوانرێت دەرکی پێبکرێت، کە رەنگدانەوەی دنیای راستەقینەیە؛ دنیای نموونەییە. ئەو لە چوارچێوەی بیرە فەلسەفیەکەیا، لای وابوو کەون، بە هیچ شیوەیەک لە هەقیقەتی رەها جیاواز نییە! پێشیی وابوو کە مرۆڤ بۆ ئەوەی لە هەقیقەت تێبگات، پێویستە سەرنجی دیاردەکان بدات ولە نهێنییەکانیان بکۆڵێتەوە و ئاشانایان بێت.

ئەرستۆ، یەکەم فەیلەسوفی بوو، کە فراوانترین کاریگەری هەبووە لەسەر مەیدانی فەلسەفە لە ناو عالەمی ئیسلامدا. لە جیهانبینی ئیسلامیدا، ئەوانەی پەیڕەوییان لێ کردووە بە پەیڕەوانی فەلسەفەی (مەشائی) ناسراون. لە سەرووی هەمووشیانەوە (بوعەلی سینا، فارابی و بەهمەنیاری کوڕی مەرزەبان ). هەرچەندە فارابی تازەکەرەوەی فەلسەفەی (مەشائی) بوو، وە لە پاش ئەرەستۆ، هەڵگری نازناوی (المعلم الثاني) بوو، بەڵام لە ناو پەیڕەوانی ئەم رێڕەوە سەردەستەیان (بوعەلی سینا) بووە.





فەلسەفەی مەشائی وەکو بەردەوامیی فەلسەفەی (ئەرستۆتالیزم)ی، بەردەوامیی هەوڵەکانی مامۆستای یەکەم، بۆ گەیشتن بە هەقیقەتی سەرپەڕ (هەقیقەتی نموونەیی – رەها) بڕوایان بە مەنتیقی گەران و لێکۆڵینەوەو سەرنجدان ئەنجامگیریی هەبوو، وە مەنتیقیان بە ئەرکی یەکەم و دوایی زانیووە. پێشیان وابووە کە ئەم ئەرکانەش تەنیا ئەو عەقڵانە سەریان لێدەردەچێت، کە خەملاوی ماتماتیک و ئەندازە و مەنتیق و تیئۆری مۆسیقیین.واتە حیکمەت و فەلسەفەی مەشائی بڕوای بە خۆهیلاککردن هەیە و پەروەرشی هۆش و عەقڵ بە پێداویستی سەرەکی دادەنێت بۆ گەیشتن/یا تێگەیشتن لە هەقیقەتی سەرپەڕیی/ یا حیکمەتی ئیلاهی.

هەڵویستی سورەوەردی، لە رێڕەوی فەلسەفی مەشائی، لەگەڵ ئەوەی بە قسەی خۆشی تاکید لەوەکراوەتەوە کە لە ژیانی زانستی و فەلسەفەی خۆیدا زۆر سوودی لەسەرجەمی کارەکانی (بو عەلی سینا) وەرگرتووە، وە کارە سەرەتاییە ئیشراقییەکانی ئەو بووە، کە ئەمی (سورەوەردی) هیناوەتە سەر بیرکردنەوە لە داهینانی فەلسەفەیەکی نوێی ئیسلامی. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، سورەوەردی هەمیشە کێشەی هەبووە لە قبوڵکردنی مەنتیقی یەک سەرەی ئەرستۆ. کە ئەو بە مەنتیقی نەگۆڕ، کۆتا، وێنەیی (فۆتۆگرافی بە زاراوەی ئەمڕۆیی)وەسفی کردووە. بۆیە کاتێ هەوڵیداوە کە ریزبەندی فەیلەسوفەکانی ئیسلام بکات، کردوونی بە سێ بەش (دەست)ەوە و (بوعەلی سینا) و فەلسەفەی مەشائی، بە دەستەی دووەم حیسابکردووە و گوتوویەتی کە ئەوان پەیڕەوانی فەلسەفەی کۆنن؛ کۆن بەو واتایەی کە هەوڵ و تێگەیشتن و رێڕەوەکەی ئەم نوێتر و کراوەترە. سورەوەردی لەوەش زیاتر ناوی ناون، فەیلەسوفەکانی (النظرية و البحثية). فەلسەفەکەیانی بە فەلسەفەی وشک و برینگ و دوور لە هەستیاری و (ذوقيات) زانیووە.

سورەوەردی، هەروەکو ئیمام محمەدی غەزالی پێش خۆی، کە لە کتێبی (تهافت الفلاسفة) راستیی جەنجاڵیی و سەرنگوونی

فەیلەسوفەکانی بەیانکردووە، پیی وابووە کە حاڵەتی پەرێشانی و خۆ وونکردنێکی ترسناک لە مەیدانی فەلسەفەو لە ناو فەیلەسوفانی ئیسلامدا هەیە. سورەوەردی خۆی بە نزیک دەزانی لە هەندێ بیرو بۆچوونی (بوعەلی سینا)، هەرچەندە ئەوی بە مێرگێک دەزانی لەسەحرای گومڕایی حکیمانی ئیسلام، بەڵام پێی وابوو کە هەر هەموویان بە دووی سەرابە جۆربەجۆرەکانی فەلسەفەی یۆنانی کەوتوون. وە بە گشتی بیرکردنەوە لە سوودبینین لە بێ سنووریی فەلسەفەی (خەسرەوانی ئێرانی)و مەزنیی فەلسەفەی (هرمسی)میسری کۆنی؛ باوباپیرانی خەڵکانی هاودینی خۆیان، فرامۆش کردووە.

هەروەکو هینری کۆربن، لە لاپەرە ٣٢٢ی کتێبی (تاریخ الفلسفة الاسلامیة)دا دەڵێت؛ لە بۆچوونی سورەوەردیدا، حەکیم (فەیلەسوف) ئەو کەسە بووە کە لە هەموو ئەملاو ئەو لایەکی ناسینی خودادا کۆشش دەکات. وە لە لاپەرە ١٢ ی کتێبی (حکمة الاشراق)دا لەم چەندین ئاست و ریزبەندیەدا، دابەشی کردوون:

١– حەکیمی خودایی قاڵبووی (التآلهه)، بەڵام بێ لێکۆڵینەوەو لێگەڕان،

٢– حەکیمی خەریکبوو بە لێکۆڵینەوەو لێگەڕان، بەڵام بێ (تآلهه)،

٣– حەکیمی خودایی، قاڵبوو لە (تآلهه) و لێکۆڵینەوەو لێگەڕان،

٤– حەکیمی خودایی، قاڵبوو لە (تآلهه) ومامناوەندی لە لێکۆڵینەوەو لێگەڕان.

سورەوەردی لە پاش ئەوەی لە قۆناخی تێگەیشتنی کۆتایی فەلسەفەی مەشائی و لە هەوڵە سەرەتاییەکانی (ئیشراقیەت)ی ئیبنی سینا بووەوە، هەوڵیدا هێڵکاری دابڕانێکی روون لە نێوان قۆناخی ژیانی خۆی و قۆناخە پیشووترەکانی فەلسەفەی ئیسلامی دروست بکات.بە تایبەتی بەرامبەر بە فەلسەفەی (مەشائی). لەو سۆنگەیەوە، توێژەرانی فەلسەفەی ئیسلامیی، ئەویان بە سەرەکیترین





پێشبڕکێکاری تیئۆری (گەوهەری بنەڕەتیی حیسابکردووە. هەرچەندە لەلای Primacy Quiddity

لێکۆڵەرەوە رۆژئاواییەکانی فەلسەفەی ئیسلامی، سورەوەردی بە رێکخەرو گونجێنەری سێ پایەی فەلسەفیی جیهانی؛ سۆفیزم و مەشائی و خوسرەوانی دەزانن و لەوەش زیاتر بە رەخنەگری راستەقینەی فەلسەفەی مەشائی و داهێنەری فەلسەفەییەکی نوێی و تازەی ئیسلامی دەیناسن. بۆیە، بۆ تێگەیشتنی بیر و بۆچونی فەلسەفەناسان و مێژوونووسانی فەلسەفە، چاکە بە روونی ئەوە بگوترێت کە گەرچی داهێنانەکەی سورەوەردی، لە منداڵدانی بۆچوونەکانی ئەو پایگایانەی سەرەوەو هی (بوعەلی سینا) سەری هەڵدا، بەلام هەرگیز هەر بە تەنیا کاری رەخنەگرتن نەبووە لەو زاتە و لە ئەرستۆی مامۆستای، بەڵکو رێکخستنەوەیەکی زانستیانە بووە، بۆ ئەو بیروبۆچوونە میتافیزیقیەی کە چ لەپێش و چ لە پاش داهێنانی (حیکمەتی ئیشراق)یشا، هەر سەرتۆپی هۆشی خەڵکانی جیهانی ئیسلامی گرتووەو دەگرێت.

سورەوەردی هەرچەندە تێگەیشتن لە فەلسەفە بە گشتی و ئیشراق بە تایبەتی، بە پێداویستییەکی گرنگ دەزانی، بۆ تێگەیشتن لە فەلسەفەی مەشائی. بەڵام بە پێچەوانەی (ئیبن سینا) و ئەرستۆ، لای وابوو کە بۆ لێکۆڵینەوەی گەیشتن بە هەقیقەت، بە تایبەتی حیکمەت و فەلسەفەی هەقیقەتی خودایی، هەر بەتەنیا بیرکردنەوەی عەقڵیی بەرئەنجام تێرناکات. بەڵکو کێشمەکێشی ئەو سەودایە، پێوویستیی بە ئاگاداری دڵ و (ریازەت)ی دەروونی و پاقژکردنی نەفس و هۆش هەیە. بۆ گەیشتن بە (العلم الکامل) زانستی تێگەیشتنی سەرجەم، جگە لەوانەی باسمان کردن، پێوویستە هۆش و گیانی ئینسانی فەیلەسوف، راهێنرابێت بۆ دەرچوون لە تاریکی هەوەس، وە دەروون بە گشتی پەرییانە پاک و بێگەردو پاقژ کرابێت.





بۆ کورتکردنەوەی هەڵوێستی رەخنەگرانەی سورەوەردی لە مەشائیەکان، ئەو دەڵێ، بەڵێ عەقڵ ئامرازی سەرەکی ئیدراک و تێگەیشتنە، بەڵام بە تەنیا توانای تێگەیشتن و تەیکردن و پێگەیشتنی نییە بە هەموو هەبووەکان. بۆچی توانای نییە؟ چونکە عەقڵ یەخسیری بزوتنەوە سنووردارەکەی خۆیەتی. بۆیە تێگەیشتنەکانی حیکمەتی مەشائی، لە جیهانی هەست و هەبوون، هەرچەندەش بڕ بکات، هێشتا هەر سنوورداره.

هەڵبەتە ئەوە نییە کە فەلسەفەی مەشائی لەناو ئیسلامدا، لەبەر وشکی بۆچوونەکانی بۆ دۆزینەوە هەقیقەت، داشکاوبووبێ و لە دوای داهێنانەکەی سورەوەردی خۆی شاردبێتەوەو مەیدانی چۆڵ کردبێت. بەڵکو ئەمیش هاوتەریب لەگەڵ حیکمەتی ئیشراقدا، تاوەکو ئیستاش پەیڕەو و موریدانی خۆی هەیە و بوارێکی فراوانی بیری فەلسەفەی ئیسلامی داگیرکردووە.





# فەلسەفەی ئیشراق (ورشەیی) چییە؟

## Illumination Philosophy

هەر هەموو مێژوونووسان و شارەزایانی فەلسەفەی ئیسلامی، لەوەدا بێگومانن رێڕەوی ورشەیی، کە یەکێکە لە دوو قوتابخانەی فەلسەفەی ئیسلامی، لەلایەن شیهابەدین سورەوەردییەوە کرا بە فەلسەفەو رێڕەوەی جیاواز لە جۆرەکانی فەلسەفەی ئیسلامی. سورەوەردی ئەم بیرۆکە نوێیەی خۆی لە کتێبی (الحکمة الشرقیة) دا ئاشکراکرد.کتێبەکە لە دوو بەش؛ هەر بەشێکیش لە چەند وتارێک پێک هاتووە:

– بەشی یەکەمی پێک هاتووە لە؛ وتارێ لەسەر سیستەمە فیکرییەکان (فی ضوابط الفکر)، و وتارێ لەسەر زانیارییەکان و ناساندن (فی المعارف و التعریف).

– بەشی دووەمی کە سەبارەت بە تیشک (رووناکی)یە پیرۆزەکانە پێک هاتووە لە؛ پێنج وتار :

١– تیشکی تیشکەکان و ریاڵەتەی (نور الانوار)، ٢– لە سەرسیستەمی هەبوون (وجود)، ٣ – چالاکی رووناکییەکان،

٤ – سەبارەت بە بەرزەخەکان،

٥ – سەبارەت بە کەشف و نبوەت و خەونەکان).

بۆ کورتە ناساندنێکی رێڕەوەی ورشەیی، دەکرێت بڵێین کە سورورەردی، بە پێچەوانەی فەیلەسوفەکانی پێش خۆی، پێی وابووە کە مرۆڤ ناتوانێت و پێی ناکرێت تەنیا بە پشت بەستن بە لێکۆڵینەوەی عەقڵیی و تیئۆریی، بگاتە راستییەکانی هەبوون و سەرچاوە و کانەکانی رووناکییەکانی زانین و راستیی، بەڵکو دەبێت لەوەش زیاتر

رۆبچێت و (تآمل)ی رووحی هەبێت و دەروونی خۆی پاقژکردبێت و لە ئاست و قۆناخە باڵاکانی (ریازەت)دا بێت. بە واتایەکی تر داهێنەری فەلسەفەکە، پێی وابووە کە رێگەی راستی و (مەعریفەت) پێوویستی بە دوو بزوتنەوەی هاوتەریب هەیە. بزوتنەوەو ئەمەکی فیکری و بزوتنەوەو ریازەتی دەروونیی و رووحی. وە بەبێ هەبوونی هاوتەریبی ئەو دوو بزوتنەوەیە بیرمەند ناتوانێت و پێیناکریت بگاتە راستی هەبوون/یا هەبوونی باڵا.

هینری کۆربن، لە لاپەڕە ٣٢٣ ی کتێبی (تاریخ الفلسفة الاسلامية) دا، دەڵێت: ئاستی ئەو روحانیەت و ریازەتی دەروونییەی سورەوەردی مەبەستی بووە، لە ئاکامدا بەرەو دوو رێگە دەڕۆن؛

– رێگەی ناسینی خودایە: کە هەر لە بیروبۆچوونی فەیلەسوفە کۆنەکانی (ئەغریق)ەوە دەست پێ دەکات؛(لە سوقراتەوە بۆ فیساغۆرس و ئەفلاتوون تا دەگاتە متەسوفە عەرەبەکانی وەک دوالنون المصري و سهل التستری ...)

– رێگەی دۆزینەوەو کەشفی خودا: کە رێگەی حکیمە کۆنەکانی ئێران، سورەورەدی پێی وایە ئەم رێگەیە وەکو میرات بۆ ئەم متەسوفانە (بوسطامی، حەلاج و حەسەنی خەرقانی) ماوەتەوە.

سورەوەردی سووربوو لەسەر ئەو باوەڕەی کە، رووناکی یەکەم دەستپێکی هەبوون و رەچەڵەکی هەموو ماکەکانی ترە و خودا هەر خۆی رووناکی رووناکییەکانە (نور الانوار). وە پێی وابوو کە تاریکی هیچ شتێک نییە، زیاتر لە دوورکەوتنەوەی هەبوون لە دەستپێکی رووناکی.لەلای سورەوەردی هەر گومڕاییەکی مرۆڤ بەرامبەر بە هەبوونی تاک، هەڵهێنانی هەنگاوەکانیەتی بۆ بەرەو نزیکبوونەوە لە تاریکیی.بۆیە مەبەستی باڵای مرۆڤ (مرۆڤایەتی) دەبێت هەر هەڵکشان بێت بەرەو رەسین (بلوغ)؛رەسین بە یەکبونی هەبوون. ئەمەش تەنیا لە ئاستێکدا بەدی دێت کە مرۆڤ هەڵدەکشێ ،(تەجەلی) دەکات و دەتوێتەوە لەناو سەرچاوەی گەوهەری رووناکی.





لە بۆ تێگەیشتن و پاشان کارکردن لە مەیدانی فەلسەفەی ئیشراقدا، ریازەت یەکێکە لە ئامرازەکانی گەیشتن. ریازەت لە بۆچوونی سورەوردیدا دەروون رزگارکردنە لە هەوەس و لەزەتەکان. ئەمەش تەنیا بەوە دەبیت کە هۆگرو پەیڕەوکاری ئیشراقیەت یا پشکێنەری کاروباری ورشەیی، لە خواردن و لە پۆشین و لە ئامادەکردنی بواری تایبەتی ریازەتا، ژیرو ئاگەداربێت. دەبێت لە خواردندا کەم و رووەک خۆربێت، لە پۆشیندا پاک و بۆن خۆش بێت، لە فەزادا، شوێنی تاریک و خامۆش و پڕ بخور و عەتر، ئامادە بکات. سورەوەردی و ئیشراقییەکانی پاش خۆی، بێگومانن کە عەقڵی بێ ریازەت، خواه ناخواه، دەبێتە خزمەتکاری هەوەس و شەهوەت و مالکیەت. هەروەها ریازەت بازنەییەکی بچووکە لەناو بازنەیەکی زۆر گەورەتر، کە لە جیهانی سۆفێتیدا (عیرفان)ی ناوە و لە فەلسەفەدا بە (غنوصیەت) ناسراوە. عیرفان باوەڕکردنە بەوەی ئینسان دەتوانێت بە رێگەی پاقژکردنی نەفس، ریازەتی گیانی و جەستەیی، نەویستنی دنیا، شێوازی هەڵسان و دانیشتن، سەیرو سلوک، چوونە خەڵوەت....، پایەپایە قۆناخەکان ببرێت و پەیوەندی ببەستیت لەگەل خوداو ئەو هەبوونەی کە فەلسەفەی ماددی بە (میتافیزیک)ی دەناسیت.پاشان لە کۆتایی ئەو سەیرو سلوکەدا، دڵ دەبێتە مەکۆی سروش ورشەی ئیلهامی خودایی، لەوەشەوە دەگاتە راستیی هەبوونی بێگەرد.

ئێشراق، وەکو بابەتی بیرکردنەوە، لە مێژووی فەلسەفەی جیهانیدا لە چوار خانەدا خۆی *دەبینێتەوە:* ١

١ – خانەی حیکمەتی ئیشراقی نەوئەفلاتوونی، (الجرجانی) لە (کتاب التعریفات)ەکەیدا، بۆ ناساندنی ئیشراق دەڵێت: (ئیشراقیەکان، کۆمەڵێکن سەرۆکەکەیان ئەفلاتوونە. السهروردی خۆی لە کتێبی (المطارحات) دا گوتوویەتی: ئیمامی خەڵکانی حیکمەت، ئەفلاتوونی سەرۆکمان)..). لە ناساندنی ئەم شێوە حیکمەتە، دەکرێت بڵێین کە، نەوئەفلاتوونی بە گشتی کۆبەندی هەموو





تێزو رێڕەوەکانی فیکری فلسەفی یۆنانییە، بێچگە لە رێڕەوی (ئەبیقۆڕی). ٢– خانەی ئیشراقی ئیسلامی؛ دەکرێ کارە ئیشراقییە سەرەتاییەکانی (ئیبن سینا) لەم دەستەیەدا ریزبەندی بکرێت. بە تایبەتی کتێبی (منطق المشرقیین) ی (ئیبن سینا).

٣– خانەی حیکمەتی ئیشراقیی ئێرانی کۆن،

٤– خانەی حیکمەتی ئیشراقیی سورەوردی، کە لەم قۆناخەوە ئیتر ئەم بابەتە لە بابەتی لاوەکیەوە گواستراوەتەوە بۆ دامەزراندنی قوتابخانە/ رێڕەو/ فەلسەفەیەکی نوێی بە هەمان ناوی حیکمەتی ئیشراقەوە.

هەر لەبەر مەزنی ئەم داهێنانەشە، کە کەسێکی وەکو دوکتۆر (غلامحسێن ئیبراهیمی دینانی) بە شانازییەوە دەڵێت: (فەلسەفە خۆی سەرگورشتەیەکە، بەڵام سورەوەردی داهێنەریش سەرگورشتەیەکی ترە لە دنیای داهێنانی زانست و مەعریفەتدا). سورەوەردی لەم داهێنانەدا، چ وەکو پرۆگرامی خۆئامادەکردن و چ وەک کاری پراکتیکی، لە سازاندنی عەقڵیی و خوێندنەوەو ئامێتەکردنی زۆربەی هەرەزۆری فەلسەفەکانی پێش خۆی، بە چوار قۆناخ خۆی گەیاندۆتە ئاکامەکانی فەلسەفە نوێیەکەی:

١ – قۆناخی پاقژکردنی نەفس و ئامادەبوون بۆ (مکاشفه) و تێگەیشتن لە رووناکی خودایی؛ لەم قۆناخەدا چ وەکو فەیلەسوف و چ بە وێنەی سۆفی، خۆی ئامادەکردووە بۆ تێگەیشتن لە هەستی باڵا و بڕواکردن بە هەبوونی (ئەوەی لەودیوی سروشتایە).

٢ – قۆناخی بینینی رووناکییە خوداییەکان و وەدەست خستنی ئەو رووناکیانەی کە دەبنە پایە بۆ ناسینەوەو مەعریفەت.

٣ – قۆناخی سازاندنی زانستی هەقیقی.لەم قۆناخەدا سورەوەردی سوودی بینیووە لە تاقیکردنەوەو زەخیرەکانی هەردوو قۆناخی پیشوو. لە چوارچێوەی سیستەمی وێناکردنی بورهانیی، پایەو بناخەکانی قەڵاتی زانستیی خۆی بنیات ناوە.





٤ – قۆناخی نوسینی ئەنجامەکان؛ واتە لە پاش ئەو سێ قۆناخەدا، لەلای سورەوەردی رەسینی بێگومان دروست بووە و تاقیکردنەوەکانی خۆی نوسیووە. لەم نوسینەشدا، کە کتێبی (الحكمة الاشراقية)یە، سوروەردی بەدەر لە فەیلەسوفەکانی پێش خۆی، دوو زمانی بەکارهانیووە بۆ نوسینی فەلسەفەکەی؛زمانی ئاسایی فەلسەفی و زمانی (تەمسیل) ی ئیشراقی!.

سورەوەردی، پێش گەیشتن بە قۆناخی چوارەم؛واتە قۆناخی نووسینی فەلسەفەی ئیشراق، هەر لە سەرەتای کارەکانیەوە – لە کۆتایی تێگەیشتن و راڤەکردنی فەلسەفەی مەشائیەتەوە، هەنگاو بە هەنگاو شاگردو خوێندکارانی دەوربەری خۆی لە بۆچوونەکان و سەرەتاکانی بیرۆکە تازەکەی ئاشنا کردووە. بۆیە رەنگدانەوەی ویست و بۆچوونەکانی، بە پێی کرۆنۆلۆژی نوسین و گەیاندن، لە نامیلکەی (التلویحات)ەوە دەست پێکردووە و هەڵکشاوە بەرەو نامیلکەی (المشارع و المطارحات). بۆ خۆئامادەکردنی وەڵامدانەوەی دژە بیرەکان نامیلکەی(المقاومات) بەرهەمهێناوەو لە کۆتاییشدا بۆ ئەوەی پوختەی بۆچوونەکانی خۆی بەبێ کێشە، بگەێنێتە هەموو ئاستە جیاوازەکانی تێگەیشتنی دەوروبەر، پوختە و کورتەی سەرجەمی نامێلکەکانی پێشووی لە نامیلکەیەک بە ناوی (اللمحات) دا کۆکردۆتەوە. ئەمانەش هەر هەموو ئامادەکاری بوون بۆ هەڵکشان بەرەو داهێنانی نوێ؛ داهێنانی کتێبی (فەلسەفەی ورشەیی).

وەکو باسمان کرد، ئەو زمانە تێرمۆنۆلۆژییەی سورەوەردی لە(حیمکەت الاشراق)دا بەکاریهانیووە، تێرمۆنۆلۆژیایەکە، نامۆ لە عالەمی فەلسەفەی پێشووی ئیسلام. کە دەشێ لێرەدا بە راگوزەر ئاماژەیەکی پێ بدەین و بڵێین: بۆ ئاشکراکردنی جیاوازی کارەکانی لەگەڵ هەموو فەیلەسوفەکانی پێشتر، بە تایبەتی لەگەڵ کارەکانی (بوعەلی سینا)، سورەوەردی بێ سڵکردنەوە، تەوقی خۆبەستنەوە بە تێرمنۆلۆژییە عەرەبییە (بەناو ئیسلامی)یەکانی شکاندووەو لە زۆر شوێنی نامیلکەکانی

–بە تایبەتی لە کتێبی (الحکمة الاشراقیة)دا، هەڵستاوە بە بەکارهێنانی وشەو زاراوەگەلی، فەرهەنگی خوسرەوانی ئێرانی، بە تایبەتی وشەگەلی ئاینی زەردەشتیی. بەکارهێنانەکانیشی بە ئەندازەیەک زۆر بووە، کە بواری رەخساندووە بۆ عەرەبزەدەکان کە بە (مەجوسیەت) تومەتباری بکەن و پاشانیش کەسانێکی وەکو (هینری کۆربن)ی فەیلەسوفی فەرەنسی وا لێ بکات، سورەوەردی بە تاقە شێخی ئیشراق بناسێت:

Master of the Oriental theosophy

واش بیربکاتەوە کە لەوە بچێت، مەبەستی سەرەکی سورەوەردی لەو کارەیدا، زیندووکردنەوەی حیمکەتی دێرینەی ئێرانی بووبێت. لەوەش زیاتر (کۆربن) لەو بڕوایەدا بێت کە سورەوەردی مرۆڤێکی زۆر دووربین بووبێت و ویستبێتی ئیتر لەپاش خۆی هەموو فەیلەسوفە ئێرانییەکان (غەیرە عەربەکان) لە دەوری ڕێڕەوە تازەکەی کۆببنەوە. گرنگی تایبەتی بدەن بە کتێبی (حکمة الاشراق)ەکەی؛ ئەو کتێبەی کە یەکێ لە سەرچاوە هەرە سەرەکییەکانی پایەو پرنسیپ و زاراوە ئاینیەکانی زەردەشتی بووە.





# سەرچاوەکانی فەلسەفەی ئیشراق:

ئەوانەی گرنگیان داوە بە سورەوەردی و فەلسەفەی ئیشراق؛ کەسانی وەک شێخ شەمسەدین شارەزووری، هینری کۆربن، خەیری یازدی، سید حسێن نصر، غلامحسێن ابراهیم دینانی، د. محمد الریان و ...هتد، هەموو لەسەر ئەو باوەڕەدان کە سورەوەردی لەو داهێنانەیدا، پشتی بەستووە بە / یا لە خەڵتەی بیروبۆچوونی ئەم سەرچاوانەوە کارەکەی ئەنجامداوە:

– کارە سەرەتاییەکانی بابەتی ئیشراقی ئیسلامی، بە تایبەتی کارەکانی (بوعەلی سینا)،

– بیروبۆچوونی سەرچاوەکانی فەلسەفەی یۆنانی؛ بە تایبەتی کارەکانی (نەوئەفلاتوون)یان،

– ئاڕاستەکانی حیکمەتی ئێرانیی،

– هەموو ئەو بیرۆکە نوێیانەی کە، خۆی خستوویەتە سەر بابەتی ئیشراقەوە.

سورەوەردی جگە لە بیروبۆچوونە نوێیەکانی خۆی، لەم کارەیدا توانیوویەتی سوود لە جۆری مەنتیقی ئیسلامی وەربگرێت و ژیرانە بە شێوازێکی سستماتیک، لەگەڵ دژە بەڵگەهێنانەوەکانی یۆنانی کۆن بیانگونجێنێت و بە ئامرازە خوسرەوانی ئێرانیەوە، بگاتە قەناعەتی پێداویستی گەیشتن بە رەسین. لە کۆی هەموو ئامانەشدا، داهێنانێک پەیدا بکات کە رەچەشکێنی نوێ بێ و بەڵام ماک و ماهیەتی هەموو ئەو کۆنانەشی تێدا هەبێت.
شایانی باسە کە روونترین راڤەکردنی سەرچاوەکانی (حیکمەتی ئیشراق)ی سورەوەردی لە کتێبی (برخی بررسیها درباره جیهان بینی هاو جنبش های اجتماعی در ایران) احسان طبرییدایە. کە ئەم





کورتەیەی خوارەوە، هەندێ لەو بۆچوونانەی (طەبەری) ن، سەرچاوەکانیش بە گشتی پێکهاتوون لە:

١– سەرچاوەکانی فەلسەفەی یۆنانی:

چەشنی بۆچوونە فەلسەفیەکانی؛فیساغۆرس، دیموکریت، هیراکلیس، ئەفلاتوون و ئەرەستۆ. سورەوەردی لەو کتێبەیدا، وەکو هەنگی بیر، گوڵبژێری هەموو ئەو فەلسەفانەی کردووە، کە لەسەرجەمی چاخەکانی ژیارو شارستانیەتدا، بە جۆرێک لە جۆرەکان کاریگەری فەلسەفەی (خوسرەوانی)یان لەسەردا هەبووە، یا هەندێ لە بۆچوونە کۆنەکانی ئێرانیەکانیان وەرگرتووە. وەک ئەوەی (فرفریۆس)لە کتێبی (تاریخی فەلسەفە)دا، ئاشکرای کردووە کە فیساغۆرس، لە بۆچوونە فەلسەفییەکانیدا، باسی (موغەکان)و (ئاهوڕامەزدا)ی کردووەو (ئاهوڕا)ی بەتیشکی هەقیقەت ناسیووە. یا کە لە هەندێ کارو نووسیندا، ئەفلاتوون، کاریگەری و بیری (مەزدەیەسنا)یی پێوە دیارە. هەتتا دوالیزمیی ئێرانیی، لە بەشێک لە فەلسەفەی ئەسکەندەرانی و (سوری)یدا؛کە هەردووکیان لە لقی رۆژهەڵاتیی فەلسەفەی یۆنانین، روون و ئاشکران.لەسەرووی هەمووشیانەوە، نەوئەفلاتوونی، کاریگەرییەکی بێ سنووری لەسەر فەیلەسوفەکانی عالەمی ئیسلامییەوە هەبووە. هەڵبەتە نەوئەفلاتوونیش، کە بە چەندین قۆناخی مێژوویيدا تێپەڕیووە، لەسەر ئەم پایە و ڕێڕەوانە دامەزرێنراوە:

١ –١: ڕێنماییەکانی ئەفلاتوون و مامۆستاو شاگردەکانی پاش خۆی، وەک فرفریۆس ...،

٢ –١: ڕێنماییەکانی ئەرستۆ؛ بە تایبەتی ئەو بۆچوونانەی کە لەگەڵ ئەوانی ئەفلاتوون یەکناگرنەوە،

٣ –١: بۆچوونەکانی فیساغۆرس و لقە قوتابخانەکانی، فیساغۆرسی وەک قوتابخانەی (ئەنتاکیا)ی سووری و قوتابخانەی فەلسەفی (ئەسکەندەری)؛ کە لە سەدەی چوارەوە سەری هەڵداوەو پەیڕەوانی (هرمسی) ناسراوترین گرۆپ و تاقمیانن. هرمیسییەکان





بەبۆچوونی (مبلیکسۆس)ی فەیلەسوف، نزیکەی دوو هەزار نامیلکەی فەلسەفیان هەبووە. بەڵام بە پێی هەندی بۆچوونی تر، گوایە تەنیا ٢٤ نامیلکەیان هەبووەو لەوانەشا هەر ١٧ یان ماونەتەوەو ئێستا لەبەر دەستدان. شایانی باسە، کاتی خۆی هرمیسییەکانی یۆنان، هەڵگری ناوی (برادەران) بوون. بۆیە هەندێ لێکۆڵەرەوە لایان وایە کە (اخوان الصفا)و نامیلکەکانیان، دووبارەبونەوەو لاساییکردنەوەی دەقاودەقی، ئیسلامییانەی ئەو تاقمە یۆنانییەن.

بە گشتی، بە پێی بۆچوونی هەندێ سەرچاوە، لەوانە (ابن الندیم) لە کتێبی(الفهرست)دا؛ هرمس حەکیمێکی بابلی بووە، بەرەو مصر کۆچی کردووە و لەوێدا بە توانای حیکمەت و فەلسەفی خۆی توانیوویەتی ببێتە مەلیکی مصر. هەرچی (الشهرستانی)یە، لە لاپەڕە ٤٥ ی جزمی دووەمی (الملل و النحل)دا، لای وابووە کە هرمسی مەزن، ئیدریس پێغەمبەرە.

سورەوەردی، وەکو شاگردو خوێندکارو پاشان خۆ ئامادەکار بۆ داهینانی نوێ، لە تێگەیشتنی هەموو ئەم سەرچاوە یۆنانیانە خەملاوەو سوودی لێ بینیوون.

٢ – سەرچاوەکانی حیکمەتی ئێرانی:

خاوەندی فەلسەفەی نور، شێخ الاشراق؛ بۆ ئامادەکردنی زۆربەی کتێب و نامیلکە فەلسەفییەکانی، دوورو نزیک سوودی بینیووە لە حیکمەت و فەلسەفەی ئێرانی باستانی. ئیتر چ فەلسەفەی خوسرەوانی بووبێت و یا پەهلەوی. کە دەشڵێین حیکمەتی ئێرانی، مەبەستمان تەنیا ڕێنمایی و بۆچوونەکانی زەردەشتی (مەزدەیەسنا)ی نییە. بۆیە نوسین ورەنگدانەوەی وەرگرتنەکانی، ئەوەمان بۆ روون دەکەنەوە کە جگە لەو فەلسەفەو ئاینزایە، لە بۆچوونەکانی (میهرپەرستی)، (زروانیگەری)، (مانیگەری) و(مەزدەکی)یش، سوودێکی زۆری وەرگرتووە. بۆ سەلماندنی ئەم راستییەش، مرۆڤ ئەگەر بە سەرپێیش سەرنجی نامیلکەکانی سورەوەردی بدات، دەبینێت، دەیان و بگرە سەدان بۆچوون و زاراوەو

ناوی مەزدایی و ئاینزاکانی تری ئێرانی دەورانی (هاخەمەنشی)، (سلۆکی)، (پارثی)، (ئەشکانی)، و (ساسانی) بەکارهێناوە.

لێرەدا، هەر بۆ نموونە دەشێ ئاماژە بە هەندێ لەو زاراوانە بکەین کە سورەوەردی لە جیهانبینی دیانەتی (مەزدەیەسنا)یەوە وەریگرتوون : ((لەباتی عالم الانوار، زاراوەی (سپنتەمینو) -لەباتی نور الانوار، زاراوەی (هرویسپ روشنی-لەباتی عالم الغواسق البرزخی، زاراوەی (ئەنگرەمینو)- لەباتی ناوی عەرەبی مەلائیکەتەکان؛ واتە لەباتی جبرائیل و عزرائیل و اسرافیل و ..، زاراوەکانی (شەهریوەر، ئۆردیبهشت، خورداد، مورداد ....) – لەباتی خودی وشەی مەلائیکە(ئەمشاسپەند)و (ئەمشاسپەندان) بۆ مەلائیکەتەکان. لەوانەش زیاتر لە هەندێ شوێنی نامیلکەکانی کۆمەڵێ وشەو زاراوەی (پەهلەوی) بەکارهێناوە؛ وەک وشەکانی (جاماسپ، کیومرث، جەمشید، بوزرگمهر، فراشوشتر و روانبەخش و....هتد).

٣ – سەرچاوەکانی فەلسەفەی هیندی:

سوودبینینی سورەوەردی لە بۆچوونە فەلسەفیە دێرینەکانی هیندستان، لە رێگەی ئەو داهینان و تەرجەمانەوە بووە، کە لە دەورانی ساسانیاندا، هێنراونەتە ناو مەیدانی رووناکبیریی و ئاینیی و فەلسەفەی ئێرانیەوە. وەک سوودبینین لەم نامیلکانەی خوارەوە:

– نامیلکەکانی (ئوپانیشاد)کان، کە سەبارەت بە یەکگرتوویی (خالق و مەخلوق)ن و سەر بە فەلسەفەی (مۆکشا)یی هیندییە.

– رێنماییەکانی (بودائی)، بۆ راهێنانی گیان و جەستە، نەفس بە ریازەتی رووحی و جەستەیی.

– فەلسەفەی (داراشانا)، کە سەبارەت بە چۆنیەتی گەیشتنی راستەوخۆیە بە هەقیقەت، بە رێگەی ئامرازەکانی (کەشف) و (شهود) ەوە.





– داستانی فەلسەفەی هیندی (بلوهەر و بوذاسیف).

٤ – سەرچاوەکانی فەلسەفەی (عەرەبی) ئیسلامی:

سورەوەردی لەگەڵ ئەوەی بە تەواوی لە گشت تێزو رێڕەوە ئاینیەکانی عەرەبی ئیسلامی، ئاگاداربووە، وەک رێڕەوەکانی حکیمەکانی ئەندەلس و بەشی رۆژئاوای جیهانی ئیسلامی، (موعتەزیلە، ئەشعەرییە، متکلمیین، جەبرییە و قەدەرییە)کان. بە چاکی لە بەرهەم و بۆچوونەکانیان سەری دەرکردووە. لە ئاڕاستە و فەرمایشتەکانی قورئانی پیرۆز هایدار بووەو لە کارەکانیدا زۆر لە ئایەتەکانی بە نموونە و بە بەڵگە هێناوەتەوە. بەڵام بۆ ئاستی کەسایەتی زانستیانەی ئەو نەدەشیا، لەو داکەسانەی بیروبۆچوونەکانی دنیای ئیسلامی، بێ دەنگ بیت و خۆی کەنارگیربکات. بەتایبەتی لەوەی کە (ئەشعەری)یەکان، بە تەواوەتی توانیبوویان (موعتەزیلە)کان لە توانای فیکری و لە هێزو قودرەتی دەسەڵاتی ئاینی بخەن. هەڵبەتە شارراوە نییە، کە هەر لەو سەدەیەدا بوو کە بێ هەڵوێستی و دوورەپەرێزی و کەنارگیریی خۆ بە فەیلسوف زانەکانی ئیسلام، ببوونە دیارەدەیەک. بۆیە سەرەتاکانی داننان بەم حاڵەتە تاڵەی فەیلەسوفەکان، لە کتێبی(تهافت الفلاسفة)ی (ئیمام ئەبوحامیدی غەزالی) ئاشکراکرا. ئەم حاڵەتی داکەسانە فیکرییەش، بووەتە هۆی چۆڵکردنی بوار بۆ کاری سۆفیەت ولەوەشەوە گرنگیدان بە بابەتی (عیرفان)ی لە سەرجەمی جیهانی ئیسلامیدا. لێرەوە سورەوەردی سوودێکی زۆری بینووە لە (سەیرو سلوک)ی کەسانی مەشهوری سۆفیزم و عیرفان؛ وەکو حەلاج و بوسطامی و ئیبنی عەرەبی و شێخی گەیلانی. تا گەیشتۆتە ئەو بڕوایەی کە لە (المعرفة المشرقیة)دا بە سۆفیانی وەکو بوسطامی و التستری، بڵێت کە ئەوانن بە راسی فەیلەسوفن(اولئک هم الفلاسفة حقا). بەڵام هەر بەوە دڵی ئاوی نەخواردۆتەوە، بەڵکو پێی وابووە کە تاقیکردنەوەی سۆفیەت دەکەوێتە تەهی تاریکیەوە، ئەگەر هاوتەریب نەبێت لەگەڵ ئامادەگی مەعریفی و بیری فەلسەفی.





لەسەرووی هەموو ئەمانەشەوە، وەکو لە بەشەکانی تردا باسمان کردووە، سورەوەردی، هەر هیچ نەبێت بۆ کارکردنی بۆ (فەلسەفەی نور)، سوودێکی زۆری بینووە لە بۆچوونەکانی (بوعەلی سینا) و کتێبی (الحکمة المشرقیة)ی. بۆ روونکردنەوەی زیاتری راستییەکان، دەبێ ئەوەش بگوترێت کە سورەوەردی، وەکو زۆربەی فەیلەسوفەکانی تری عالەمی ئیسلامی لە رێگەی تەرجەمە عەرەبی و فارسییەکانەوە، فەلسەفەو بۆچوونەکانی (ئەفلاتوون، ئەرەستۆ، فلۆتین، مبلیکسۆس، فیساغۆرس و ئەوانی تری یۆنانی) خوێندۆتەوە. شایانی باسە کە تەفسیرو تەرجەمەی میراتە فەلسەفییەکانی یۆنانی (ئەغریقی) پێش و پاش هاتنی ئیسلام، لە دوو خوێندنگە (مدرسە)ەوە، هاتوونەتە جیهانی ئیسلامیەوە؛تەرجەمە بۆ زمانی سریانی و پاشانیش تەرجەمە بۆ فارسی یا عەرەبی.

– بابەتەکانی فەلسەفە و پزیشکیی؛ بە زۆری لە خوێندنگەی (رها – روحا) ی صابیئەکان و نەسطورییەکانی باکوری کوردستاندا، کراون. پاشان ساسانییەکان، کە ئیمپراتۆری بیزەنتی (جوفیان)یان وەدەرناو (روحا – نصیبین)یان گرتووە، بۆ هەمان مەبەست، خوێندنگەی خۆیان تێیدا دامەزراندووە.

بۆ جارێکی تر لە سالی ٤٨٩ ز (زینۆن) ی بیزەنتی، کە شارەکەی داگیرکردۆتەوە، ئەو خوێندنگەیەی داخستووە. شایانی باسە، یەکەم تەرجەمەی کتێبی فەلسەفی یۆنانی بۆ زمانی سریانی، لەلایەن فەیلەسوفی سریانی(برۆبیس)ەوە کراوە. وە (سیوبەخت) کە لە ٦٧٧ ز وەفاتی کردووەو (یەعقوبی رەهایی) کە لە ٧٠٨ ز وەفاتی کردووە، لە موتەرجمە ناسراوەکانی ئەم خوێندنگەیەن.

– خوێندنگەی رۆژهەڵاتی لە ناوچەی باکورو رۆژئاوای ئیمپراتۆڕیەتی ساسانی؛ کە دەکاتە ناوچەکانی باکوری رۆژهەڵاتی کوردستان و بەشی خوارووی ئازربایجان. لەم خوێندنگەیەدا بە زۆری





بابەتەکانی (کیمیاگەری سیحربازی، زانستی فەلەک، زانستە سروشتییەکان، کەون و فەلسەفە) تەرجەمەکراون. پاشان شای ساسانیان، کیسرا ئەنوشیروان، لە ساڵی ٥٢١ ز، لە شاری(جندیسابور/گوندی سابور) خوێندنگەی عیلمی دانا. کە زۆربەی مامۆستاکانی سریان بوون و لە ناوشیاندا حەوت فەیلەسوفی پەنابەریی یونانی دەرسیان دەدایەوە.

جگە لە مێژووی ئەو دوو خوێندنگایەو رۆڵیان لە نەشونمای فەلسەفە و بابەتی فیکری، لە دوا قۆناخەکانی دەوڵەتی ئەمەوی (لە شام و لە ئەندەلس) چ بە ژمارەو چ بە شوێنیش بزوتنەوەی تەرجەمەو وتنەوەی وانەی فەلسەفی لە وڵاتانی ئیسلامدا پەرەیان سەندووەو، لە دوو ریگەو شوێنەوە کاریان دەکرد و کتێب و بابەتە فەلسەفییەکانیان تەرجەمە دەکردە عەرەبی:

١ – تەفسیرو تەرجەمەی ئەسکەندەرانی (واتە رۆژئاوایی- غەربی) زۆربەی ئەم کارانە لەلایەن بیرمەندانی ئەندەلس و مەغربی عالەمی ئیسلامی، کاریان لەسەرکراوە. زۆربەشیان تەرجەمە و تەفسیری کارەکانی ئەرەستۆ بوون.

٢ – تەفسیرو تەرجەمەی بەغدادی (رۆژهەڵاتی- شەرقی):لە پاش دامەزراندنی(بیت الحکمة) لە ساڵی٢١٧ ک = ٨٣٢ز، لەلایەن خەلیفەی عەبباسی (مأمونی کوڕی هارون الرشید).

کارەکانی ئەم شوێنە بە گشتی، لە تەوەری تەرجەمە و راڤەکردنی (هلینستیکی) و(گنوستی) و(نەوئەفلاتوون)یەوە نزیکترن. ئەم ناوانە هەندێ لە ناوە ناسراوەکانی بزوتنەوەی تەرجەمەی فەلسەفەی یۆنانی ئەو زەمانانەن: ( نەوبەختی فارسی، یحیی ابن ماسویە- بەڕێوەبەری بیت الحکمة، حنین بن اسحق- بەرێوەبەرێکی تری بیت الحکمة، اسحق بن حنین، یحیی بن البطریق، عبدالمسیح بن عبداللة -یارمەتیدەری الکندي، ابن لوقا- موتەرجمی نامیلکەکانی (بلوتارک)ی فەیلەسوف، ابن البشر، الخیر بن الخمار، ثابت بن قورڕە...) سوودبینینی سورەوەردیش لەم سەرچاوانە، هەر بۆ

نموونه به‌م شێوه‌یه بوون؛
– بۆ ئاماده‌کردنی نامیلکه‌ی (غربة الغربية) پشتی به‌ستووه به ته‌فسیرو ته‌رجه‌مه ئه‌سکه‌نده‌رانێکان،
– بۆ ئاماده‌کردنی (الحكمة الاشراقية)له بۆچوونه‌کانی ته‌رجه‌مه و ته‌فسیری (به‌غدا)یه‌کان پشتیوانی وه‌رگرتووه.





## (نور الانوار)
## رووناکی رووناکییه‌کان له فه‌لسه‌فه‌ی سوره‌وه‌ردیدا:

وه‌ک ئاماژه‌مان پێداوه، زیندووکردنه‌وه‌ی حیکمه‌تی (خوسره‌وانی) که به‌داخه‌وه عه‌ره‌بزه‌ده‌کانی جاران و ئیستاش، به دژایه‌تیکردنی ئیسلام و په‌یڕه‌وکردنی (مه‌جوسیه‌ت)یان زانیووه، بناخه‌یه‌کی سه‌ره‌کی بووه له بناخه‌کانی داهێنان و فه‌لسه‌فه‌ی سوره‌وه‌ردی؛ به تایبه‌تی له گرنگیدانی به لایه‌نی دژایه‌تی نێوان رووناکی و تاریکی، که ته‌وه‌ری بناخه‌یی سه‌رجه‌می دیانه‌ت و ئایین و ئاینزاکانی ئێرانی باستان بووه. سوره‌وه‌ردی ره‌چه‌ڵه‌کی فه‌لسه‌فه‌ی (حیکمه‌تی ئیشراق) به (نور الانوار) داناوه. نور الانوار، له‌لای ئه‌و، له خوداوه‌ند زیاتر شتێکی دی نییه. هه‌ڵبه‌ته نور الانوار، له شێوازی ئه‌و واژانه‌یه که له قورئانی پیرۆزدا له‌بری ناوی خودا (اللة) به‌کارهێنراوه. بۆ نموونه بڕواننه ئایه‌تی ١٧ ی سوره‌تی (الحج). له شیکردنه‌وه‌ی زیاتری به‌کارهێنانه‌کانی سوره‌وه‌ردی بۆ وشه‌و زاراوه‌ی رووناکی –تیشک(نور)، هه‌روه‌ها وشه دژه‌که‌شی، واته(تاریکی)، ده‌بینین به چه‌ندین شێوازو بۆ چه‌ندین ئاست به‌کاریهێناون؛

سوره‌وه‌دی ئه‌م (انوار)انه‌ی، له هه‌ر ئاستێکدا بۆ مه‌به‌ست وئامانجێکی تایبه‌تی ناساندنی (واحد الوجود) و (که‌ون) و (ماهیه‌تی که‌ون) به‌کارهانیووه. بۆ نموونه؛

ئاستی پاکترین رووناکی (رووناکی رووناکه‌کان) خۆی هۆکاری هه‌بوونی سێ ئاستی تری رووناکییه‌کانی تری خوارووتره. واته سه‌رجه‌می رووناکییه‌کانی تر له (نور الانوار)ه‌وه ده‌رده‌چن و به‌رهه‌مدێن:





١ – (نور عارض)ی (محسوس)؛رووناکی له‌پڕی هه‌ستپێکراو، سوره‌وه‌ردی به (مه‌لائیکه‌ته‌کان– ئه‌مشاسپه‌ندان) ناویان ده‌بات و ئه‌م (نور)ه نزیکترین ئاسته له (هیولی) یه‌که‌می هه‌بوون.

٢ – رووناکی راسته‌قینه‌ی فیزیکی، که به (نوری ئیسفه‌پودی ئه‌نه‌سی) ناوی هێناوه؛ واته نوری ئینسانی –ته‌نی (جه‌سته‌یی). سوره‌وه‌ردی وای بۆچووه که ئه‌م جۆره رووناکییه، به دیوێکی تره‌وه، مۆدێلێکی تاریکییه، بۆیه زۆر جار نزیکه له ئاستی سێیه‌می رووناکییه‌کان.

٣ – نوری (غواسق البرزخی)ی سوره‌وه‌ردی له کتێبه‌که‌یدا، نموونه‌ی ئه‌م جۆره رووناکی(نوره)یه‌ی له سوره‌تی (الحديد)ه‌وه هێناوه‌ته‌وه.

له‌لای شێخی ئیشراق، خه‌سڵه‌ته‌کانی (نور الانوار)، خه‌سڵه‌تی (ئاهورامه‌زدا)یه. ئه‌م رووناکییه (خۆی له خۆیدایه – نفسه فی نفسه).وه دیارده‌ی به‌رزترین نمایشه، (ئه‌شره‌ف)ه، (ئه‌شه‌د)ه، (ئه‌قهه‌ر)ه، (یه‌کانه‌)ه، (بێگه‌رد)ه و دووره له‌هه‌ر خه‌ڵته‌یه‌کی تاریکیی و هه‌موو رووناکییه‌کانی تر له‌وه‌وه (ئیشراق) ده‌که‌ن. هه‌ندێ جار سوره‌وه‌ردی به ناوی دنیا (عاله‌م) ه‌وه رووناکییه‌کانی به‌م شێوه‌یه‌ش ریزبه‌ندی کردووه:

١ – (عالم الانوار المعنوية):دنیای رووناکی مۆرالیی، دنیا و ماهیه‌تیکی نه‌گۆڕ و به‌رده‌وامه. (شیخی ئیشراق)، هه‌ندی جار له‌بری ناوه عه‌ره‌بیێکه‌ی، زاراوه زه‌ردشتییه‌که‌ی (سپنته‌مینو) ی به‌کارهێناوه.

٢ – (عاله‌می غواسق برزخی) که عاله‌م و ماهیه‌تێکی بزۆزو پڕ جۆڵه و سه‌رچاوه‌ی فه‌سادی که‌ونه. هه‌ندێ جار ناوه ئێرانییه‌که‌ی، واته( ئه‌نگره‌مینو ) یشی به‌کارهێناوه. عاله‌می به‌رزه‌خ، به بۆچوونی سوره‌وه‌ردی، تاریکیه‌کی نووته‌که، واته تیشک و رووناکی نییه، عاله‌می نه‌رێنییه؛نه‌رێنی ئه‌هریمه‌نیی.

٣ – (الانوار المتوسطة):رووناکییه ناوه‌نجییه‌کان: که له فه‌لسه‌فه‌ی خوسره‌وانیدا، (ئه‌مشاسپه‌ندان) مه‌لائیکه‌ته‌کانن.





## ئایا سوره‌وه‌ردی به‌رده‌وامیی (ئیبن سینا)بووه؟

ئه‌گه‌ر له روانگه و په‌یوه‌ندی مه‌سه‌له‌ی کاریگه‌ری ئیبن سینا له‌سه‌ر سوره‌وه‌ردیه‌وه، به چاکی رۆبچینه ناو خوێندنه‌وه‌ی (حیکمه‌تی ئیشراق) و ژیان و چالاکییه‌کانی داهێنه‌ره‌که‌ی، ده‌بینین که ئه‌م سێ خاڵی روونکردنه‌وانه زۆر گرنگن: ١ – حیکمه‌تی ئیشراق (حیکمه‌تی نور) یه‌کێکه له‌و قوتابخانه سه‌ره‌کییانه‌ی فه‌لسه‌فه‌ی ئیسلامی. که له پاش سه‌ده‌ی شه‌شی کۆچییه‌وه، هاوته‌ریب له‌گه‌ڵ حیکمه‌تی به ناو پیاسه‌یی(مه‌شائی) تاکو ئه‌مڕۆکه سه‌رتۆپی لێکۆڵینه‌وه‌و گفتوگۆی فه‌یله‌سوفان و بیرمه‌ندان و هۆگرانی فیکری فه‌لسه‌فی ئیسلامییان گرتووه.

٢ – هه‌وڵی گه‌یشتن به هه‌قیقه‌ت و تێگه‌یشتنی فه‌لسه‌فیانه‌ی (هه‌بووی یه‌که‌م) کارێکی نائیروو ده‌بیت، به‌بێ چوونه ناو فه‌لسه‌فه‌ی ورشه‌یی و تێگه‌یشتن له پایگا و سه‌رچاوه‌کانی حیکمه‌تی ئیشراق.

٣ – له پیش سوره‌وردیدا، بابه‌تی فه‌لسه‌فه‌ی ئیشراق وه‌کو بابه‌تێکی ناکامڵ، لێره‌وله‌وێی دنیای ئیسلامیدا هه‌وڵی بۆ درابوو. ئیبن سینا، خۆی یه‌کێ بووه له‌و که‌سانه‌ی له چه‌ندین کتێب و نامیلکه‌دا؛ به تایبه‌تی له کتێبی (منطق المشرقيين) دا باسی له بابه‌تی ئیشراق کردووه، هه‌تتا هه‌ندێ به‌ڵگه هه‌ن که گوایه له چل به‌رهه‌مدا، ئاماژه‌ی داوه به بناغه‌و پایگاکانی فه‌لسه‌فه‌ی (خوسره‌وانی)ئێرانی. سوره‌وه‌ردیش له پاش خوێندنه‌وه‌و موتالاَ و لێکدانه‌وه‌ی کاره‌کانی (بوعه‌لی سینا)، وه‌کو خۆی ده‌ڵێت: من خۆم له حیکمه‌تی ئیشراقدا، له‌وێوه ده‌ستم پێکردووه که (ئیبن سینا) لێی ته‌واوبووه. سوره‌وه‌ردی مه‌به‌ستی بووه پیشانی بدات که مه‌رجی سه‌ره‌کی چوونه ناو دنیای ئیشراق، هه‌ر ده‌بێت له ئاشنایه‌تی ته‌واوی فه‌لسه‌فه‌ی (مه‌شائیه)ه‌وه ده‌ست پێ بکات. (بوعه‌لی

سینا)چ لە (منطق المشرقیین) و چ لە (حی بن الیقظان) هەندێ هەنگاوی ناوە بەرەو گەیشتن بە ئاکامی ئیشراق. سورەوەردی بێ شک لە نزیکەوە ئاگای لەو نووسینانە بووە، بۆ نموونە جگە لە کاریگەرییەکانی (ئیبن سینا) لە حیکمەتی (نور)دا، لە نامیلکەی (الغربة الغربیة)شیدا، رەنگ و کاریگەری ئەو چەند کتێبەی (ئیبن سینا) و (ابن طفێل) ئاشکران و هەتتا زۆر جار سورەوەردی نموونەی هەمان (ئیستعارە)کانی ئەو دوو کتێبەی لە کارەکانی خۆیدا بەکارهێناوە. شایانی باسە کە یەکەم نوسەری داستانی درامیی/فەلسەفی (حي بن يقظان)، واتە ابوبکر محمد بن عبدالله، کۆچکردووی ٥٨٠ ک = ١١٨٥ز، ناسراو بە (ابن طفیل)، کە نیشتەجێی رۆژئاوای جیهانی ئیسلامی بووە، هاوژینی سورەوەردی بووە. سورەوردی هەرچەندە داستانێکی فەلسەفی بە هەمان ناو هەبووە، هەدووشیان بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجی فەلسەفی و پێکانی ویستی بیرمەندی خۆیان ئەو داستانانەیان نوسیووە، بەڵام سورەوەردی هەر بەو ئامانجە نیوەچڵە قایل نەبووە، بۆیە لە شوێنی تەواوکردنی واتاکانی داستانی یەکەمی، دەستی کردووە بە نوسینی داستانێکی تری فەلسەفی بە ناوی (الغربة الغربیة). پوختەی کێشەی سورەوەردی لەگەڵ بۆچوونەکانی (حي بن يقظان)ی ابن طفیل، ئەوە بووە کە کەسایەتییە رەمزییەکانی ابن طفیل، تەنیا بڕوایان بە لێکدانەوەی وشک هەبووە بۆ گەیشتن بە عەقڵی چالاک (عقل الفعال). وە مەبەستی سەرەکیشی ئەوە بووە، کە روونی بکاتەوە فەیلەسوف دەتوانێت لە پیاوانی ئایینی تێبگەن و بەڵام بە پێچەوانە، پیاوانی ئایینی ناتوانن و نایانەوێت لە فەیلەسوفان تێبگەن. واتە جیاوازی لە نێوان فەلسەفە و ئاینی ئیسلام، لەلای ابن طفیل، کێشەیەکی بێ چارەسەری بووە.

لەلایەکی ترەوە، سورەوەردی سەبارەت بە تێکەڵاوکردنی پرنسیپی سۆفیزم لە کارەکانیدا، هەمیسان هاونزیکییەکی لەگەڵ بۆچوونەکانی (بوعەلی سینا) هەبووە. هەر لە سەرەتاوە زانیارییەکانی لە کتێبی (





الاشراق و التنبیهات)ەوە وەرگرتووەو بە شێوەیەکی زانستیانە فۆرمالیزەی کردووەو کردوویەتە گۆشەیەک، پایەیەک لە گۆشەو پایەکانی حیکمەت و فەلسەفەکەی. راستی مێژوویش ئەوەیە کە لە پێش سورەوەردی کەسێ نەبووە بابەتی هەڵکشانی رۆڵی سۆفیزم و زانیارییەکانی سۆفیزمی کردبێتە دۆگمایەکی فراوانی مەعریفەت و تێکهەڵکێشی کردبێت لەگەڵ پوختەی ئەو بابەتەی کە بە حیکمەت و فەلسەفە ناسراوە. بۆیە بەکاریهێناوە بۆ خزمەتی ئەو نیازە دێرینەی خۆی لە رەخنەگرتن و هەڵوێست وەرگرتن لە رێڕەوی مەشائیەت و پاشانیش خۆ ئاشکراکردنی لەو پەڕی رۆخی رووباری فەلسەفە و سازاندنی فەلسەفەی نوێی (ئیشراق). لەوانەی سەرەوە دەردەکەوێت کە هاوپەیوەندییەکی مەعریفی و رووحی لە نێوان سورروەردی و (بوعەلی سینا)دا هەبووە. وەکو هینری کۆربن لە لاپەرە ٢٦٤ ی کێبی (تاریخ الفلسفة الاسلامیة) ئاماژەی کردووە بەوەی، شێخی ئیشراق خۆی گوتوویەتی: (لەگەڵ هەموو هەوڵ و کۆششە زۆرەکانی ئیبن سینا، بۆ داهێنانی فەلسەفەیەکی (مەشرقی)، بەڵام نەگەیشتووە بە ئەنجام و کۆتایی کار، چونکە تا رادەیەک ئاگاداریی شیاوی دەربارەی رەچەکانی (سەرچاوە مەشرقییەکان) نەبووە. ئەمەش بەکورتی ئەوە رادەگەێنێت کە بە هیچ شێوەیەک، داهێنەری ئەم حیکمەتە نوێیە فەلسەفەی ورشەیی(حیکمەتی نوریە – حیکمەتی ئیشراق) لە خۆی زیاتر کەسیتر نەبووە.





# کێن ئەوانەی لەپاش سورەوەردی ئیشراقیەتیان کردووە؟

کەسێ هەرە نزیک لە سورەوەردی، بۆ فێربوونی فەلسەفەی ورشەیی، تەنیا شێخ شمسەدین کوڕی محمەدی شارەزووری بووە. هەڵبەتە کورتی تەمەن، بواری بە سورەوەردی نەداوە کە فریای شاگردی زیاتر بکەوێت. بۆیە گەرچی توێژەرەکانی مێژووی فەلسەفەی ئیسلامی بە گشتی، پییان وایە سورەوەردی خۆی داهێنەرو هەر خۆشی تاکە سەرکردەی حیکمەتی ئیشراق بووە، بە پێچەوانەی حیکمەتی مەشائی، کە دوو کەسی ناسراو؛ (ئەبونەسری فارابی) و (ئیبنی سینا) سەردەستەو سەرقافڵەی بوون. توێژەرانی فەلسەفەی ئیسلامی، لایان وایە هیلاکییەکانی سورەوەردی و پەیڕەوانی مەکتەبی ئیشراقی، بۆ ئەوەبووە، بسەلمێنرێت کە هاوپەیوەندی مێژووی فەلسەفەو مێژووی رووحیی دیانەتی ئیسلام، هاوپەیوەندییەکی توندوتۆڵی بێ پسانە. بۆ ئەم مەسەلەیەش، لە قۆناخی جۆراوجۆری زەمەنیدا، چەندین بیرمەندو فەیلەسوفی پێشکەش بە جیهانی ئیسلامی کردووە. کە ئەمانەی خوارەوە هەندێکیانن. هەڵبەتە تاکو ئەمڕۆکە (ئیشراقییەکان) هەر هەموو رۆڵەی رووحی سورەوەردین. خۆشبەختانە چ داهێنەرو چ یەکەم شاگردی رێڕەوەکە؛ مەبەست (سورەوەردی و شارەزووری)، لە رۆڵەکانی نەتەوەی کوردن.





١– کەواتە، یەکەم کەسایەتی، پاش سورەوەردی؛شمسەدین شارەزوورییە کە لە ٦٨٧ کۆچیدا = ١٢٧٩ ز وەفاتیکردووە. ئەم کەڵە پیاوە یەکەم لێکۆڵەرەوەی (حیکمەتی ئیشراق) وخاوەندی ئەم کتێبانە بووە: – شەرحی کتێبی (التلوحیات) سورەوەردی، – شەرحی کتێبی (حکمة الاشراق)، شایانی باسە ئەم دوو (ئیشراقی)یانە، (ابن کمونە و قطب الدین شیرازی) لە توێژینەوەی (حکمة الاشراق)یاندا سوودی تەواویان لەم بەرهەمەی شارەزووری وەرگرتووە.

– (الشجرة الالهیة فی علوم الحقائق الربانیة):بەرهەمێکی کامڵی فەلسەفەی ئیشراقە، پێکهاتووە لە پێنچ نامیلکە: ( نامیلکەی فی المقدمات و تقاسیم العلم – نامیلکەی فی ماهیة الشجرة و تفاصیل العلوم الالهیة– نامیلکەی فی الاخلاق و تدبیر السیاسة – نامیلکەی فی العلوم الطبیعیة – و نامیلکەی فی العلوم الالهیة و الاسرار الربانیة).

– نزهة الارواح و روضة الافراح (تاریخ الحکماء): کە بە چاکترین و فراوانترین و کۆنترین سەرچاوەی مێژووی فەلسەفە و بەرهەمەکانی سورەوەردی دەزانرێت.

٢ – دووەم کەسایەتی : قطب الدین محمد بن مسعود شیرازی، (کۆچکردووی ٧١٠ ک = ١٣١٥ ز) خاوەندی کتێبی (درة التاج لغرة الدباج) ئەم بەرهەمە هەرچەندە لەسەر ئەساسی کتێبەکەی شارەزووری دانراوە، کەچی چەندین سەدەیە لە زانستگاکانی ئێراندا بە تەنیا کتێبی ئەکادیمی خوێندنی فەلسەفەی ئیشراق حسێبکراوە!

٣ – سێیەم کەسایەتی: سعد بن منصور ابن کمونە (کۆچکردووی ٦٨٣ک = ١٢٨٤ ز) کە باشترین لێکۆڵینەوەی لەسەر کتێبی (التلویحات)ی سورەوەردی بە ناوی (التنقیحات) نوسیووە و خاوەندی کتێبەکانی (الجدید فی الحکمة) و (الکاشف) یشە.



http://calameo-pdf-download.abuouday.com/printpage.php?url=p2.calameo.com%2F140106084046-4bce10ffecbe01074eb29348bd6d265a%2F&count=44... 15/23

٤ – لە کەسایەتییەکانی تری ئەم قوتابخانەیە،لیستێکی ناوی بیرمەندانی ناسراو هەن، بەڵام ئێمە لێرەدا تەنیا ئاماژە بە چەند ناوێکیان دەدەین:

–ودود تەبریزی:( کۆچکردووی ٩٣٠ک = ١٥٢٤ ز)خاوەندی (مصباح الارواح فی کشف حقیقة الالواح).

–محمد شریف الدین الهروی:(کۆچکردووی ١٠٠٨ ک = ١٥٩٩ ز ) خاوەندی کتێبی (انوارية).

–غەیاسەدین مەنسوری دەشتەکی: ( ٩٤٩ک =١٥٤٢ز) خاوەندی کتێبی (اشراق هیاکل النور لکشف ظلمات شواکل الغرور).

– صدرالمتآلهین،محمد بن ابراهیم شیرازی( ١٠٥٠ک =١٦٤٠ ز) کە خاوەندی کۆمەڵێ کتێبە لەسەر حیکمەتی ئیشراق، بۆ نموونە کتێبی (تعلیقات علی شرح حکمة الاشراق).....





# بەرهەمەکانی شێخی شەهید (سورەوەردی):

شێخی شەهید؛شیهابەدین سورەوەردی، لەو تەمەنە کەمەیدا کە لە ٣٦ ساڵ زیاتر نەبوو،توانیوویەتی خاوەندی کۆمەڵێ کتێبی فەلسەفی و ئایینی و تەسەوفی بێت. بە بۆچوونی هینری کۆربن،ئەو ٤٩ کتێبی بەجێهێشتووە. بەرهەمەکانی ئەم زاتە بەرزە،ئەوەندە زۆر بوون کە چ لە مەسەلەی ژمارەیان و چ بۆ چۆنایەتی ریزبەندیکردنیان،جۆرە جیاوازییەک لەنێوان توێژەرەوانی فەلسەفەی ئیسلامی دروست بووە؛ هەندێکیان، وەکو فەیلەسوفی فرەنسی (لووی ماسینون) و هەروەها (ئەمیل مەعلوف) نووسەری کتێبی (مقدمة حول اللمحات) کە ساڵی ١٩٦٩ بڵاویکردۆتەوە،پێیان وایە بەرهەمەکانی سورەوەردی بەگشتی سێ جۆرن. توێژەری ئێرانی (سید حسین نصر) لە لاپەرەکانی ٦٨ و ٦٩ ی کتێبی (سە حکیم مسلمان) بەرهەمەکانی سورەوەردی بەسەر پێنج جۆر دابەشکردووە. بەڵام بە گشتی، زۆربەی لێکۆڵەرەوان ئەم ریزبەندییەی خوارەوە بە شیاوترین ریزبەندی بەرهەمەکانی سورەوەردی دەزانن:

١– دەستەی یەکەمی بەرهەمەکان: ئەو بەرهەمانەی سەبارەت بە بابەتی ئیشراقن.کتێبی(الحکمة الاشراقیة) تەنیا کتێبی ئەم دەستەیەیە. هەڵبەتە وەکو ئەوەی چەندین جار ئاماژەمان پێداوە،ئەم کتێبە؛بە کتێبی داهێنان و دامەزراندنی قوتابخانە و فەلسەفەی ئیشراق حیساب دەکرێت.

٢ – دەستەی دووەم: چوار کتێبی زانستی و تیئۆری، کە لێکۆڵینەوەی تایبەتی خودی بۆچوونەکانی سورەوەردین. تییاندا سیاقی لێکۆڵینەوەی سورەوەردییانەی فەلسەفەی مەشائی،دەست پێدەکات و پاشان سەرەتاکانی لێدوان لە بابەتی ئیشراقی پێش هەوڵەکانی خۆی دەگرنە خۆ. ئەو چوار کتێبە کە هەموو بە زمانی





عەرەبین،ئەمانەن؛( التلویحات – المطارحات – المقاومات – اللمحات). هەڵبەتە لەناو ئەو کتێبانە،التلویحات سەرەکیترینیانە. (المشارع و المطارحات)ی بۆ شیکردنەوەی (التلویحات) نوسیووە،(اللمحات) وەکو کورتەی یەکەم کتێبە. پاشان لەگەڵ هەندێ بیروبۆچوونی نوێترو وەڵامدانەوەی هەر پرسیارێکی چاوەڕێکراو، کتێبی (المقاومات) ی داناوە.

٣ – دەستەی سێیەم: کۆمەڵێ کورتە نامیلکەن،کە بە زمانی فارسی یا بە عەرەبی نوسیوونی. لەناو ئەم دەستە بەرهەمە،دوو نامیلکەی (هیاکل النور) و (الالواح العمادیة) کە لەلایەن خودی سورەوەردییەوە بە هەردوو زمانی،عەرەبی و فارسی نوسراون، بە ناسراوترین نامیلکەکانی ئەم دەستەیە دەژمێردرێن. هەروەها نامیلکەکانی (فی اعتقاد الحکماء) کە بە زمانی عەرەبییە و نامیلکەی (پرتونامە) و (بستان القلوب) کە بە زمانی فارسین، لە نامیلکە ناودارەکانی ئەم دەستەیەن.

٤ – دەستەی چوارەم:کۆمەڵێ داستان و حیکایەتن، کە سەبارەت بە بەرزکردنەوەی دەروون و هەڵکشانی نەفسی ئینسانن،بەرەو ئاستانەکانی (ئیشراق) و گەیشتن بە کامی خودایی. زمانی زۆربەی ئەم کۆمەڵە نامیلکانە فارسین. هەڵبەتە (عەقڵ سرخ) –(صفیر سیمرخ) –(اواز پر جبرائیل)–(لغت موران)–(رسالة فی حالة الطفولیة)– (روزی با جماعت صوفیان) – (الغربة الغربیة) و (رسالة فی المعراج) لە نامیلکە دیارییەکانی ئەم دەستەیەن.

٥ – دەستەی پێنجەم: ئەو کۆمەڵە تەرجەمە و تەفسیرو راڤەکردنە فەلسەفی و ئایینیانەیە، کە بۆ قورئان و حدیث و بابەتی تر تەرخانی کردوون. بەداخەوە تاکو ئێستا زۆربەی بەرهەمەکانی ئەم بەشە، هێشتا هەر دەستنووسن و بە چاپ نەگەیێنراون. نامیلکەی تەفسیری قورئان و هەندێ حدیث–





لێکۆڵینەوەی فارسی (اشارات شیخ الرئیس) و تەرجەمەی (رسالة الطیر) ی ئیبنی سینا و (رسالة فی حقیقة العشق – مونس العشاق) لە بەرهەمە ناودارەکانی ئەم دەستەیەن.

٦ – دەستەی شەشەم:کۆمەڵێ دوعا و موناجات و نیاییش، کە هەموو بە زمانی عەرەبین و تا ئێستا هیچ نامیلکەو بەرهەمێکی ئەم دەستەیە لە چاپ نەدراون!

هەروەها هەندێ لێکۆڵینەرەوە و مێژوونووسی تری فەلسەفەی ئیسلامی و ئێرانی،خۆیان بەستۆتەوە بە جۆرێکی تری دەستەبەندی بەرهەمەکانی سورەوەردی. ئەمانە لەگەڵ نەزانین/یا فرامۆشکردنی کرۆنۆلۆژی راستەقینەی بەرهەمهێنانی ئەو کتێب و نامیلکانە،لە دەستەبەندییەکەیان خۆیان پەیوەستکردووە بە چاپکراویی/ یا چاپ نەکراوەیی بەرهەمەکانی شێخی ئیشراق (شیخی شەهید):

١ – بەرهەمە چاپکراوەکانی:

١–١ : ئەو نامیلکانەی بە کۆمەڵ چاپکراون:

١–١–١: کۆمەڵە نامیلکەی سورەوەردی:بە زمانی فارسی لەلایەن د. سید حسین نصر ی ئێرانییەوە، لەم ساڵانەدا لە ئێران بە چاپ گەیێنراون (ساڵی ١٣٤٨ ک = ١٩٦٩ ز، ١٣٥٥ک= ١٩٧٦ و ساڵی ١٣٧٢ ک = ١٩٩٣ز) کۆمەڵەکە پێک هاتووە لە ١٤ نامیلکە، کە ئەمانەی خوارەوەن:

(پرتەونامە،هیاکل النور،الواح عمادیة،رسالة الطیر،اواز پر جبرائیل،عقل سرخ،رۆزی با صوفیان،فی حالة الطفولیة،فی حقیقة العشق یا مونس العشاق،لغت موران،صفیر سیمرخ، بستان القلوب،یزدان شناخت،رسالة الابراج(بە عەرەبی).

٢–١–١ :سێ نامیلکەی شیخ الاشراق: بە زمانی فارسی؛ لێکدانەوەو سەرەتاکەی لەلایەن د. نجفقلی حبیبی، ساڵی ١٣٥٦ = ١٩٧٧ز لە تاران

1/10/2016 سورەوەردی لەزادگایەکی کوردەوارییەوە بۆ جیهانییەتی فەلسەفە Download as Pdf



چاپکراوە. پێکهاتووە لە نامیلکەکانی (الالواح العمادية كلمة التصوف،اللمحات).

٣–١–١: سێ نامیلکەی سورەوەردی سەبارەت بە تەصوف،ساڵی ١٩٣٥ لە شتوتگارتی ئەڵمانیا،بە تەرجەمەی ئینگلیزییەوە بڵاوکراوەتەوە. نامیلکەکان پێکهاتوون لە (لغت موران،صفير سيمرغ، رسالة الطير).

٤–١–١: یەکەم کۆمەڵەی (فی الحكمة الالهية)،ساڵی ١٩٤٥ لە ئەستەنبول،لەلایەن فەیلسوفی فرەنسی (هینری کۆربن) ەوە بە چاپگەێنراوە.پێکهاتووە لە نامیلکەکانی: (التلويحات،المقاومات،المشارع و المطارحات). شایانی باسە کە تەرجەمەی فارسی ئەم کتێبە (واتە نەسخەی فارسی ئەو سێ نامیلکانە) ساڵانی ١٣٥٥ و ١٣٧٢ = ١٩٧٦–١٩٩٣ز دا لە تاران چاپکراون.

٥–١–١: دووەم کۆمەڵەی (فی الحكمة الالهية) لەلایەن هەمان نوسەرەوە ساڵی ١٩٥٢ لە فرەنسا و پاشان تەرجەمە فارسێکەی سێ جار لە تاران (ساڵی ١٣٧٢،١٣٥٥،١٣٣١)= ١٩٩٣، ١٩٧٦، ١٩٥٢ ز .کۆمەڵەکە پێکهاتووە لە:(حكمة الاشراق،رسالة فی اعتقاد الحكماء،قصة الغربة الغربية).

٦–١–١: دوو نامیلکەی سورەوەردی بە زمانی فارسی لە لایەن د. مهدی بیانی، ساڵی ١٣١٧ =١٩٣٨ ز،لە تاران چاپکراوە. پێکهاتووە لە (رسالة فی الطفولية،رۆزی با جماعت صوفيان).

٧–١–١: چواردە نامیلکە: کە هی سورەوردی و فەخری رازی و .. لەلایەن سید محمد باقر سبزواریەوە ساڵی ١٣٢٠ = ١٩٤١ز لە تاران چاپکراوە. لە کۆی هەموو ئەو نامیلکانە چواری هی سورەوەردین (رسالة الطير،داستان سيمرغ و کوەقاف،پرتەونامە، روضة القلوب).

٢–١: ئەو کتێب و نامیلکانەی بە تەنیا چاپکراون: بە پێی بۆچوونی زۆربەی لیکۆڵەرەوەکان،دەبێ ژمارەیان بیست وچوار نامیلکەو کتێب بن. هەریەک لەم بەرهەمانەش زیاتر لە جارێک بە چاپگەێنراون:





١–٢–١:: حكمة الاشراق: کە لەلایەن فەیلەسوفی فرەنسی هنری کۆربن ئامادەکراوە؛ بە دوو بەش لە ساڵانی ١٣١٥ و ١٣٣١ = ١٩٣٦ و ١٩٥٢ ز لە تاران چاپکراوە.

Illumination Philosophy فەلسەفەی ئیشراق =

٢–٢–١::رسالة الابراج:لەلایەن هنری کۆربنەوە ئامادەکراوەو لە ساڵی ١٣٤٨ = ١٩٦٩ز لە تاران لە چاپدراوە. شایانی باسە ئەم نامیلکەیە بە دوو ناوی تریش ناسراوە:( الكلمات الذوقية و النكات الشوقية) یا (كلمات الذوقية).

٣–٢–١: رسالة فی حالة الطفولية: دوو جار لە ساڵانی ١٣٤٨ و ١٣٧١ لە تاران چاپکراوە.

Treatise on the State of the Childhood =

٤–٢–١: رسالة الطير: (کە تەرجەمە فارسێکەی رسالة الطيری ئیبنی سینایە)،لە شتوتگارت ١٩٣٥ و لە تاران ساڵی ١٣٤٠ و ١٣٤٥ چاپکراوە. The treatise of the Bird

٥–٢–١: رسالة فی حقيقة العشق (مونس العشاق): لە شتوتگارت ١٩٣٤ و لە تاران ساڵی ١٣٤٧ و ١٣٤٨ چاپکراوە.

On the reality of Love

٦–٢–١: روزی با جماعت صوفيان:دوو جار لە ساڵانی ١٣١٧ و ١٣٤٨ لە تاران چاپکراوە.

A day with the Sufis Community

٧–٢–١: صفير سيمرغ: دوو جار لە شتوتگارت،ساڵی ١٩٣٥ و ١٩٣٩ و جارێکیش لە ساڵی ١٣٤٨ لە تاران چاپکراوە.

The calling of the Simurgh

٨–٢–١: رسالة (اواز پر جبرائيل)سێ جار لەلایەن هنری کۆربن و مهدی بیانی و عبدالرحمن بدوی، لە ساڵانی ١٩٣٥، ١٣٢٥ و ١٩٣٥ لە شتوتگارت و تاران و قاهرە چاپکراون.





٩–٢–١: رسالة فی اعتقاد الحكماء: دووجار بە عەرەبی و بە فارسی لە تاران الی ١٣٣١ و ١٣٥٤ چاپکراوە.

١٠–٢–١: رسالة الالواح العمادية: بە عەرەبی سالی ١٣٥٦ لە تاران چاپکراوە.The tablets dedicated to ImmadalDin

١١–٢–١: الواح عمادية:بە فارسی لەلایەنی خۆدی سورەوەردییەوە تەرجەمەکراوە. لە ساڵی ١٣٧٢،١٣٥٥،١٣٤٨ لە تاران چاپکراوە.

١٢–٢–١: رسالة بستان القلوب (روضة القلوب):لە تاران ساڵانی ١٣٥٥،١٣٤٨،١٣٤٠ و ١٣٧٢ چاپکراوە.

١٣–٢–١:پرتونامە: لەگەڵ نامیلکەی پێشوو، بەهەمان شێوە لەو ساڵانەی سەرەوەدا لە تاران چاپکراوە.

١٤–٢–١:التلويحات:بە دوو بەش؛ بەشی یەکەم بە ناوی (المنطق) و بەشی دووەم بە ناوی (فی الالهيات) لە تاران ١٣٣٤ و لە ئەستەنبول ١٩٤٥ چاپکراون.

١٥–٢–١:کتاب (كلمة التصوف) لە تاران ساڵی ١٣٥٦ چاپکراوە. ئەم کتێبە بە (المقامات) یش ناسراوە.

١٦–٢–١:رسالة (لغت موران) بە سەرپەرشتی هنری کۆربن،ساڵی ١٩٣٤ لە شتوتگارت و پاشان بە فارسی لە ساڵانی ١٣٣٩ و ١٣٤٨و ١٣٥٥ و ١٣٧٢ چوار جار چاپکراوە.

١٧–٢–١:رسالة اللمحات فی الحقائق: وەکو تێزی دوکتۆرا، ئەمیل مەعروف،سەرەتا بە ئینگلیزی لە زانستگەی (کامبریج)دا لە چاپیداوە. پاشان بە عەرەبی ساڵی ١٩٦٩ لە بیروت و لە ساڵی ١٣٥٦یش بە زمانی فارسی، لە تاران چاپکراوەتەوە.

١٨–٢–١: هياكل النور: بە فارسی لە ساڵانی١٣٧٢،١٣٥٥،١٣٤٨ چاپکراوە.The Temples of Light

١٩–٢–١: رسالة (عەقل سرخ) چەندین جار لە تاران بە فارسی بڵاوکراوەتەوە. ساڵی ١٣١٩ لە ئەسفەهان چاپکراوە.





٢٠–٢–١:داستانی (الغربة الغربية) کە شێوازێکە لە داستانی (حی بن يقظان) ی (ابن الطفيل) و (ابن سينا)، لە تاران ساڵی ١٣٧٢،١٣٥٥،١٣٣١ و ساڵی ١٩٥٢یش لە قاهیرە لەچاپ دراوە.

٢١–٢–١:رسالة (يزدان شناخت):یەکەم جار لە ساڵی ١٣١٦ بە سەرەتا نووسی و لێکۆڵینەوەی حاجی سید نصەالله تقوايی و پاشان لە تاران ساڵی ١٣٢٧ لەلایەن (بهمن كريمی) یەوە چاپکراوە.شایانی باسە کە چەند لێکۆڵەرەوەیەک پێیان وایە کە دەشێ ئەم نامیلکەیە هی (عين القضات همدانی)بێت.

٢٢–٢–١: نامیلکەی (المشارع و المطارحات): کە بەشی سییەمی زانستیی (ئیلاهیاتی) سورەوەردییە.ساڵی ١٩٤٥ لە ئەستەنبول و پاشان لە ساڵانی ١٣٥٥ و ١٣٧٢ لە تارانیش چاپکراوەتەوە.

٢٣–٢–١: نامیلکەی (المقاومات):لە کارە (ئیلاهی)ەکانیەتی، لە هەمان ساڵ و لە هەمان شوێندا چاپکراوە.

٢٤–٢–١: کتێبی (هياكل النور) یا (الهياكل النورية): لە ساڵی ١٩٥٣ لەلایەن نووسەر (حسن الكردی)ەوە لە قاهیرە لە چاپدراوە. پاشان بە هاوکاری د.محمد الريان، ساڵی ١٩٥٣ لە (مدراس) ی هیندستان و لە ساڵی١٩٩٨ لە قاهیرە و لە ساڵی ١٣١١ش لە شاری (مەشهەد) لە چاپدراوەتەوە.

٢ – ئەو بەرهەم ونامیلکانەی کە تاکو ئێستا چاپنەکراون/ یا بە چاپ نەگەێنراون:

زۆربەی توێژەرەوانی ئەم بابەتانە،لەو باوەڕەدان کە جگە لەو کتێب و نامیلکانەی لەو دەستەو ریزبەندییانەی کە لە لاپەڕەکانی پێشوودا،ناویان هاتووە، سورەوەردی چەندین بەرهەمی تری هەبووە،کە هەندێکیان وونبوون.وە ئەوانەی ماون هەموو دەستنووسن وهێشتا چاپنەکراون. هەموو ئەو نامیلکە و کتێبانە وەختی خۆی (شیخ شمسەدین محمد شارەزوری)کە خۆشی کوردی ناوچەی



http://calameo-pdf-download.abuouday.com/printpage.php?url=p2.calameo.com%2F140106084046-4bce10ffecbe01074eb29348bd6d265a%2F&count=44... 17/23

شارەزوورە لە کتێبی (تاریخ الحکماء) یا (نزهه الارواح و روضة الافراح)دا باسی کردوون. ئەو کتێب و نامیلکانەی کە شارەزوری ئاماژەی پێداون: ( ادعیة متفرقة – اشعار عربی و فارسی – البارقات الالهیة – مبدء و معاد – مکاتبات الی الملوک و المشایخ – الواردات الالهیة –النغمات السماویة – لوامع الانوار – الرمز المومی – شرح الاشارات (به فارسی)– طوارق الانوار – کتاب الصبر–الرقم القدسی – رسالــة المعراج–رسالة غایة المبتدی– رسالة فی تفسیر کتاب الله و خبر من رسول الله –الدعوات الشمسیة–التنقیحات فی الاصول– تسخیرات الکواکب–تسبیحات العقول و النفوس و العناصر – تسبیحات و دعوات الکواکب)

هەندێ لەو بەرهەمە بڵاونەکراوانەی کە ئێستاش هەندێ لە لێکۆڵەرەوە، پێیان وایە کە لە بەرهەمە بەجێماوەکانی سورەوەردیین:

– السراج الوهاج (لێکۆڵەرەوە محمد مصطفی حلمی و د.الریان؛ دەڵێین کە شارەزوری لە کتێبەکەیدا بە ئاشکرا گوتوویەتی –و الظاهر انه لیس له .....).

– سکنات الصالحین: هینری کۆربن؛ لەبەر ئەوەی شارەزوری ناوی ئەم کتێبەی نەهیناوە، بۆیە پێی وایە ئەم کتێبە هی سورەوەردی نییە.

–شرح اسماء الالهیة: سید حسین نصر، لای وایە کە ئەمە یەکێکە لە کتێبەکانی سورەوەردی.

–تفسیر بر فصوص فارابی(به فارسی)؛بە بۆچوونی سید حسین نصر، ئەم کتێبە هی سورروەردییە.

–الاربعون اسم الادریسیة: د. الریان لە (اصول الفلسفة الاشراقیة) دا ئاماژەی پێداوە.

–تحفة البردة: لێکۆڵەرەوە حاجی خەلیفە و (برۆکلمان) هەردوو بێگومانن لەوەی کە ئەمە لە بەرهەمەکانی سورەوەردییە.

–تحفة الاحباب: بە بۆچوونی (الریان) ئەمە هەمان کتێبی (التنقیحات فی الاصول)ە.





– المناجات

–رسالة فی ذم الدنیا و مدح الفقر (رسالّة الفقر)....

– نامیلکەی (التلویحات العرشیة) کە بابەتی بەربەرەکانیەکی فیکری سورەوەردی لەگەڵ بۆچوونەکانی ئەرەستۆی گرتۆتەخۆ.





# سورەوەردی چی پێشکەشکردووە بە عالەمی ئیسلامی:

لە پاش لێکۆڵینەوە و ناساندنی ئەم کەلە فەیلەسوفەی زێدی کوردەواری.لەپاش توێژینەوەی سەرپێی ژیان و بەرهەمەکانی سورەوەردی ناسراو بە شێخی ئیشراق؛ نازەدکراو بە (شێخی شەهید) لەلایەن شاگردو هۆگرانیی، با بە کورتی بێنە سەر ئەوەی بزانین ئەم زاتە داهێنەرە،چی بۆ فەلسەفەی ئیسلامی، چی بۆ مێژووی ژیاری ئینسانیەت و چی بۆ ئێمەی نەتەوەی کورد بەجیهێشتووەو هەروەها با بزانین چ واتاو زمانی و بیرۆکەی بۆ ئاستەکان و پێداویستییە جیهانبینیەکانی ئێستامان بە میرات لە پاش بەجێماوە. وە وەکو کرانەوەی فیکری و قبوڵکردنی بیروبۆچوونی بەرامبەرەکانمان دەبێ چ پرۆژەیەک،چ وانەیەک،چ نەخشە رێگایەکی مرۆڤانەی بۆ سەرخستنی ژیاری ئێمەو شارستانیەتی دەوروبەرمان سازاندووە. هەڵبەتە بۆ هەموو ئەم پرسیارە گەورانە، دەشێت وەڵامەکانمان دنیایەک نووسین و بۆچوون و پیاهەڵدان بێت،بەڵام با زیاتر رووچوون و قووڵبوونەوە لەم بابەتە زۆر فەلسەفیانە بۆ خەڵکانی شارەزاتر بەجێ بهێڵین و ئێمە لەم کورتە لێکۆڵینەوەیەدا،لە چەند کورتە خاڵێکدا کاکڵی وەڵامەکان پێشکەش بکەین و بڵێین:

١– لە سیستەمی بیرکردنەوەو بیرمەندیی سورەوەردیدا،ئاشت بوونەوەو سازاندنی ئاسایش و ئاشتبوونەوە لە نێوان مرۆڤ و خودی ناخ و سۆزی مرۆڤدا، پێداویستی ئەکەمە. ئەو زانیوویەتی کە مرۆڤ هەم عەقڵە (واتە خاوەندی عەقلە) و هەم عاشقە (واتە بە سۆزە). ئەگەر مرۆڤ بتوانێت هاوسەنگییەکی رەوا لە نێوان ئەم دووەدا





بسازێنێت بێ شک دەگات بەوەی کە (موراد)یەتی. عەشق مرۆڤ هاندەدات بەرەو ئامانجە سەرەکییەکان / یا ئامانجە سەرەکییەکە. بەڵام تەنیا عەقڵە کە رێگەی گەیشتن رووناک و رۆشن دەکاتەوە. مرۆڤ ئەگەر بەبێ وەگەڕخستنی عەقڵ کەوتە دوای عەشق و سۆزو ویستی خۆی، عەقلەکەی ئەوە نەبێت کە رێنمایی بکات،تاریکی بۆ رۆشن بکاتەوە،بێگومان دەکەوێتە دووی بەرژەوەندییە تەسکەکانی خۆی و (من منم)ەکەی بۆ گەیشتن بە ماڵ و موڵک و شەهوەت و پایە، گومڕای دەکات و وای لێ دەکات کە نەتوانێت هیچ پیاوەتێیەکی راستەقینەی، یا تۆزقاڵە مرۆڤایەتێکی بێ غەل وغەشی، پێشکەش بە دەوروبەری خۆی بکات.

لە بەرەواژەی ئەوەشدا ، سورەوەردی پێی وایە،کە چەندین عەقڵ لە لووت بەرزی خۆیاندا گرۆشکەیان بەست وبێ گوێدانە ویستەکانی عەشقی گەورە، بێ گرنگیدان بە واتا گەورەکانی خۆ،کەون، خودا و خەڵک ناسین، وەکو بڵقی سەرئاو رۆیشتن و لە کۆتاییشدا نە بۆ خۆیان بوون و نە بۆ بەها جوانەکانی ژیان و ژیار. وە بۆ شارستانیەتی خۆیان هیچ سوود و کاریگەرییەکی لەبیرنەچووی جوانیی مرۆڤیان بەجێ نەهێشت. بە بۆچوونی سورەوەردی، ناسینی خودا؛یەکەم هەنگاوی دروستکردن /یا دروستبوونی خۆشی ژیان و سازگاریی شەپۆلە جیاجیاکانی بوارە ماددی و مەعنەوییەکانە لە هەر کۆمەڵگایەکدا.

٢ – سورەوەردی هەرچەندە بە زادەیی رۆڵەی کوردەواری بوو، بەڵام بە داهێنانەکانی یەکانەیی ئوممەت و شارستانیەتی ئیسلامی سەلماند.ئەوەی پیشاندا ، کە بیرمەندی ئەم و کەسانی وەکو (ئیبن رشد)و (الکندی) و (فارابی)و(ئیبنی سینا) و(غەزالی) و ...هتد،سنووربڕن و تیشک و رووناکییان،نە سنووری زمان و نە سنووری ولات و نەتەوە نازانن. ٣ –

سورەوەردی کرانەوەیەکی سیستماتیکی مەعریفی هەبوو بەرامبەر بە هەموو فەلسەفەکانی دنیا،بە تایبەتی بەرامبەر بەوەی لە کاتی ئەدا

فەلسەفەی ئەغریقی و ئێستا بە فەلسەفەی رۆژئاوایی ناسراوە. بۆیە کەسێکی وەکو د. ئیبراهیم مذکوری شارەزای فەلسەفەی ئیسلامی، سەبارەت بە رۆڵی سوروەردی دەڵێت: ( بە راستی ئەو ئینسایکلۆپیدیایەک بوو، بە کتێب و بە بۆچوونی فەیلەسوفێک دڵی ئاوی نەدەخوارد و نەدەوەستا.رازی نەبوو نەوەی کە بە یەک جۆری فەلسەفە بوەستێت و خۆی خەریک بکات، بەڵکو هەمیشە هەوڵی دەدا هەموو ئەوانە ئاوێتەی یەکتر بکات؛ فەلسەفەی شەرقی و غەربی بکاتە یەک بۆ گەیشتن بە پایگاکانی تێگەیشتن...). لە سەجەمی ئەو روونکردنەوانەی پیشوودا، بۆمان دەرکەوت کە ئەو مەکۆی پێکەوگرێدانی فەلسەفەی یۆنانی و ئێرانییەکان بووە.خزمایەتی و نزیکایەتی نێوان (نەوئەفلاتوون) ی و (مەزدەیەسنا)یی نزیکتر و یەکانگیرتر کردبوو. بیرمەندیی فیساغۆرسی و هرمسیەتی پێکەوە گردکردبۆوەو کردبوویە پایەیەک یا سەررچاوەیەک بۆ بیرمەندی و داهێنانەکانی خۆی.

٤ – سورەوەردی یەکەم کەس بوو،کە بە شێوازێکی زانستی و مەعریفی،هاوپەیوەندییە پچراوەکەی نێوان فەلسەفە و ئایینی لە جیهانی ئیسلامیدا دروست کردووە. فەلسەفەی یۆنانی؛بە تایبەتی فەلسەفەی ئەرستۆتالیس، بەدەر لە فەلسەفەو حیکمەتەکانی شارستانیەتی ئێرانی و هیندی و عەرەبی، بوارێکی گەورەی لە نێوان فەلسەفەو دیانەتی ئیسلامی دروستکرد. ئەمەش دروست لە بۆچوونەکانی فەلسەفەی مەشائیدا، رەنگدانەوەی زەقی هەبوو.هەڵەتە هەروەکو لەوەپێش روونمان کردۆتەوە،فەلسەفەی مەشائی،فەلسەفەی تایبەتی ئەرستۆ بوو. ئەم فەلسەفەیە لە دنیای ئیسلامیدا، دوو بەرەی دژ بە یەکی دورستکرد؛ بەرەی عەقڵ (فەلسەفە) کە سەرچاوەی هەموو زانیارییەکانە و بەرەی ئایین،کە سەرچاوەی هەموو رووناکییە رووحێکانە. ئەم دوو بەرەییە، ئەم دژ بەیەکبوونە،چەند سەدەیەک، هەرجارەی بە ناوێکەوە،لە شارستانییەتی ئیسلامیدا بەردەوامییان هەبووە. ماوەیەک بە ناوی





رێرەوی بینین (منهج النظر)ی فەیلەسوف و قسەکەران (المتکلمین) لەلایەک و رێرەوی زەوق لەلای صۆفیەکان،لەلایەکی ترەوە، بەردەوام بووە.پاشان ناوەکان بوون بە رێرەوی (عەقڵ) و رێرەوی (دڵ)؛ یەکەمیان سوور بوو لەسەر سەلماندن و بەڵگەهێنانەوەو دووەمیشیان لەسەر سروش وکەشف ودۆزینەوەو رووناکی ناخ و دڵ دەوەستا. ئەم دوورەپەرێزییە،ماوەی سێ سەدە (سەدەی سێ و چوار و پێنجەم) بەردەوام بوو.پاشان لە نیوەی دووەمی سەدەی شەشەمی کۆچیدا،سورەوەردی بە شێوازێکی سیستماتیکی رەچەشکێن،رێرەوی تێکەڵاوکردنەوەو یەکانگیرکردنەوەی ئەو دوو لایەنە (دین و عیلم)ی دروستکردەوە و لە (حیکمەت الاشراق)دا گەیشت بە چڵە پۆپەی هەماهەنگی فەلسەفەو سیستەمی مەعریفی لەگەڵ ئایین و پایگا رووحانیەکانی. بەمەش وەک د. سید حسین نصر دەڵێت: سورەوەردی واتاکانی فەلسەفەی ئیسلامی لەوەی کە هەبووە،قووڵترو رەگداکوتاوتر کردووە). هەر بەم ژیانحاڵەی سورەوەردی،راستییەکی موژدەهێنەر بۆ نەوەی نوێی کوردەواری دەسەلمێنرێت؛ راستیەکە دەڵێت،کە ئەگەر مەبەست و ویستی تاکی کورد لە ئارادا بێت و گشتیش بواری شیاو برەخسێنێت بۆ تاکی بەهرەمەند،مەحاڵ نابێت کە چەندین سورەوەردی تر لەم زادگای کوردەوارییەوە هەڵکشێن و جیهانیەت بە فەلسەفە و عیلم و زانست و مەعریفەتی بەشەریەت پێشکەش بکەن





## سەرچاوەکان:

بۆ ئامادەکردنی ئەم نامیلکەیە،سوود بینراوە لە هەموو ئەم سەرچاوانە:


١ – Razavi, M Amin; Suhrawardi and the school of the Illumination, Richmond, Curzon Press, ١٩٩٧.

٢ – Yazdi, M Ha'iri; The Principles of Epistemologhy in Islamic Philosophy, Albany, NY: State University of NewYork Press,١٩٩٢.

٣ – Al Shahrazuri, Shamsal–Din; Sharh' Hikmatul Ishraq, Commentary on the Philosophy of illumination, ed: by H Ziai. In Stitute for Cultural Studies and Research, Tehran , ١٩٩٣.

٤ – H. Ziai ; Shihab al–Din Suhrawardi: Founder of the Illuminationist school,{ Biography of Suhrawardi}. eds: Nasr, S. Hussain and Leaman . O: ( History of Islamic Philosophy, London, Routledge, ١٩٩٦.وە

John Walbridge & Hossein Ziai; Suhrawardi: The Philosoph of Illumination, Publisher; Brigham Young Unviersity Press, ٢٠٠٠.

٥ – Hossein. Ziai; The Illuminationist Tradition; General Description of Illuminationist Tradition. Eds: by: Nasr, s Hussain and Leaman. O. London, Routledge, ١٩٩٦.

٦ – Cooper, John; Al Suhrawardi, Shihab al–Din Yahya, Routledge, ١٩٩٨.







٧ – دیوان شیخ الاشراق و یلیه هیاکل النور: ترجمة و تحقیق احمد مصطفی الحسین، دار النشر بیبلیون، بیروت و باریس، ٢٠٠٥.

٨ – کوربان. هنری؛ تاریخ الفلسفة الاسلامیة، بالتعاون مع السید حسین نصر و عثمان یحیی، ترجمة نصیر مروە و حسن قبیسی، منشورات عویدات، بیروت و باریس، ١٩٨٣

٩ – الدینانی، غلامحسین الابراهیمی؛ اشراق الفکر و الشهود فی فلسفة السهروردی،دار الهدی، ٢٠٠٥.

١٠ – محمد علی، محمود؛ المنطق الاشراقی عند شیهاب الدین السهروردی، مصر،مصر العربیة للنشر و التوزیع، ١٩٩٩.

١١ – ابو الریان، محمد علی؛ اصول الفلسفة الاشراقیة عند شهاب الدین السهروردی، قاهرة الطبعة الثانیة، ١٩٦٩.

١٢ – بدوی، عبدالرحمن؛ شخصیات قلقة فی الاسلام، دراسات اسلامیة، الطبعة الثانیة، ١٩٦٤ ،قاهرة.

١٤ – ابن خلکان: وفیات الاعیان و انباء ابناء الزمان؛ تحقیق د. احسان عباس، مطبعة الغریب، دار الثقافة،بیروت، ١٩٧١.

١٥ – مصطفی حلمی،محمد؛اثار السهروردی المقتول: تصنیفاتها و خصائصها التصوفیة و الفلسفیة. مجلة کلیة الاداب، جامعة القاهرة، المجلد ١٣، الجزء الاول، ١٩٥١.

١٦ – د. یوسف زیدان؛ ندوة الصلات العلمیة و التاریخیة بین العراق و سوریا عبر التاریخ، ثمار الهجرة العراقیة الی الشام، معهد التراث العلمی العربی، حلب، ٢٣/٢٤ نیسان ٢٠٠٥ . وە: کتاب (الاسلام و الفلسفة و العلوم)؛یونسکۆ،١٩٨٣،دبلن.

١٧ – د. حسین، محسن محمد؛ المشطوب الهکاری؛ گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی ٨ ساڵی ١٩٨١.

١٨ – شهرزوری، شمس الدین محمد؛ شرح حکمة الاشراق، تصحیح و تحقیق و مقدمه تحلیلی دکتر حسین ضیایی تربتی، تهران، ١٣٧٢ ، موسسة مطالعات م تحقیقات فرهنگی.

١٩ – كۆربن،هانرى؛ سهروردى حكمة الاشراق، مجموعه مصنفات شيخ الاشراق، جلد دوم، تهران ، ١٣٥٥.

٢٠ – كۆربن، هانرى؛ روابط حكمت اشراق و فلسفه ايران باستان، ترجمه احمد فرديد، عبدالحميد گلشن، تهران، ١٣٨٢، موسسة پژوهش حكمت و فلسفه ايران.

٢١ – نصر، سيد حسين؛ مجموعه مصنفات شيهاب الدين سهروردى، جلد سوم، تهران، ١٣٥٥.

٢٢ – نصر، سيد حسين؛ سه حكيم مسلمان، ترجمه احمد ارام، تبريز، ١٣٤٥، سروش.

٢٣ – طبرى، احسان؛ برخى بررسيها دربارء جهان بينى ها و جنبش هاى اجتماعى در ايران، ١٣٤٨.

٢٤ – ابراهيم دينانى، غلام حسين؛ شعاع انديشه و شهود در فلسفه سهروردى، تهران، ١٣٦٤، انتشارات حكمت.

٢٥ – سهروردى و تاريخ حكمت اشراق؛ سخنرانى دكتر غلامحسين ابراهيمى دينانى، مركز پژوهش اديان جهان، تهران ٢٥/١٠/ ١٣٨٦.

٢٦ – شيوا، بابامردخ روحانى؛ تاريخ مشاهير كرد: عرفا، علما، ادبا، شعرا، جلد اول، سروش، تهران،






## زنجیرە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی روناکبیری و کۆمەڵایەتی کەرکوك

| ز | ناوی کتێب | بابەت | نووسەر | وەرگێر | ساڵ |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ئەنفال و شۆڕەبی | شیعر و بیرەوەریی | مەلا شاخی | | ١٩٨٨ |
| ٢ | سروودی منداڵان | سروودی نەتەوایەتی | کۆمەڵێك شاعیر | | ٢٠٠٣ |
| ٣ | دیوانی ئالیاسین | شیعری وەرگێڕدراو | محەمەد حسین ئالیاسین | ئاوات حسن | ٢٠٠٥ |
| ٤ | ژیلەمۆی گەرمیان | بیرەوەریی | سەعید شاکەلی | | ٢٠٠٥ |
| ٥ | کۆنفرانسی ماددەی (٥٨) | وتار و دیکۆمێنت | | | ٢٠٠٥ |
| ٦ | راگەیاندن بەرجەستەکردنی ستەمی ئایدیۆلۆژی | لێکۆڵینەوە | شێرکۆ جەبار | | ٢٠٠٦ |
| ٧ | خورماتوو لە پاکتاوی رەگەزیدا | لێکۆڵینەوە | حەسەن بارام | | ٢٠٠٦ |
| ٨ | فەرهەنگی(ماچۆ)ی کاکەیی | فەرهەنگسازی | هاشم کاکەیی | | ٢٠٠٦ |
| ٩ | لەنێوان ئێستا و رابوردوودا | لێکۆڵینەوە | موعتەسەم ساڵەیی | | ٢٠٠٦ |
| ١٠ | مێژووی ئەو کۆمەڵە و رێکخراو | مێژوویی | سمکۆ بەهرۆز | | ٢٠٠٦ |
| ١١ | عەلی بەستێ | کورتە رۆمان | حەسەن جاف | | ٢٠٠٦ |
| ١٢ | ژیاننامە و بەرهەمەکانی پرۆفیسۆر د.زەنون پیریادی | لێکۆڵینەوە | د. زەنون محەمەد | | ٢٠٠٦ |
| ١٣ | نەخۆشییەکانی ئاژەڵ کە تووشی ئادەمیزاد دەبن | لێکۆڵینەوە | د. عبدالكريم حاجی محەمەد | | ٢٠٠٦ |
| ١٤ | کەرکوك لەنێوان پیلان | کۆمەڵە گوتار | هێمن مەولود | | ٢٠٠٦ |





| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ١٥ | کۆمەڵە وتار | وتار | تەها سلیمان | | ٢٠٠٦ |
| ١٦ | شکستی بلیمەتی | کۆمەڵە وتار | عەبدوڵڵا مەحمود | | ٢٠٠٦ |
| ١٧ | کەرکوك لەنێوان حەزی خەڵکەکەی و | لێکۆڵینەوە | عەلی مەحمود | | ٢٠٠٦ |
| ١٨ | دەروونناسی گشتی | دەروونناسی | د. عبدالستار تاهیر | | ٢٠٠٦ |
| ١٩ | گەنج و تازەگەری | وتار | فەرمان هیدایەت | هاوکاری کۆمەڵە | ٢٠٠٦ |
| ٢٠ | ئەنفال دۆزەخی بێگوناهەکان | شیعر | فەرمان هیدایەت | هاوکاری کۆمەڵە | ٢٠٠٦ |
| ٢١ | بەشێك لە ئەنفالی گەرمیان | مێژوو | حەسەن بارام | | ٢٠٠٦ |
| ٢٢ | "الأرجوان" قصص كردية | چیرۆکی وەرگێڕدراو | محەمەد صابر محمود | | ٢٠٠٧ |
| ٢٣ | شۆڕشەکانی ئیبراهیم خانی دەلۆ | مێژوو | مستەفا نەریمان | | ٢٠٠٧ |
| ٢٤ | کێشەی ویلایەتی مووسڵ | لێکۆڵینەوە | و: شێخ محەمەد شاکەلی | | ٢٠٠٧ |
| ٢٥ | بەشێك لە حیکایەتی ئەنفالی(٢) | مێژوو | هاوار عباس | هاوکاری کۆمەڵە | ٢٠٠٧ |
| ٢٦ | شووشە | شیعر | هێمن خورشید | هاوکاری کۆمەڵە | ٢٠٠٨ |
| ٢٧ | شێتبوون | شیعر | عومەر سەیدە | | ٢٠٠٨ |
| ٢٨ | مدينة لغرقت في الظلام | صور ووثائق | شرف الدين جباري | | ٢٠٠٨ |
| ٢٩ | سووتان بەبۆنی بارانی نامۆ بوون | دەق | تەها سلیمان | | ٢٠٠٨ |





| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٣٠ | گوڵبـژێرێك لە شیعر و شاعیرانی گەرمیان | کۆکردنەوە و ئامادەکردن | ساڵح هەلاج | | ٢٠٠٨ |
| ٣١ | شهود عيان عن الأنفال | دیکومینت ودراسة | عارف قورباني | حسن شيخاني | ٢٠٠٨ |
| ٣٢ | المتاهة | مجموعة قصص | سالار إسماعيل سمين | | ٢٠٠٨ |
| ٣٣ | "شانۆکار" گۆڤاری شانۆیی | شانۆ | تیپی شانۆی کەرکوك | هاوکاری کۆمەڵە | ٢٠٠٨ |
| ٣٤ | سەما لەگەڵ گورگە بۆرەکان | وتار | ستران عبدالله | | ٢٠٠٨ |
| ٣٥ | وەرزی بێ تاقەتی | شیعر | شەهید سۆران مامە حەمە | | ٢٠٠٨ |
| ٣٦ | صفحات من تاريخ اليهود | تاریخ | صلاح الدين مجيد | | ٢٠٠٨ |
| ٣٧ | دیوانی شاعیرانی کوردی گۆران | لێکۆڵینەوە | هاشم کاکەیی | | ٢٠٠٨ |
| ٣٨ | کورد و تورکمان و رابردوویەکی پڕ لە قەیران | لێکولێنەوە | معتصم نجم الدين | | ٢٠٠٨ |
| ٣٩ | جلولاء في صفحات التاريخ | دراسة | نجم عبدالله | | ٢٠٠٨ |
| ٤٠ | قسە خۆشەکانی ناوچەی گەرمیان | پەندی تەنزئامێز | شکور حەمەی هەیەر | | ٢٠٠٨ |
| ٤١ | شاکر فەتاح و رۆڵی لە... | لێکۆلینەوە | بهاو الدين احمد | | ٢٠٠٨ |
| ٤٢ | خولیە وەرە بۆ ئەمریکا | شیعر | لەتیف هەڵمەت | | ٢٠٠٩ |
| ٤٣ | کاتژمێر نوو | چیرۆك | ئاسۆ سەعید | هاوکاری کۆمەڵە | ٢٠٠٩ |
| ٤٤ | شێخ ئەحمەد شاکەلی | دیوان و یادداشت | هاشم کاکەیی | | ٢٠٠٩ |



http://calameo-pdf-download.abuouday.com/printpage.php?url=p2.calameo.com%2F140106084046-4bce10ffecbe01074eb29348bd6d265a%2F&count=44... 20/23

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٤٥ | پەیوەندییەکانی ئاسورییەکان و بەریتانیا | لێکۆڵینەوە | سیروان حەمە سەعید | | ٢٠٠٩ |
| ٤٦ | شعراء جماعة كركوك | دراسة | هشام القيسي | | ٢٠٠٩ |
| ٤٧ | قراءة استدلالية في المسرح الكوردي | دراسة | بشار عليوي | | ٢٠٠٩ |
| ٤٨ | كركوك الحقائق والأرقام | وثائق | عارف قورباني | | ٢٠٠٩ |
| ٤٩ | دانیشتن بەدیار ئەنفالەوە | وتار و دیدار | خەڵەف غەفور | | ٢٠٠٩ |
| ٥٠ | لە کۆتایی چاوەڕوانیدا | چیرۆك | عومەر سەید | | ٢٠٠٩ |
| ٥١ | کەرکوك لە ڕوانگەی مێژووەوە | لێکۆڵینەوەی مێژوویی | و: د. ئازاد عبدالواحد | | ٢٠٠٩ |
| ٥٢ | بیبلیۆگرافیای چالاکییەکانی کۆمەڵە بۆ ساڵی ٢٠٠٨ | چالاکی کۆمەڵە | ئا: نەوزاد شێخانی | | ٢٠٠٩ |
| ٥٣ | رموزنەکان | کۆمەڵە چیرۆك | بەکر دەروێش | | ٢٠٠٩ |
| ٥٤ | ڕامان لە ئایدیۆلۆژیاکان | هزری سیاسی | محەمەد فاتح عبدالرحمن | | ٢٠٠٩ |
| ٥٥ | تاوان و تۆڵە | شیعر | حەمید مەجید جوامێر | | ٢٠٠٩ |
| ٥٦ | التركمان في وثائق البعث | وثائق | صمد ضاوشين | ن:سامان بابان | ٢٠٠٩ |
| ٥٧ | کوردستان لە چاخی مەغۆلدا | لێکۆڵینەوەی مێژوویی | د.عەبدوڵا عەلیاوەیی | و:ستار شێخانی | ٢٠٠٩ |
| ٥٨ | مۆدلیانی | هونەر | | گرفتار کاکەیی | ٢٠٠٩ |
| ٥٩ | ڕێبەری دەزگای ڕۆیتەرز | ڕۆژنامەوانی | | و: عمر عبدالكريم | ٢٠٠٩ |





| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٦٠ | خطوة على طريق النقد | دراسة نقدية | جليل البصري | | ٢٠٠٩ |
| ٦١ | هزری ڕەخنەیی و ئستاتیکای دەق | لێکۆڵینەوەی ڕەخنەیی | سەعید مەحەممەد بەرزنجی | | ٢٠٠٩ |
| ٦٢ | بەشێك لە بیرەوەرییەکانی مام جەلال | مێژوو | | و. سوران عەلی | ٢٠٠٩ |
| ٦٣ | مێروولە | چیرۆکی منداڵان | نەوزاد شێخانی | | ٢٠٠٩ |
| ٦٤ | گوڵ و ئاسك و هەنگ | چیرۆکی منداڵان | نەوزاد شێخانی | | ٢٠٠٩ |
| ٦٥ | نەورۆز نامـــە | | محەمەد عەبدولڕەحمان زەنگنە | | ٢٠٠٩ |
| ٦٦ | دور نواب كركوك في العهد الملكي | دراسة تأريخية | د. نبيل محمود عكيد | | ٢٠٠٩ |
| ٦٧ | تۆبزاوە | پرسی ئەنفال و جینۆساید | ناوەندی چاك | لەسەر ئەرکی کۆمەڵە | ٢٠٠٩ |
| ٦٨ | نەوت بەرانبەر بە خاك | لێکۆڵینەوە | | و: سابیر عەبدوڵلا | ٢٠١٠ |
| ٦٩ | چەمچەماڵ لە چەرخی بیستدا | مێژوو | د. زەنوون پیریادی | | ٢٠١٠ |
| ٧٠ | شیعر کوژی | چەند پەیڤێك دەربارەی شیعر | حەمە کەریم عارف | | ٢٠١٠ |
| ٧١ | گیرفان | گۆڤارێکی ڕۆشنبیریی | کۆمەڵێك روناکبیر لە گەرمیان | هاوکاری کۆمەڵە | ٢٠١٠ |
| ٧٢ | وتە و پەندی بەنرخ | پەند | عەدنان ئیبراهیم | هاوکاری کۆمەڵە | ٢٠١٠ |
| ٧٣ | ماندێلا و دیموکراسی ئەمرۆ و باشووری ئەفریقیا | لێکۆڵینەوە | شادمان مەلا حەسەن | | ٢٠١٠ |
| ٧٤ | صفحات من تاريخ اليهود في العراق وكوردستان | دراسة تأريخية | صلاح الدين صالح مجيد | الطبعة الثانية | ٢٠١٠ |





| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٧٥ | أبعاد كوردستانية قضاء خورماتو | دراسة تأريخية | حسن بارلم | | ٢٠١٠ |
| ٧٦ | پیاوێك گرەو لە ئەمری دەباتەوە | لێکۆڵینەوە | ئا: ساڵح هەلاج | | ٢٠١٠ |
| ٧٧ | عمليات الأنفال في كوردستان العراق | دراسة تأريخية | فاتح محمّد سليمان | | ٢٠١٠ |
| ٧٨ | چە یانەی شوکر خەیاتەوە | لێکۆڵینەوە | گەرمیان شوکر | | ٢٠١٠ |
| ٧٩ | کەرکوك تایم | لێکۆڵینەوە | لەتیف فاتیح فەرەج | | ٢٠١٠ |
| ٨٠ | ئەنفال و سەگە ڕەشەکە و بیابان | لێکۆڵینەوە مێژوویی | هێمن مەولوود | | ٢٠١٠ |
| ٨١ | شەبەك | لێکۆڵینەوە مێژوویی | هاشم عاصی کاکەیی | | ٢٠١٠ |
| ٨٢ | یەکێتیی قوتابیانی کوردستان ١٩٥٣ – ١٩٧٥ | لێکۆڵینەوەی مێژوویی | سامان کەریم مەحموود | | ٢٠١٠ |
| ٨٣ | دیوانی شێخ کەریم بەرزنجی | شیعر | کەریم بەرزنجی | | ٢٠١٠ |
| ٨٤ | ناوچەی کفری لەنێوان ساڵانی (١٩١٤ــ١٩٤٥) | لێکۆڵینەوەی ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیریی | حوسێن ئیسماعیل خان دەلۆ | | ٢٠١٠ |
| ٨٥ | کەرکوك لەنێوان مێژوو دووبارە نووسینەوەیدا | لێکۆڵینەوەی مێژوویی | سمکۆ بەهرۆز | | ٢٠١٠ |
| ٨٦ | سێشەممە دەبمە جەللاد | فکری | خالد سلێمان | | ٢٠١٠ |
| ٨٧ | رۆژنامەوانی لەگەڵ سەدەی ٢١دا | وتار | ستران عبدالله | | ٢٠١٠ |
| ٨٨ | شەوی سەفەر | شیعر | سەیران شەوانی | هاوکاری کۆمەڵە | ٢٠١٠ |
| ٨٩ | سۆزی شاعیر | شیعر بۆ گۆرانی | ستار ئەحمەد عبدالرحمن | | ٢٠١٠ |





| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٩٠ | طوزخورماتو التأريخ والشراكة الحقيقية | دراسة تأريخية | برهان البرزنجي | | ٢٠١١ |
| ٩١ | ئەدەب و هونەر | لێکۆڵینەوە | موعتەسەم ساڵەیی | | ٢٠١١ |
| ٩٢ | عێراقی مۆزایك و ناهۆمۆجین | لێکۆڵینەوەی سیاسی | ئەنوەر حسێن (بازگر) | | ٢٠١١ |
| ٩٣ | الصحافة الكوردية البدايات | تأريخ الصحافة الكوردية | د. صباح موسى | | ٢٠١١ |
| ٩٤ | الكورد والتركمان إلى أين؟ | دراسة تأريخية | محەمەد شاکەل | | ٢٠١١ |
| ٩٥ | FARAJ(ANFAL) | جینوساید | عارف قوربانی | | ٢٠١١ |
| ٩٦ | THE ARAB SHOVEL (ANFAL) | جینوساید | عارف قوربانی | | ٢٠١١ |
| ٩٧ | ژیلەمۆی گەرمیان | بیرەوەریی | شیخ سعید شاکەلی | | ٢٠١١ |
| ٩٨ | ئەنفال لە دیدی ئەوانی ترەوە | کۆمەڵە بابەت | ئاکۆ شوانی – بارام سوبحی | | ٢٠١١ |
| ٩٩ | ئەنفال بناری گل | لێکۆڵینەوە | بەختیار محەمەد موزەفەر | | ٢٠١١ |
| ١٠٠ | ئەنفال ناوچەی جەباری | لێکۆڵینەوە | ئارام بەهرۆز ساڵح | | ٢٠١١ |
| ١٠١ | پێوانی هەستی خۆ بە کەمزانین لای ئافرەتانی پاشماوەی ئەنفال | لێکۆڵینەوە | مەریوان عەبدولمەجید | | ٢٠١١ |
| ١٠٢ | ئەنفالی چوار و کاریگەری | لێکۆڵینەوە | هێمن کامیل | | ٢٠١١ |
| ١٠٣ | قەیران و شوناسی خێزان لە پەراوێزی ئەنفال | لێکۆڵینەوە | پشتیوان ڕەحیم | | ٢٠١١ |
| ١٠٤ | تغگیە الصحافە للّنفال | بحپ | شیخ صديق | | ٢٠١١ |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ١٠٥ | لە بزووتنەوەوە بۆ حزبی سۆسیالیستی کوردستان | لێکۆڵینەوە | محەمەد شاکەلی | | ٢٠١١ |
| ١٠٦ | دەفری زێڕین | کۆدیدار | خەلەف غەفوور | | ٢٠١١ |
| ١٠٧ | بۆ ئەوەی ڕستی تەسبیحەکە نەپسێ | گوتاری ڕۆژنامەوانیی | ئەحمەد تاقانە | | ٢٠١١ |
| ١٠٨ | زارا | جینۆساید | عارف قوربانی | بە زمانی ئینگلیزی | ٢٠١١ |
| ١٠٩ | حەپسە | جینۆساید | عارف قوربانی | بە زمانی ئینگلیزی | ٢٠١١ |
| ١١٠ | گەلاوێژ | جینۆساید | عارف قوربانی | بە زمانی ئینگلیزی | ٢٠١١ |
| ١١١ | دەسەلات و سەربەخۆیی کورد و....... | لێکۆڵینەوەی سیاسی | کاکەڕەش صدیق | | ٢٠١١ |
| ١١٢ | ئەلبومی گەرمیان | ئەلبومی ناوداران | سالَح هەلاج | | ٢٠١١ |
| ١١٣ | Wyh does kirkuk belong to kurdistan | جینۆساید | عارف قوربانی | | ٢٠١٢ |
| ١١٤ | لەسەر سنوور | چیرۆك | ئەیوب لهۆنی | | ٢٠١٢ |
| ١١٥ | قەزای کفری.. شارەدێی کەلارو پاسەکەی حاجی | یادەوەری | شێخ محەمەد شاکەلی | | ٢٠١٢ |
| ١١٦ | The Ethnic cleaning of kirkuk Issue(١) | جینۆساید | عارف قوربانی | | ٢٠١٢ |
| ١١٧ | The Ethnic cleaning of kirkuk Issue(٢) | جینۆساید | عارف قوربانی | | ٢٠١٢ |
| ١١٨ | ئەو ڕۆژەی لە دایك بووم | ڕاپۆرتـە ڕۆمـان | ئازاد ڕەشید | | ٢٠١٢ |
| ١١٩ | قسەخۆشەکانی ناوچەی گەرمیان | ڕوودا و پەند | شکور حەمەی هەیەر | | ٢٠١٢ |





| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ١٢٠ | خانای قوبادی | لێکۆڵینەوەی | کاروان عوسمان | | ٢٠١٣ |
| ١٢١ | هەڵسەنگاندنێك بۆ یاسای ڕۆژنامەگەری | رەخنە، بەراورد، پێشنیاز" | ناصح حەمەحسێن | | ٢٠١٣ |
| ١٢٢ | هەرێمی کوردستان و ئیرادەی ئایندەسازی | کۆمەڵە وتار | ئاوات محەمەد ئەمین | | ٢٠١٣ |
| ١٢٣ | هذه هي أمريكا | مذكرات | محمد حمه صالح توفيق | رحيم حميد عبدالكريم | ٢٠١٣ |
| ١٢٤ | باليسان وشيخ وسان أول جريمة كيمياوية في كردستان | شهادات حية | د. جليل البصري | | ٢٠١٣ |
| ١٢٥ | شەهیدە بێ ناسنامەکان (بەرگی ١) | توێژینەوەیەکی سۆسیولۆجی و دیمۆگرافی و مێژوویی | ڕێبوار ڕەمەزان عەبدوڵلا | | ٢٠١٢ |
| ١٢٦ | شەهیدە بێ ناسنامەکان (بەرگی ٢) | توێژینەوەیەکی سۆسیولۆجی و دیمۆگرافی و مێژوویی | ڕێبوار ڕەمەزان عەبدوڵلا | | ٢٠١٢ |
| ١٢٧ | حیکایەتەکانی مەرگ | دیکۆمێنتاری | ئیبراهیم هەورامانی | | ٢٠١٢ |
| ١٢٨ | دواتر دەبینێرم | کۆمەڵە وتار | فاتیح سەنگاوی | | ٢٠١٢ |
| ١٢٩ | قۆناغی سێی ئەنفال | لێکۆڵینەوە | محەمەد ئەمین ڕەشید | | ٢٠١٢ |
| ١٣٠ | مستوى الدافعية للانجاز و علاقته بالتحصيل الدراسي | بحث ودراسة | أيوب خسرو نادر الهماوندي | | ٢٠١٢ |
| ١٣١ | المقابر الرملية | رواية مترجمة | حسن جاف | | ٢٠١٢ |
| ١٣٢ | خەمێك بۆ ئەنفال | کۆمەڵە وتار | هێمن کامیل | | ٢٠١٢ |
| ١٣٣ | أسفار الجحيم | كتابات | جليل إبراهيم الزهري | | ٢٠١٢ |
| ١٣٤ | ئەنفال و جینۆسایدی کورد | لێکۆڵینەوە | چنار نامق | | ٢٠١٢ |





| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ١٣٥ | ئەنفال نامە | کۆمەڵە شیعر | عوسمان دەروێش شکور | | ٢٠١٢ |
| ١٣٦ | ئەنفال گەردانەی بیابان | کۆمەڵە وتار | لەتیف فاتیح فەرەج | | ٢٠١٢ |
| ١٣٧ | دیدەڤانێ ئەنفال و کۆمکوژی و کیمیابارانان | دیدەڤان | ڕێکاریێ مزوری | | ٢٠١٢ |
| ١٣٨ | پرۆسەی ئەنفال و کیمیابارانی دۆڵی جافایەتی | لێکۆڵینەوە | ڕێبوار ئیبراهیم سلێمان | | ٢٠١٢ |
| ١٣٩ | شاهد على جريمة العصر | | عارف قورباني | | ٢٠١٢ |
| ١٤٠ | شاهد من عمق الصحراء | | عارف قورباني | محمود رمضان | ٢٠١٢ |
| ١٤١ | مێژووی جینۆسایدی گەلی کورد | | ڕێکاریێ مزوری | | ٢٠١٢ |
| ١٤٢ | ئەنفال جینۆسایدی گەلی کوردستان | لێکۆڵینەوە | سالار مەحموود | | ٢٠١٢ |
| ١٤٣ | لە ڕەهەندی مێژووییەوە بۆ ڕەهەندی یۆتۆپیایی ئەنفال | لێکۆڵینەوە | ڕێبوار سیوەیلی | | ٢٠١٢ |
| ١٤٤ | ئەو نامانەی بە فرمێسك نووسراون | نامە | ئا: لەتیف فاتیح فەرەج و ئاکۆ محەمەد شوانی | | ٢٠١٢ |
| ١٤٥ | ئەنفال خالَخالَان | ڕوودا و ئامار | مەلا شاخی | | ٢٠١٢ |
| ١٤٦ | ئەنفال ٢٥ لە ١٠ ڕەهەندەوە | دیداری ڕۆژنامەوانی/ ئەنفال | سەباح عەلی جاف | | ٢٠١٢ |
| ١٤٧ | جوگرافیایی کەلتووری ناوچەی جەباری | لێکۆڵینەوەیەکی جوگرافیایی کەلتوورییە. | کازم جەباری | | ٢٠١٢ |
| ١٤٨ | چیرۆکنامە | چیرۆك و بەسەرهاتی ڕاستەقینە | ئاکۆ محەمەد شوانی | | ٢٠١٢ |
| ١٤٩ | پەیڤستان | کۆگوتار | عەبدوڵلا سەراج | | ٢٠١٢ |





| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ١٥٠ | دیوانی لوتفی | شیعر | ئا: ئامادەکردنی: عوبید شێخ لەتیف بەرزنجی | | ٢٠١٢ |
| ١٥١ | ئاوێتە بوون ولێکدانەوە، شیعری (نالی)بەنموونە | لێکۆڵینەوە | ئەرخەوان محەمەد عوبێد | | ٢٠١٢ |
| ١٥٢ | خاکەڕۆیەك لە خەرمانی شاعیران | ژیاننامە | مەنسوور سالەیی | | ٢٠١٢ |
| ١٥٣ | لە لاپەڕەکانی دۆزی کوردەوە | ڕەتکردنەوە و ڕەخنەگرتن | ڕەفیق حیلمی | و: لە تورکیی عوسمانییەوە و ئامادەکردنی: ئەحمەد تاقانە | ٢٠١٢ |
| ١٥٤ | حقائق تسندها وثائق | وثائقي | سامان بابان | | ٢٠١٢ |
| ١٥٥ | هونەری کارلێکەری | | سوبحی ئەلشارۆنی | و: حەمید خالید کەریم | ٢٠١٢ |
| ١٥٦ | دوو لێکۆڵینەوەی ڕۆژنامەوانی | ڕۆژنامەوانی | ئەحمەد عارف | | ٢٠١٢ |
| ١٥٧ | Wahid An Eyewitness of Anfal Genocidal Crimes | documentary | Arif qurbany | | ٢٠١٢ |
| ١٥٨ | کوردەواری و لێکۆڵینەوەی گۆرانییە فۆلکلۆرییەکانی | فۆلکلۆر | هاشم کاکەیی | | ٢٠١٢ |
| ١٥٩ | ڤانکا و چەند چیرۆکێکی تر | وەرگێران | ئازاد نەجم | | ٢٠١٢ |
| ١٦٠ | گۆرانییەك بۆ چرۆکان | شیعر بۆ منالان | ستار ئەحمەد عەبدولرەحمان | | ٢٠١٢ |
| ١٦١ | دیوانی منداڵان | شیعر و چیرۆك بۆ منالان | لەتیف هەڵمەت | | ٢٠١٢ |
| ١٦٢ | دیبە و ژیلە | چیرۆك و هۆنراوە بۆ منالان | ئەسعەدی لورزادە | | ٢٠١٢ |
| ١٦٣ | خۆشترین وەرز | چیرۆك بۆ منداڵان | خالید عەبدل | | ٢٠١٢ |
| ١٦٤ | شوانە بچکۆلە | چیرۆك و هۆنراوە بۆ منداڵان | جەلیل حەمە سەعید ڕەشید نادر چۆلەکی | | ٢٠١٢ |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ١٦٥ | گلەیی ئاذار و باذار | شیعر بۆ منداڵان | عەتای مەلا ستار | | ٢٠١٣ |
| ١٦٦ | پەڵە هەورە سپییەکە | کۆمەڵە چیرۆک | ئامانج شاکەلی | | ٢٠١٣ |
| ١٦٧ | إزاء البحر | شعر | هشام القيسي | | ٢٠١٣ |
| ١٦٨ | سۆسیۆلۆژیای ئەدەب | لێکۆڵینەوەی رەخنەیی | د . ئازاد عەبدولحەمید کەریم | | ٢٠١٣ |
| ١٦٩ | سۆمەرییەکان رابردووی کوردن | لێکۆڵینەوەی مێژوویی | فەرمان هیدایەت | | ٢٠١٣ |
| ١٧٠ | الأنثوية الشعرية | | د. جليل البصري | | ٢٠١٣ |
| ١٧١ | بەهاری عەرەبی | سیاسی | ئەنوەر حسێن (بازگر) | | ٢٠١٣ |
| ١٧٢ | بين التراث والمعاصرة | | معتصم سالەیی | | ٢٠١٣ |
| ١٧٣ | سورەوەردی لە زادگایەکی کوردەوارییەوە بۆ جیهانییەتی فەلسەفە | لێکۆڵینەوەی ئەدەبی | سربەست کەرکوکی | | ٢٠١٣ |



© 2015 issuu pdf downloader. All right reserved. Privacy Policy